د. جەواد مەلا

# دەوڵەتی کوردی

## بۆچی گەلی کورد تا ئێستا نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێت؟

بڵاوکراوەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان – لەندەن 2009

# پێشکەشە بە

- رۆحی باوکم کە یەکەمین رۆڵی هەبوو لە ئاراستەی نەتەوایەتی کوردی مندا هەر لەسەرەتاوە
- رۆحی مامۆستای یەکەمم ئا پۆ ئوسمان سەبری سەرۆك و پەروەردکاری مەزن
- رۆحی دکتور محمد مەعشوق خەزنەوی کە موخابەراتی سوری کوشتیان کاتێك کە لە قامیشلی داوای سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد
- هەموو ئەو هاوبیرانەم کە هەمیشە و ئێستاش بەشداری خەباتم بوون بۆ دەوڵەتێکی کوردی
- گەلی کورد کە هەمیشە و ئێستاش هەرچی هەیەتی کردوە بەقوربانی لە پێناو دەوڵەتی کوردیدا
- ئەو سەرۆکە مەزنانەی گەلەکەمن کە بۆ ماوەییێکی دیاریکراو دەوڵەتی کوردییان راگەیاندوە
- مامۆستام جەمال نەبەز رابەری بیری نەتەوەیی رزگاریخوازی کورد
- سەرۆکی لیبیا سەرکردە موعەمەر قەددافی کە چەندین دەساڵە بانگەوازی دەوڵەتی کوردی دەکات
- پرۆفیسۆری ترکی ئیسماعیل بشکچی کە چەندین ساڵی لە زیندانەکانی ترکیادا بەسەربردوە لەسەر نووسینی "کوردستان کۆلۆنی نێودەوڵەتی"

من قەرزاری هەموویانم کە هان و توانایان داومەتێ بۆ دەرهێنانی ئەم پەڕتوکە، هەزاران سلاّویان لێبێت.

# ناواخن

## بەشی یەکەم

**ڕێکەوتنە کۆلۆنیالیەکەی سایکس – پیکۆ زەمینی کوردستانی بەشکرد**
**بەلام پارتە کوردیەکان کۆمەلگای کوردیان بەشکرد**

## بەشی دوەم

**جەنگی دەروونی داگیرکەرانی کوردستان دژی گەلی کورد هەمیشە و ئێستاش**
**گەورەترین کاریگەری هەبوە بۆ شکستی گەیشتن بە دەولەتی کوردی**

## بەشی سێهەم

**دوودلی لە بڕیاردان و نەزانی تەواوی ئەو ڕاستیە مێژوویە کە کوردستان نەك تەنیا لانەی گەلی کورد بوە بەلکو هەر لەسەرەتای مێژووەوە لانەی یەکەم و دوەمی مرۆڤایەتی بوە پێش و پاش تۆفانیش**

## بەشی چوارەم

**ڕاستی و ئاسەوارە مێژوییەکانی کورد سەرکوت و دەستکاریکراون،**
**کەچی نهێنیەکانی کورد ئاشکران**

## بەشی پێنجەم

**بەفیڕۆدانی توانا و وزەی کورد بەبێ هیچ خەباتێك بۆ دەولەتی کوردی**

## بەشی شەشەم

**ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان و ڕامیاری ئاسایشی نەتەوەیی کوردی**

# پێشەکی

لەبەر گرنگی بابەتی دەوڵەتی کوردی کە گەلی کورد و سەرۆکایەتیەکانی بۆ چەندین سەتە سەودای بوون و لەژێر فشاری زۆر رۆڵەی دڵسۆزی گەلی کورد کە بە هەندێك درێژی سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی بنوسم، هەرچەندە بەدرێژایی ژیانم تەوای گرنگیم داوە بە بابەتەکە و لەرێی دەیان کۆنگرە و خۆپیشاندان و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و رۆژنامەوانی، هەروەها لە کاتی چاوپێکەوتنم لەگەڵ چەندین سەرۆك دەوڵەتان و وەزیر و ئەندام پەرلەمان و کەسایەتی رامیاری و کۆمەلایەتی و زانستی گرنگ لە هەموو کونجی دنیادا کە هیچیان بەبێ باسی پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نەبوون و بابەتی چاوپێکەوتنەکان هەرچییەك بووبن هەمیشە بە وشەییەکیش بووبێت باسی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستانم کردوە.

لەساڵی 2008 دا پێنج بابەتم سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی بلاوکردەوە کە تیایدا باسی هۆی نەتوانینی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتم کردوە؟ من بێگومانم کە تاکو دەوڵەتی کوردی دروست نەبێت، بابەتی دەوڵەتی کوردی هەمیشە بە زیندوویی و بنەڕەتی لەژیانی گەلی کورددا دەمێنێتەوە و لەوانەشە تەنانەت پاش دامەزراندنیشی هەر بە زیندوویی و شەوقداری و بنەڕەتی دەمێنێتەوە تاکو پارێزگاری بکرێت و بەردەوامی مسۆگەر بێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرەنجامی پێگەیشتنی لایەنە نەتەوەیی و نیشتمانی و رامیاریەکانە کە پاش نزیکەی نیو سەتە ئەزموونی تایبەتی خۆم لەناو رێکخراوەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی هەموو پارچەکانی کوردستان ( پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا 1964-1969 و رێکخراوی کاژیك 1970-1975 و پاسۆك 1976-1984، هەروەها ئەزمونی زیندانیم لە زیندان و بەندیخانەکانی سوریا وەك بەندێکی رامیاری کورد لەساڵی 1967 و ئەزموونم وەك سەرکردەییێکی مەیدانی پێشمەرگایەتی لە باشووری کوردستان لە ساڵەکانی 1982-1984 و لە هەمووشیان تاڵتر ئەزموونم لە ولاتی بێگانە و دوور لە نیشتمان بۆ زیاتر لە چارەکە سەتەییێك کە زیاتر دڵنیایان کردم بەوەی کە هەر لە سەرەتاوە بڕوام پێیبوە ئەویش دەوڵەتی کوردیە.

لەسەر ئەم بنەڕەتە ئەزموونی خۆم سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی لەم پەڕتوکەدا پێشکەش دەکەم لە یەك بەرگدا سەرەڕای چەند نووسینێکی هاوتا بۆ پشتگیری و ئاسانکردنوەی تێگەیشتنی مەسەلەکانی دەوڵەتی کوردی و بۆچوونەکانم وەك دۆستە ناودارەکانی گەلی کورد و دەوڵەتی کوردی کە بە دڵسۆزی پشتگیری مافی گەلی کوردیان کردوە بۆ سەربەخۆیی وەك پرۆفیسۆری ترکی دکتۆر ئیسماعیل بشکچی کە سالانی درێژی ژیانی لە زیندانەکانی ترکیادا بەسەر بردوە لەسەر بەرگری لە گەلی کورد لە پەڕتوکی "کوردستان کۆلۆنی نێودەوڵەتی" و سەرۆکی لیبیا برای سەرکردە موعەمەر قەددافی کە زیاتر لە چارەکە سەدەییێکە داوای دەوڵەتی کوردی دەکات و نایابترین ئەو شتانەی لەم بارەیەوە وتویەتی وتارە مێژووییەکەی بەبۆنەی شەڕ دژی عراق بە ناوونیشانی: "کورد بەدەستی بەتاڵ لە ئاهەنگەکە دەرچوون". بەلام ئەوانەی کە خۆیان بە دۆستی گەلی کورد نیشان دەدەن لە گەلانی دراوسێ و لە میدیای بینراو و بیستراو و نوسراودا هەمیشە خۆیان هەڵدەنێن بەلام کاتێك هاتە سەر دەوڵەتی کوردی شپرزە دەبن و نکۆڵی دەکەن لەکاتێکدا باسی سەربەخۆیی شیشان و فەلەستین و بۆسنە و هرسك و موسوڵمانانی فلیپین و ئۆغرییەکانی چین و هتد دەکەن... کەچی نایەڵن گەلی کورد مافی دەوڵەتی خۆی هەبێت و بەشێوەییێکیش، وا لەگەلی کورد دەگەیێنن کە داواکردنی دەوڵەتی کوردی شێوەییێکە لەشێوەکانی توندڕەوی نەتەوایەتی و چەندین شێوەی تری تۆمەت، کە ئەگەر ئەو تۆمەتانە راستبن هەموو گەلانی جیهان پێش ئێمە توندڕەوبوون چونکە هەموویان دەوڵەتی خۆیان هەیە!!!

لەوانەیە ئەگەر گەلی کورد لە دەوڵەتێکی وەك سوید و نەرویج و دی بوایە کە رێزی مرۆڤ و مافەکانی بگرتایە ئەوا کەس بیری لە دەوڵەتی کوردی نەدەکردەوە، بەلام کورد لەناو چەند دەوڵەتێکی دواکەوتوو لەڕووی ئاوەدانیەوە دەژی کە هیچ بەهاییێك بۆ مرۆڤ دانانێن و هیچ مافێکی کوردیش لەو سایەیەدا بەردەوام نابێت، چونکە ئەوان هیچ مافێکی مرۆڤایەتی و دیموکراتی بەگەلانی خۆیان نادەن کە بەناویانەوە فەرمانڕەوایی دەکەن، ئیدی چۆن مافی نەتەوایەتی بە گەلێکی دی دەدەن... هەرچەندە گەلی کورد چەندین

هێمای ڕەسەنایەتی و ڕەوشتی بەرزی هەیە بەڵام هەندێك خاڵی لاوزی هەیە کە بوونەتە هۆی ڕاستەوخۆی نەبوونی دەوڵەتی کوردی. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە ڕامیاری نێودەوڵەتی دەستی نەبوە لە نەهێشتنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، بەڵکو دەستی باڵای هەبوە لە فشارهێنانی ئەو دەوڵەتە کوردیانەی کە گەلی کورد هەرکاتێ هەلی بۆ ڕەخسابێت، لە زەمانی جیاوازدا دای مەزراندوون وەك: پاشایەتی باشوری کوردستان 1919-1924 کە پاشاکەی شێخ مەحمودی حەفید ئاوارەی هندوستان کرا و حکومەتی کوردی بەڕابەری ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا لە کۆی ئارارات 1927-1930 کە چەندین دەوڵەت گەمارۆیاندا و کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتی قازی محمد لە 1946 کە بە ئارەزووی خۆی چوو بۆ تاران و لەجیاتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی کورد لەسێدارەدرا، ئەمەش تاکە ڕێگایە کە داگیرکەرانی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەکاریانهێناوە.

ڕامیاری نێودەوڵەتی دژی دامەزراندی دەوڵەتی کوردیە و هەموو دەوڵەتێکی کوردی بە تۆمەت و بیانووی جیاوازخوازی پێشێل دەکات، هەرچەندە گەلی کورد بە زمان و ڕەگەز و مێژوو و ڕەوشت و نەریت... هتد جیاوازە لەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان داگیرکردوە کەچی ڕامیاری نێودەوڵەتی 35 سوپای ئامادەکرد بۆ ڕزگارکردنی کوەیت لە داگیرکاری عراق لە 1991 لەکاتێکدا عراق و کوەیت بە زەمین و زمان و ئاینین هیچ جیاوازیێکی بنەڕەتییان نیە و تەنانەت زاراوەی کوەیتی لە زاراوەی خەڵکی بەسرەی عراقی جیاوازنیە..

هەروەها ڕامیاری نێودەوڵەتی لەساڵی 2008 ناوچەی شاخی ڕەش "مۆنتینیگرۆ"ی لە پاشماوەی یۆگۆسلاڤیا و پایتەختی بێلگراد جیاکردەوە، لەکاتێکدا کە زمان و ئایینی خەڵکی شاخی ڕەش هەمان زمان و ئایینی خەڵکی بێلگرادە. بەواتاییێکی دی ڕامیاری نێودەوڵەتی یەك گەل دەکات بە چەند دەوڵەتێك، کەچی گەلانی جیاواز ناچار دەکات کە لەیەك وڵاتی دەستکردا بژین، بەواتاییێکی دیکەش ڕامیاری نێودەوڵەتی ئاگری گیروگرفت و دوژمنایەتی لەنێوان گەلاندا تیژتر دەکات چونکە بەشێوەییێکی ناڕاستەوخۆ ئەم گیروگرفتانە لەبەرژەوەندی ڕامیاری نێودەوڵەتیدان و گەلان بەردەوام پێویستییان بەم ڕامیاریە دەبێت چونکە وادەزانن کە گیروگرفتەکانیان چارەدەکات کەچی ڕامیاری نێودەوڵەتی زیاتر لەوە ئاڵۆزیان دەکات.

## کەی دەوڵەتی کوردی دروست دەبێت؟

پێش 100 ساڵ لە پەڕتووکی "دەوڵەتی جو"دا، دامەزرێنەری بزووتنەوەی زایۆنیزم، هێرتزل نووسیویەتی، دەوڵەتی جو لەماوەی 50 ساڵدا دروست دەبێت و بەڕاستیش پاش 50 ساڵی ڕێك دەوڵەتی جو دروست بوو، بەڵام من لەم پەڕتووکەمدا دەڵێم کە دەوڵەتی کوردی هەرگیز دروستنابێت هەتاکو بیری کۆیلەییێتی و پاشکۆخوازی کۆنترۆلی پارت و ڕێکخراوە کوردیەکان بکات و ئەرکێکی گرانە چونکە ڕامیاری کۆیلەییێتی و تامچێژی پاشکۆخوازی فەلسەفە و بیردۆزی خۆی هەیە و هەزاران کادری پارتەکان هەن کە دژی بیری سەربەخۆیی کوردستانن و بە داهێنانی زاراوەی ناسکی وەك مافی دیموکراتی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ناسێنتراڵی و فیدراڵی و هتد پاکانەدەکەن بۆ باری کۆیلەییێتی و داگیرکراوی کە هەموویان مافی کورد لەچوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتانەدا دەبینن کە کوردستانیان داگیرکردوە و هەمووشیان لە نەشتەرگەرییێکی سەرنەکوتوو و ماکیاژێکی ئاشکرا بەدەرنین کە گەلی کوردی پێ قایل دەکەن و ئەگەر ڕامیاری کۆیلەییێتی و پاشکۆخوازی لابچێت ئەوکاتە بێگومان دەوڵەتی کوردی دروستدەبێت و دەتوانین باسی بکەین.

د. جەواد مەلا

سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان

لەندەن 1 – 9 – 2009

# بەشی یەکەم

## ڕێکەوتنە کۆڵۆنیاڵیەکەی سایکس – پیکۆ زەمینی کوردستانی بەشکرد

## بەلاّم پارتە کوردیەکان کۆمەڵگای کوردیان بەشکرد

چەندین سەتەیە گەلی کورد لە کوردستان دوچاری خەباتە بۆ مانەوە و ژیانێکی ئابڕوودار لە پێناوی ئازادییێکی لایەن نەتەوەیی و مرۆڤایەتی و ئاوەدانی و بەرگریکردنی داگیرکاری و دا پڵۆسین تەنانەت ژیانی مرۆڤی کورد خەریکبوو بگاتە ژیانی کۆیلەیێتی و بگرە کەمتریش چونکە بە کۆیلە دەڵێن کۆیلە کەچی کورد لە نیشتمانی خۆی، کوردستان، بێبەشە لە نازناوی کوردی و تەنانەت پاش ئازادکردنی باشووری کوردستانیش لە دیکتاتۆریەتی بەعس، گەلی کورد لەوێ شوناسنامەییێکی نیە کە بڵێ ئەم مرۆڤە کوردە و لە پاسپۆرتی عراقیدا کە پاش رزگارکردنی عراق لە سلێمانی و هەولێر دەردەچێت نووسراوە کە هەڵگری ئەم پاسپۆرتە عراقیە و تەنانەت ناشڵێت کە عراق کۆمارێکی فیدراڵە، سەگ و پشیلەی بریتانیاش میتاڵێك دەکرێتە ملیان کە نووسراوە ئەمە سەگە یا پشیلەیە کەچی کورد هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی سەگ و پشیلە.

ئەم دۆخە پاش لیکۆڵینەوەییێکی قوڵی کۆمەڵگای کورد لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە دروستکراوە، تاکو گەلی کورد نەتوانێ داوای مافی دروستکردنی دەوڵەتی خۆی بکات و هەموو توانا و وزەی خۆی بە کێشەی لاوەکی بەفیڕۆبدات وەك: زۆرترین کاتی 20 ملیۆن کوردی باکوری کوردستان لەسەر مەسەلەی ئازادکردنی بەڕێز عەبدولاّ ئۆچلانە لە زیندان و لەوانەشە پاش مردنیشی دوای تەمەنێکی درێژ ئەم بەزمە هەر بەردەوام بێت، هەروەها زۆرترین کاتی گەلی کوردی رۆژاوای کوردستان بە گێڕانەوەی شوناسنامەی سوریەوە خەریکە بۆ ئەو کوردانەی کە نیوسەتەیە لێیان زەوتکراوە و لەوانەشە نیوسەتەی دیش هەروا بمێنێت، زۆرترین کاتی گەلی کوردی باشوری کوردستانیش بە مادەی 140 ی دەستوری عراقەوە بەفیڕۆ دەدرێت و گەلی کوردی رۆژهەلاّتی کوردستانیش زۆربەی کاتی بۆ رووخانی مەحمود ئەحمەدی نەژاد و داواکردنی سەرۆکێکی دی بەفیڕۆ دەدرێت کە لەوانەیە سەرۆکی نوێ لەوەی پێشوو دیکتاتۆری تریش بێت. ڕاستیەکەی ئەمە هەمووی پلانی باش بیرلێکراوی ئەو دەوڵەتانەیە کە کوردستانیان داگیرکردوە و پارت و ڕێکخراوە کوردیەکان جێبەجێیاندەکەن تاکو گەلی کورد لە ئامانجی سەرەکی خۆی دوورخەنەوە کە ئازادکردنی کوردستانە نەك ئۆچەلاّن، داوای شوناسنامەی کوردیە نەك سوری، و جێبەجێکردنی مادەی 64 ی بڕوانامەی سیڤەرە نەك مادەی 140ی دەستوری عراقی و دواییش کارکردنە بۆ ئەوەی گەلی کورد فەرمانڕەوایی کوردستان بکات نەك مەحمود ئەحمەدی نەژاد یان هەرکەسی دی، بەفیڕۆدانی وزەی کورد بەم شێوانە سەرەنجامێکی کارەساتانەی بۆ دوارۆژی گەلی کورد و ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت، چونکە کات بەفیڕۆدان بەم کارانە وادەکات کە کورد هەتاهەتایە لە جێگای خۆی راوح بکات.

راستە کە رامیاری نێودەوڵەتی و رامیاری ناوچەیی و بەتاییەت رامیاری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەمیشە و ئێستاش دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردین، بەلاّم لەگەڵ ئەم هەموو دوژمنایەتیەی دژ بە دەوڵەتی کوردی هێشتا خەبات هەر بەردەوامە هەرچەند بە هەوراز و نشێویدا تێپەڕبێت، ئەو خەباتەش وەك شۆڕشە مەزنەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان هەموویان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا بوە وەك بۆ نموونە: شۆڕشەکانی میرنشینی بابان و شۆڕشی میرنشینی سۆران، شۆڕشی میرنشینی بادینان، شۆڕشی میرنشینی بۆتان، شۆڕشی شێخ عوبەیدوللاّی نەهری، شۆڕشی ئیسماعیل خانی شکاك، شۆڕشی ئیبراهیم پاشای میللی، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی عەشیرەتی مردیسیان، شۆڕشەکانی بارزان و هتد... هەندێك لەم شۆڕش و ڕا پەڕینانە توانییان کە دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێمیکی کوردستاندا دامەزرێنن کە هەندێکیان وەك شانشینی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی پاشای کوردستان شێخ مەحمودی حەفید 1919 – 1924 و وەك حکومەتی کوردی کە پارتی خۆییون لە شۆڕشەکەی

باكورى كوردستان بەسەرۆكايەتى جەنەراڵ ئيحسان نورى پاشا 1927-1930 دا يمەزراند و وەك كۆمارى رۆژهەلاَتى كوردستان كە سەركۆمارى كوردستان قازى محمد لە 1946 دا بانگەوازى كرد.

ئەم دەوڵەت و شانشين و كۆمارانە لەگەڵ هەموو شكست و وەرگەڕانێكياندا هەميشە و ئێستاش مەشخەڵى رووناكى بوون بۆ شۆڕشگێڕانى كوردستان.

بەلاَم ئەوە نيو سەتەيە لەگەڵ دامەزراندنى بيرى پارتى ديموكراتى كوردستان و بلاَوبوونەوەى خێراى لە هەموو بەشەكانى كوردستاندا هەروەك كە ئەم بلاَوبوونەوەيە بە پشتيوانى چەند دەوڵەت و حكومەتێك بووبێت هەروەك بلاَوبوونەوەى خێراى ئالاَى زەرد و سەوز پاش 1992 و هەر لەسەرەتاوە پارتى ديموكراتى كوردستان بيرۆكەكانى ماركسى لينينيان گرتەخۆ كە رۆڵى شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆك خێڵ و پياوماقولاَنى گوند و شارە كورديەكانيان پشتگوێ دەخست تەنها بەهۆى ئەوەى كە دەوڵەمەندن و پشتگرتن بە زەحمەتكێش و پرۆليتاريا تەنها بەهۆى هەژارييان بە پێى دەقەكانى تيۆرى ماركسى... لەراستيشدا ئەوكاتە لە كوردستان نە ئەو بورژوايە و نە ئەو پرۆليتاريايە هەبوون كە لێنين باسيكردبوون و تەنيا مەبەست ئەوە بوو كە كۆمەڵگاى كورد هەڵەوگێڕبكەن و ئالۆزييێكى واى تێدا دروستبكەن كە نەيێڵن شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆك خێڵ سەركردايەتى شۆڕشى كورد بكەن چونكە هەموو شۆڕشە كورديەكان كە بە فەرماندەى شێخ و مەلا و ئاغا و سەرۆك خێڵ بوون مەبەستيان دامەزراندنى دەوڵەتى كوردى بوو. بۆ گەيشتن بەم ئامانجە ناپيرۆزەى پارتە كورديەكان تاكو نەخۆشى بخەنە كۆمەڵى كوردەوارى تيۆريە ميكاڤيليەكانيان بەكارهێنا كە دەڵێن: ئەگەر ويستت گەلێك وێران بكەيت باشەكان و پياوماقوڵەكانيان نابووت بكە يان هيچ نەبێت پشتگوێيان بخە و كەسانى وا بهێنە كە هيچ رۆڵێكى جياوازيان لە سەركردايەتى و بەڕێوەبەرايەتى بنياتنانى كۆمەڵ و مێژووەكەيدا نەبێت و بيانخەيتە جێگاى پياوماقولاَن. بۆ نموونە هەر لەسەرەتاى دامەزراندنيەوە لە ساڵى 1946 لە شارى سلێمانى، ئامانجى پارتى ديموكراتى كوردستان لە عراقدا بلاَوكردنەوەى پروپاگەندە و بوختان بوو دژى شێخ مەحمودى حەفيدى پاشاى كوردستان و ناوناتۆرەى دواكەوتوخواز و پاشكەوتوويان پێوەلكان... چونكە نەيويست تەوقە لەگەڵ نوێنەرى بالاَى بريتانيا بكات و ئەمەش گەورەترين كارى كرد بۆ دۆڕانى دەوڵەتەكەى كورد و قسەى پڕوپووچى دى كە لەراستيدا هەمووى بە پێچەوانەوە بوو، كاتێ شێخ مەحمودى حەفيد بانگەوازى شانشينى كوردستانى كرد لەژێر بۆمبارانى فرۆكەى بريتانيدا بوو، بەلاَم ئەوانەى كە ئەو پروپاگەندە درۆيانەيان دەكرد ئێستا خۆيان لەژێر سەرپەرشتى فرۆكەى بريتانى و ئەمێريكاييدان و ناشوێرن بانگەوازى دەوڵەتى باشورى كوردستان بكەن وەك ئەوەى كە شێخ مەحمودى نەمر پێش سەت ساڵ بانگەوازى كرد، كەواتە كێ دواكەوتوە!!!

هەروەها پارتى ديموكراتى كوردستان لە ئێران كاتێ شۆڕشى رۆژهەلاَتى كوردستانى داگيرساند و پاش شۆڕشەكەى خومەينى يەكەم كەس كە گرتيان و تەسليمى حكومەتى بەغدايان كرد (كورى رەش) على قازى تاكە كوڕى قازى محمدى سەركۆمارى كوردستان بوو.

هەروا لە سوريا و تركيا پارتى ديموكراتى كوردستان رۆڵى نەجيبزادەكانى كورديان خستە لاوە، تاكو ئەگەر هەلێكى نێودەوڵەتى هەڵكەوێت نەتوانن سەركردايەتى گەلى كورد بكەن و وەك جاران بانگەوازى دەوڵەتى كوردى بكەن و بەوجۆرە سەركردايەتى گەلى كورد بكەوێتە دەست پارتى ديموكراتى كوردستان و پارت و رێكخراوەكانى دروستكراوى ئەو كە بە پێى ئەو رۆڵەى كە لە ديمەشق و بەغدا و ئەنقەرە و تاران بۆيان دانراوە هەمو شۆڕش و راپەڕينێك سەركوتدەكەن كە بەرەو دامەزراندنى دەوڵەتى كوردى هەنگاوبنێت، نموونەى زۆريش لەسەر ئەمە هەيە كە لێرەدا هەندێكيان بە نموونە دێنمەوە:

زۆرجار هەندێك ئازاديخوازى كوردستان تۆمەتى ناپاكييان خستوەتە پاڵ راميارى پارت و رێكخراوە كورديەكان لەبەر هەڵسوكەوت و هاوپەيمانييان لەگەڵ يەكێك لە داگيركەرەكانى كوردستان و دوژمنايەتييان لەگەڵ يەكێكى دى و سەرەنجامى ئەو رامياريەش كە شەڕى ناوخۆى كورد دژى كورد بوە و باشترين كادرى راميارى و سەربازى گەلى كورد لەناوچوە تاكو دەوڵەتانى داگيركەرى كوردستان دڵخۆش بن و هەريەكێك لەو حزب و رێكخراوە كوردانەى لە هەموو بەشەكانى كوردستاندا هەن هاوپەيمانەكەيان لە هاوپەيمانى

ئەوانەی بەشەکانی دی هەر بە شێوە جیاوازبوون و لە ناوەڕۆکدا هاوپەیمانەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بوون کە گروپێکیان دژی ئەوی دی هاندەدا.

پارت و ڕێکخراوە کوردەکان هەرگیز لێپرسینەوەیان لەگەڵ جاش و ناپاکەکانی گەلی کورد نەکردوە لەسەر تاوانەکانیان بەتایبەتی ڕێگرتن لە شۆڕشەکانی کورد و لەوەش زیاتر فەرمانی لێخۆشبوونیان بۆ دەرکردون و ئەو ناپاکانەیان لەبەرزترین پلە داناوە و پارەی خانەنشینیان چەندبار لەوەی پێشمەرگەکان زیاترە.

هەرکاتێکیش هەلی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد رەخسابێت، پارت و ڕێکخراوە کوردەکان شەڕی ناوخۆیان دروستکردوە کە نەوەستاوە تاکو هەلەکە تەواو نەبوویێت، لە شەستەکاندا بۆ نموونە عراق لاواز بوو و نە چەکی کیمیاوی و نەچەکی پێشکەوتووی دی هەبوو بەلام شەڕی کورد بەکورد لەگەرمەدا بوو هەتا شۆڕشی کورد کەوتە داوی بەیاننامەی ئاداری 1970 کە تەنیا ئامانجی قڕانی شۆڕشەکە بوو و لەگەڵ بەیاننامەی ئاداردا شەڕی ناوخۆ بەتەواوەتی وەستا چونکە ئیدی شۆڕشەکە کەوتبوە داوەوە و پێویستی بە شەڕی ناوخۆ نەدەکرد.

هەلێکی دی بۆ سەربەخۆیی پاش هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عراق لە 1980 رەخسا کە 8 ساڵی خایاند و لەجیاتی سوودوەرگرتن لە شەڕی نێوان وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، پارتەکان شەڕی ناوخۆی کورد بەکوردیان دروستکرد و رایاننەوەستاند تاکو شەڕی عراق و ئێران تەواو نەبوو کە یەکسەر پارتە کوردەکان لەدایکبوونی بەرەی کوردستانییان راگەیاند کە دەبوایە لەسەرەتای شەڕی عراق و ئێراندا بوایە نەك لە کۆتاییدا.

ئەوجا هەلی راپەڕینەکەی 1991 و کۆچڕەوی ملیۆنەها کورد بۆ دەرەوەی سنوورەکانی سایکس پیکۆ و سنووری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەگەڵ هاوسۆزییێکی نێودەوڵەتی بێپایاندا و لەجیاتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی سەرکردەکانی کورد چوونە بەغدا و تاوانبار سەددام حوسێنیان ماچکرد و بەمەش هاوسۆزی نێودەوڵەتی لەگەڵ گەلی کورد تەپی و گەیشتە پلەی سفر، بەتایبەتی کە نوێنەرانی گەلی کورد لەسەر کەناڵە تەلەفزیۆنیە جیهانیەکان لەکاتی کۆچڕەوی ملیۆنی کورددا لێیان دەپرسین کە گەلی کورد چی دەوێت وەلامی لێپرسراوی کورد ئەوەبوو: بەتانیمان دەوێت... هەموو جیهان بەوردی تەماشای هەواڵی کارەساتی کوردیان دەکرد کەچی پارتە کوردەکان وایان لە جیهان دەگەیاند کە ئێمە بەتانی دەخوازین!! و ملیۆنەها کورد شار و گوندی خۆیان جێهێشتوە بۆ بەتانی!!! لەگەڵ ئەوەی کە هەژارترین کورد دەیان بەتانی لە ماڵەکەیدا هەیە و بەداخەوە راستی کارەساتەکە بە جیهان رانەگەیێندرا کە کێشەی گەلێکی دەوڵەت لێزەوتکراوە نەك کێشەی بەتانی، بەڵکو هەندێکیش هەوڵیاندا کە کێشەکە بخنکێنن هەروەك هەندێك پارتی کوردی هەوڵی خنکاندنی راپەڕینی مەزنی کوردیان کرد لە ئاداری 2004، وە تائێستاش کەسانی وا هەن کە هەمان ناوەکانی رژێمی سوریبیان بەکاردەهێنا بۆی وەك: گەرەلاوژێ و رووداوی داخاوەر و وروژان و ناوی دی کە زۆر دوورن لە راستی ئەوەی کە راپەڕینە...

هەلی ئەمڕۆش کە ئەوە 16 ساڵە بەردەوامە بەلام پارتە کوردەکان شەڕی ناوخۆی براکوژییان دروستکرد تاکو گەلی کورد هەلی راگەیاندنی دەوڵەتی خۆی بدۆڕێنێت و تەنیا پاش فشاری هێزەکانی هاوپەیمان شەڕبەستیان راگەیاند و ئالای زەرد و سەوزی سەر بە پارتەکانیان داگرت و بەزۆر حکومەتی سلێمانی و هەولێریان یەکخست و بەزۆر شەڕیان پێڕاگرتن کەچی تا ئەمڕۆش پارتەکان بە نیەتی پاکەوە ئەم رێگەیەیان نەگرتوە و ئالای عراق لە پاڵ ئالای کوردستاندا بەرزدەکەنەوە و کاتێ دەبینن کە ئالای کوردستان و سرودی نەتەوەیی کورد پلەی یەکەمیان لە کۆمەڵی کوردەواریدا گرتوە، هەندێك پارت خەریکن رێکخراو پێکدێنن بۆ گۆڕینی ئالای کوردستان و سرودی نەتەوەیی کورد و ئەوە لەبیردەکەن کە ئەم ئالایە پیرۆزە و ئالای سلێمانی یا هەولێر نیە و ئالای کوردستانی گەورەیە و هەموو شۆڕشەکانی گشت ناوچەکانی کوردستان بەرزیانکردوەتەوە و گەلی کورد چەندین کاروانی شەهیدان و رووباری خوێنی گەشی لەسەر بەرزکردنەوەی ئەو ئالایەی داناوە.

راستە ئەمڕۆ شەڕی چەکداری براکوژی نیە بەڵام شەڕی ناوخۆ هەر بەردەوامە بە پروپاگەندە دژی یەکدی و پروپاگەندەی درۆش لە شەڕی چەکداری خراپترە. تائێستاش گرنگترین وەزارەتەکانی حکومەتی کوردستان کە وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ و داراییین، یەکنین و تا ئێستاش ئەم وەزارەتانە لە سلێمانی هەن و بە هەمان ناو لە هەولێریش کە ئەم دابەشە خۆی لەخۆیدا لە شەڕی براکوژی خراپترە، چونکە کۆمەڵگای کوردەواری دابەشکردوە بۆ نمونە: مۆبایەلی سلێمانی دەتوانێ بەهەموو دونیا پەیوەندی بکا جگە لە هەولێر و مۆبایەلی هەولێر دەتوانێ بەهەموو دوینا پەیوەندی بکا جگە لە سلێمانی!!! و ئاسایشی سلێمانی 90٪ ی بودجەی خۆی بۆ سیخوڕی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی هەولێر بەکاردەهێنێت هەروەك چۆن ئاسایشی هەولێر 90٪ بودجەی خۆی بۆ سیخوڕی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی بەکاردەهێنێت!!!

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا من ناتوانم تۆمەتی ناپاکی بخەمە پاڵ پارت و ڕێکخراوە کوردەکان چونکە ئەوان زۆر بەدڵسۆزی ئەرکی سەرشانی خۆیان و فەرمانەکان جێبەجێدەکەن کە گەورەترین دڵسۆزیە بۆ ئەو بیروباوەڕانەی کە نیوسەتە زیاترە بۆیان داڕێژراوە تاکو گەلی کورد بەو دروشم و پرینسیپانە خەریکبکەن و دوری بخەنەوە لە ئامانجە پیرۆزەکەی کە پێکهێنانی دەوڵەتی خۆیەتی چونکە گشت شالاوێکی سەربازی نوشوستی هێناوە لە کوژاندنەوەی شۆڕشە کوردیەکان و هەرواش هەموو بیروباوەڕی ئینتەرناسیۆناڵی مارکسی و ئیسلامی نوشوستی هێناوە لە دوورخستنەوەی گەلی کورد لە ئامانجە نەتەوەییەکانی بۆ سەربەخۆیی، بۆیە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان پەنایان بردە بەر قوتابخانەی پارت و ڕێکخراوە کوردیەکان کە داوای مافی کورد و کوردستان تەنیا لەیەك هەرێمی کوردستاندا و لەچوارچێوەی سنووری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا دەکەن. بۆ ئاسانکردنەوەی لێکۆڵینەوەش کورتەی بیروباوەڕی قوتابخانەی پارت و ڕێکخراوە کوردەکان لەم خالآنەدا پیشاندەدەم:

1. پەرتکردنی تواناکانی گەلی کورد کە لە 40 ملیۆن زیاترن بۆ چەند بەش و گرۆیەك بەپێی نەخشەی بڕوانامەی سایکس-پیکۆی کۆلۆنیالی کە کتومت ئەوەیە کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەیانەوێت.
2. دان پێنان بەم بەشکردنە و خەباتکردن لەسەر ئەو بنەڕەتە کە بەشێوەییێکی ئۆتۆماتیك پارت و ڕێکخراوە کوردەکان دەخاتە رۆڵبینین لە رامیاری ناوچەیی و خولانەوە بەدەوری یەکێك لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا.
3. هەردوو رامیاری ناوچەیی و نێودەوڵەتی ململانێی دەستڕۆیشتن و گرۆی هاوپەیمان و دوژمنیان هەر لە زەمانی ئیمپراتۆریەتەکانەوە لە ناوچەکەدا هەیە و تا خوا ئەزانێش بەشێوەییێکی بێکۆتایی هەر بەردەوام دەبێت و پارت و ڕێکخراوە کوردەکانیش ئەمە دەزانن و خۆیان دەخەنە ئەو گێژاوەوە تاکو پارە بۆ پارتەکەیان پەیداکەن و گەلی کورد لە ئامانجی رزگاری کوردستان بپەشۆکێنن. ئەگینا بۆچی هەریەکەیان دژی ئەوی دی دەجەنگێت و یەکێکیان پاڵ بە عراق و ئەوی دی بە ئێران دەدات و پاش ماوەییێکیش دادەنیشن لەسەر یەك مێز و هیچیان بەوی دی ناڵێ ناپاك یان لێیپرسێتەوە لەسەر کوشتنی هەزاران لە رۆڵەکانی گەلی کورد لە ململانێی نێوانیاندا و کەسیان لەوی دی ناپرسێتەوە چونکە گشتیان وەك یەکن و گشتیان هەوڵدەدەن کە رۆڵیان لە رامیاری ناوچەی ئێران و عراق یا ولآتانی دیدا هەبێت.
4. ئەو ولآتانەی کە قورساییان لە رامیاری ناوچەییدا هەیە ولآتانی داگیرکەری کوردستانن بۆیە پارت و ڕێکخراوە کوردەکان بەدەوریاندا دەخولێنەوە و هیچ پەیوەندییێکیان بە کاری رزگاری کوردستانەوە نەماوە و بەکارهێنانی وشەی کورد و کوردستان لە پەیڕەو و بلآوکراوەکانیاندا تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی ساویلکەکانی گەلی کوردە بەو پێیە پارت و ڕێکخراوە کوردەکان لە عراق هێز و توانای مەزنی گەلی کورد بەکاردەهێنن تاکو جێی خۆیان لە رامیاری ناوچەیی و بەتایبەتیش رامیاری عراقیدا بکەنەوە.
5. ئەگەر ڕێککەوت و مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان سەپێندرا بەسەر پارت و ڕێکخراوە کوردەکاندا ئەوا ڕەتیدەکەنەوە هەروەك چەندین ساڵە پیشەیانە، ئەوەش لەبەر ناپاکییان نیە بەڵکو دڵسۆزیە بۆ پرینسیپەکانیان کە بەشێك بن لە رامیاری ناوچەیی، لەم بارەیەوە وتەییێکی بەهەشتی خالۆ عوسمان سەبریم بیردەکەوێتەوە کە پێش 40 ساڵ پێی وتم:

سەرکردە کوردییەکان نایانەوێت دەوڵەتی کوردی دامەزرێنن، بەڵام رۆژێك دێت کە یەکێك لە وڵاتە گەورەکانی جیهان دێت و بە تێلاً لەسەریان دەدات و پێیان دەڵێت بانگەوازی دەوڵەتی کوردی خۆتان بکەن.

6. من وابزانم ئەگەر شەیتان نەبوایە رادەی سەردانی کڵێسا و مزگەوت و پەرستگاکان زۆر کەمتر دەبوو لەوەی کە ئەمڕۆ هەیە چونکە پیاوانی ئایینی خەڵك بەوە دەترسێنن کە ئەگەر گوێ بۆ وتەکانی یەزدان نەگرن ئەوە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی شەیتان کە بەرەو جەهەننەمیان دەبات، رۆژاواش هەر بەو شێوەیە هەمان چەك بەکاردەهێنێت بە ترساندنی خەڵکی دونیا لە شەیتانەکەیان کە ماوەیێك کۆمۆنیست بوو پاش ئەوەی کە نازی بوو و کە هیچیشیان بۆ نەمایەوە چیرۆکێکی دی شەیتانیان دروستکرد وەك بن لادن، خومەینی یان سەددام حسێن... پارت و رێکخراوە کوردەکانیش هەمان چەك بەکاردەهێنن کە داوای دەوڵەتی کوردی ناکەن چونکە شەیتانەکەیان لەکیسدەچێت کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانن و گەلی کوردیان پێدەترسێنن، ئەگەر گەلی کورد دەوڵەتی خۆی دامەزراند ئەوا ترسی لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان نامێنێت و ئەوسا بە سەرکردایەتی ئەو جۆرە پارتانە قایلنابێت.

ئەمڕۆ پاش نیوسەتە دڵسۆزی ئاشکرا بۆ سوریا و عراق و ترکیا و ئێران و داواکردنی مافی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا کە ئەمە خۆی لەخۆیدا داواکارییێکی بنچینەیی ئەو وڵاتانەشە بۆ پاراستنی سنووری رامیاری خۆیان. بەڵێ، ئەوەتا دوای نیو سەتە لەم دڵسۆزیە تێبینی دەکەم کە دەستگاکانی بڵاوکردنەوەی عەرەبی ئەمڕۆ زۆر زیاتر لەجاران هێرش دەبەنە سەر گەلی کورد و سەرەڕای هێز و کۆمەکی فاڵشیڤی کورد لە عراقی ئەمڕۆدا کە وابەستە بە بوونی هێزەکانی هاوپەیمانەوە و بێگومان ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمان لە عراق دەرچوون دۆخی کورد نەك هەر سفر بەڵکو بۆ ژێر سفریش دەگەڕێتەوە.

کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمان بەستراوە بە سەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمێریکا ساڵێکی دی و ئەوسا هەرەسهێنانی کورد لە هەرەسەکەی 1975 خراپتر دەبێت.

من ئەمە دەڵێم چونکە من دڵنیام کە ئەم هەرەسهێنانە بەبێگومان روودەدات تەنانەت بێ هەڵبژاردنەکانی ئەمێریکاش چونکە قەبارەیێکی وەك ئەوەی باشوری کوردستان ناتوانێ خۆی بپارێزێت چونکە لەسەر هێزی جاش و موستەشارەکانی سەددام حوسێن و کۆمەڵێك نێونەتەوەخواز کە لایان گرنگ نیە ئەگەر گەلی کورد سەر بە بەغدا یان سەر بە کوبا بێت... بێگومان لەوانەیە ئەوانە باشترین ئەو کەسانەبێت کە حکومەتی کوردستان لەسەریان راوەستاوە هەر بۆیە پەروەردەی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی کورد نە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا و نە لە دەزگاکانی راگەیاندن و نە لە رامیاری گشتی حکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا جێگایان نیە و بە پێچەوانەوە لەسەر تەلەفزیۆنی کوردی جاشەکان بە هەڵەوگێڕاوی دەڕۆن و جاشەکەر دەخرێت پشت عەرەبانەکەوە، ئەمەش چەند نموونەیێکە:

1. رادەی 80٪ لە کاتی تەلەفزیۆنی کوردی بۆ دانس و گۆرانی و موزیك بەکاردێت و ئەو پاشماوەکەشی بۆ ستایشی ئەم پارت و ئەو پارت بەکاردەهێنرێت، وەك ئەوەی گیروگرفتەکانی گەل کورد هەمووی چارەسەرکرابێت و هیچمان نەمابێ جگە لە دانس.
2. چەندین جار ژمارەیێك لە رۆشنبیرانی کورد وتویانە کە ئەمێریکاییەکانیش دووچاری شەڕی سیڤیل واتە شەڕی ناوخۆ بوون و بەمەش دەخوازن پاکانە بۆ شەڕی براکوژی کورد بە کورد بکەن.
3. هەندێکیش دەڵێن گوایا ئەمێریکاییەکان بەچەکی کیمیاوی ڤێێتنامیان بوردومان کرد و ئەمەش خۆی لەخۆیدا پاکانە و بچووککردنەوەییێکە بۆ قەبارەی کارەساتی هەڵەبجە و شارە کوردییەکانی دی کە بە چەکی کیمیاوی عراقی بوردومان کران.
4. هەندێك جار مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان زۆر بە گاڵتەجاڕی و پێکەنینەوە باسدەکرێت و ئەگەر بە بەڕاستیش باسی بکرێت رۆشنبیری کورد یەك سەعات باسی مافی تەواوی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی ئەکات، بەڵام لەکۆتاییدا دەڵێت: (بەڵام) و ئەوجا سەعاتێکی دی باسی چەندین دۆخی نادروست دەکات کە ئەم داواکارییە ناڕیالیستانەیە و چەندین بیانووی دی دەهێنێتەوە کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کۆمەکی دەکن، خۆ ئەگەر زۆر باشیش بڵێت ئەوا ئەوەیە کە دامەزراندنی

دەوڵەتی کوردی خەونی هەموو کوردێکە بەلاّم بێگومان خەونی خۆی نیە، بۆیە پارت و رێکخراوە کوردەکان هەموو ئەوانەی کە خەون بە دەوڵەتی کوردیەوە دەبینن، بەشبڕ و گۆشەگیردەکەن.

لەکۆتاییدا رێکخراو و پارتە کوردەکان حاڵیان وەك حاڵی ئەو باڵندەیەی لێهاتوە کە دەیویست لاسایی رەوتی باڵندەیێکی دی بکاتەوە و پاشان رەوتەکی خۆشی لەبیردەچێتەوە. چونکە ئەم پارت و رێکخراوانە دەخوازن رۆڵیان لە رامیاری ناوچەییدا هەبێت کەچی پاش نیوسەتە لەم رێگەیە هێشتا نەیانتوانیوە کورسییێك تەنانەت لە ریزی پشتەوەی رامیاری ناوچەیی رژێمەکانی سوریا و عراق و ئێران و ترکیادا دابینبکەن و تەنانەت لەناو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو رژێمانەشدا و لە ولاّتانی دیموکراتیدا ئەگەر رامیاری حکومەتێك سەرکەوتوو نەبێت لە بەجێهێنانی ئاما نجەکانیدا ئەوا دەست لەکار دەکێشێتەوە کەچی ئەوە نیوسەتەیە ئەمانە سوێنی زل ئەخۆن بۆ دەوڵەت و گەلانی ناوچە کە بیروباوەڕی پارت و رێکخراوە کوردەکان هەوڵی دامەزارندنی دەوڵەتی کوردی نادات یان جیابوونەوە لە دەوڵەتانی ناوچە بەڵکو دڵسۆزی ولاّتانی داگیرکەری کوردستانن سەرەڕای ئەو هەموو قوربانیانەی کە ئەو رژێمانە بیٚ هیچ مافێك خوێنیان رشتون و ئەگەر ئەو پارت و رێکخراوە کوردانە دەست لەکار بکێشنەوە و واز لەو قوتا بخانەیە بهێنن کە نەیتوانیوە دەوڵەتانی ناوچە قایل بکات سەرەڕای ئەو هەموو دڵسۆزیەی کە پارت و رێکخراوە کوردەکان بۆیان نواندویانە، ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوسا پاڵەوانی کورد لە زیندان قورتاری دەبێت و خەبات بۆ رزگارکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەست پێدەکات. هەر بە ئەندێشە بیهێننە پێش چاو ئەگەر هێزەکانی جەنەراڵ موستەفا بارزانی و هێزەکانی دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ و هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەوانی دی هەمووی یەکگرتوو بوونایە ئایا هیچ هێزێك هەبوو لە جیهاندا کە بتوانێت بەربەستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکات.

من یەکێك لە کەسانی ئازادیخوازی کوردستانم، لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشداریم کردوە ئەو کاتەی کە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردی بووم لە سوریا 1964-1969 و چەندین جار پۆستی شۆڕشم لە بەیروتەوە گەیاندوەتە قامشلی تاکو لەوێشەوە هەڤاڵێکی دی بیبات بۆ سەرکردایەتی شۆڕش و کاتێکیش ئەندامی کاژێك بووم 1970-1975 کە داوای دەوڵەتی کوردی دەکرد و من یەکەم کورد بووم لە رۆژاوای کوردستان کە لەگەڵ بەهەشتی جەنەڕاڵ موستەفا بارزانی چەند جارێك لە سەرەتای حەفتاکاندا کۆبوومەوە و بەبۆنەی ئۆتۆنۆمی پیرۆزباییم لێکرد و پیرۆزباییشم لە سەرکردایەتی شۆڕش کرد کە پێش هەموان شەهید ئیدریس بارزانی بوو کە پەیوەندییێکی جیاوازمان هەبوو چونکە بیری نەتەوەیی هەبوو، هەروا لە شۆڕشەکەی گولاّندا بەشداریم کرد و ئەندامی سەرکردایەتی بەری ( جود ) بووم وەك نوێنەری پارتی پاسۆك کە ئەو کاتە سەرکردەییێکی رامیاری و سەربازی گۆڕەپانی هێزەکانی پێشمەرگە بووم لە شاخەکانی قەندیل 1982-1984 و کاتێك باشوری کوردستان فیدرالیزمی بەدەست هێنا من لە ریزی پێشەوەی پیرۆزبایی بووم، هەرچەندە ئێستا و ئەوساش هەر بڕوام بە دەوڵەتی کوردی بوە، بەلاّم ئەگەر گەلی کورد فیدرالی یان ئۆتۆنۆمی وەربگرێت من دژی نیم چونکە بڕوام بە رێزلێنانی بیروڕای کەسانی دی هەیە هەرچەندە بڕواییێکی تەواویشم بەوەیە کە ئۆتۆنۆمی و فیدرالیزم یان هەر چارەسەرێکی دی مافی کورد لە نێو سنووری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا دەگاتە رێگاییێکی داخراو و هیچ سەرە نجامێکی نابێت چونکە ئەم جۆرە مافانەی چەند گەلێك لە یەك دەوڵەتدا وەك ژن و مێردایەتی وایە کە رازی بوونی هەردوولای دەوێت و ئەگەر ژنەکە یان مێردەکە قایل نەبوو بە رێککەوتننامەکە ئەوا ئەو رێککەوتنە دروست نیە، هەمان باریش بۆ مەسەلەی فیدرالیزم دەشیٚ کە دەبیٚ گەلی عەرەبی عراق و گەلی کورد هەردووکیان قایل بن پێی بەلاّم هەرچەندە گەلی کورد قایلبوە بە فیدرالیزم باوەڕ ناکەم یەك عراقی هەبێت کە بڕوای پێبێت کەوا لە بەغدا حکومەت و سوپاییێکی عراقی و لە هەولێر حکومەت و سوپاییێکی کوردی هەبێت و تاکو رەزامەندی تەواوەتی نەبێت خوێنی زۆر دەڕژێت و بەم پێیە من لەگەڵ بنیاتنانی دیوارم نەك داگیرساندنی شەڕ و کوشتار چونکە بڕوام بە یاساکانی مرۆڤایەتی و ئایینە ئاسمانیەکان هەیە کە بۆ بەختیاری مرۆڤ هاتوون کە مرۆڤی کورد و هەموو مرۆڤێك لە دەوڵەت و سنوورەکانی گرنگترە.

لەم بارەیەشەوە دەمەوێت ئەو واتەیەی ئیمامی شافعی خوالێی رازی بێت بە پارتە کوردیەکان بڵێم: "وتەکانت هەڵەن کە لەوانەیە راستیش بن و وتەکانم راستن کە لەوانەیە هەڵەش بن". من زۆر پێم خۆشە کە رێگەی پارت و رێکخراوە کوردەکان رێگەی سەلامەتی و ئازادی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بێت چونکە ئەمەیە داخوازی من کە داخوازی 40 ملیۆن کوردیشە کە لەوانە ئەندامانی پارت و رێکخراوە کوردەکانیشن.



## بەشی دووەم

## جەنگی دەروونی داگیرکەرانی کوردستان دژی گەلی کورد هەمیشە و ئێستاش گەورەترین کاریگەری هەبوە بۆ شکستی گەیشتن بە دەوڵەتی کوردی

گەلی کورد بوونێکی مێژوویی رەسەنی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ و خاوەنی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت و چەندین ئاوەدانی تەواو بوە کە هەندێك ئایینی کوردی وەك ئێزدی و زەرادەشتی و مانی و یارسانی و عەلەوی و هتد دەگرێتەوە کە ئەوساش و ئێستاش رێورەسمەکانی بە زمانی کوردی بەجێدەهێنن و هەروا سەرکردایەتی رامیاری و بەڕێوەبەرایەتی ئایینی بەدەست گەلی کوردەوە بوە، هەروا رژێمی سەربازی و رامیاری و بەڕێوەبەرایەتی و ئارخیتێکتور و ئابووری جیاوازی ئاوەدانی کورد کە دەسەلاتی بەسەر هەموو ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەبوو و ئەم دۆخە لە دێرزەمانەوە بەردەوام بوو تا رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیا بەدەستی رێکەوتنەکەی فارس – بابل ساڵی 550 پ.ز کتومت وەك رێکەوتنەکەی فارس – عراق لە 1975 لەگەڵ جیاوازییێکی کاتی زیاتر لە 2500 ساڵ بەلام هەمان ئامانجی هاوبەش کە بریتیە لە روخاندنی قەوارە و بوونی رامیاری کورد و ئاوەدانی رەسەنی کورد.

رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیا دۆڕانێکی گەورەبوو بۆ گەلی کورد و رزگاری و سەربەخۆیی، هەرچەندە میرە کوردەکان بەدرێژایی مێژوو سەربەخۆیی ناوخۆییان هەبوە بەلام رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیا نیشانەییێکی شوومی ئاشکرایە چونکە فەرمانڕەوایی میرە کوردەکان بۆ ناوچەکانیان زۆر کورت بوە و چەندین دەوڵەت و حکومەتی کوردی دروستبوون و خێراش روخاون و لەهەموویان درێژخایەنتر دەوڵەتی ئەیوبی بوو کە نزیکەی 70 ساڵی خایاندوە، هەندێك جار کورد فەرمانڕەوایی کوردستانیان کردوە بەلام بێ ئەوەی هیچ گرنگییێك بدەن بە ئاسایشی نەتەوەیی کورد و یان هیچ نەبێت دارشتنی ستراتیژییێکی نەتەوەیی کە لە رووخانی پاشەڕۆژ بیانپارێزێت، هەروەك چۆن ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتەکانی فارس و ترك و عەرەب هەیانبوە و کاری بەعەرەبکردن و بەتورککردن و بەفارسیکردنی کوردستان و ولاتانی دی چەندین سەتەیە کردوە، بەلام دەوڵەت و حکومەتە کوردیەکان کاتی فەرمانڕەواییان هیچ کارێکی بەکوردیکردنیان نەکردوە چونکە ئەوە کارێکی رەگەزپەرستانەی ناشیرینە و لەگەڵ شارستانی کورد و خووڕەوشتیدا ناگونجێت.

بەرواری راستەقینەی دۆڕانی ئازادی بۆ کورد رۆژی رووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیایە کە لەو کاتەوە پیاوانی ئایینی زەرادەشتی کورد بوون بە پاشکۆی پیاوانی ئایینی زەرادەشتی فارس و رۆڵێکی نایانەیان بینی لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەلی کورد و تێکدانی ئایینی زەرادەشتی و کاتێ فەتحی ئیسلامی هات فارسەکان رەسەنی و ناوەڕۆکی ئایینی زەرادەشتییان تێکدابوو و لەگەڵ کەسایەتی رامیاری و شارستانی کورد بۆیە فەتحی ئیسلامی توانی بەرهەڵستی کورد بشکێنێت و خوێنێکی زۆر رژا تاکو هێزەکانی عەرەبی ئیسلامی توانیان لە کوردستان دابکوتن و تائێستاش لە کوردستان گۆڕستان و دۆڵی زۆر هەن کە ئاسەواری جەنگی خوێناوی نێوان گەلی کورد و لەشکرەکانی ئیسلام پیشاندەدەن، بۆ نمونە لە ناوچەی سلێمانی شێوێك هەیە پێی دەڵێن شێوی سەحابەکان و یەکی دیش شێوی کافران و تائەمڕۆش گەلی کورد سەردانی گۆڕی سەحابەکان دەکەن کە لەو جەنگانەدا کوژراون و لێیان دەپاڕێنەوە پاش ئەوەی کە کوردەکان ئایینی ئیسلامیان گرتەخۆ.

لەگەڵ گرتنەخۆی ئایینی ئیسلام پاشکۆیەتی کورد بەردەوام بوو بەلام لە چوارچێوەی ئایینێکی نوێدا بە پاشکۆیەتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کورد بۆ زانایانی ئایینی ئیسلامی عەرەب و پاشانیش ترك و زانایانی ئایینی شیعەی کوردیش بوونە پاشکۆی زانایانی ئایینی شیعەی فارس. لە چەرخی نوێشدا فیۆدالەکانی کوردستان لاسایی ئەوانیان کردەوە تاکو پلە و پایەی (بەگ و پاشا) لە دەسەلاتی عەرەبی و ترکی فارسی وەرگرن. هەروا ئەو داگیرکەرانە لەژێر پەردەی مەزهەب و رەنگی جیاواز بەردەوام نەیانهێشتوە کە گەلی کورد رێگەی زانست و پیشەسازی بگرنەدەست و بەگشت جۆرێك لە توانایان هەوڵیانداوە کە هێزێکی رۆشنبیر و پیشەسازی کوردی نەبێت کە بەئاسایی هوشیارییان زیاترە لە شوان و جوتیار و بەمەش ئەم رامیاریە چینی بورژوای کوردستانی لاوازکرد و بوە هۆی ئەوەی کە رۆڵێکی چالاکی لە بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانیدا نەبێت وەك ئەوەی لە ولاتانی دی روویدا. بزووتنەوەی رزگاریخوازی

كورد هەر لە پێهەڵکەوتندا بوو و ڕێگای سەربەخۆیی نەدەدۆزیەوە تاکو کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم کە نەوەیێکی نوێی لاوانی کوردی هوشیارتر و زیاتر خولیای کێشەی نیشتمانی کورد دەستی بەکار کرد بۆ ڕزگارکردنی کوردستان وەك پارتی ژ.ك و پارتی کاژیك. ئەم ڕێگایە کە خەریکبوو هەرچی داگیرکەرانی کوردستان لە مێژوودا دایانڕشتبوو بیرووخێنێت و هەموو پاشکۆیەتییێك بۆ وان نەهێڵێت بۆیە داگیرکەران گەڕان بەدوای شێوەییێکی نوێ بۆ بەردەوامی پاشکۆیەتی کورد بۆیان و تێکەڵکردنی کارتەکان بۆ پووچکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەوەی کە کێشەی مافی چارەنووسی گەلی کورد ببەسترێت بە مافەکانی گەلی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و مەرجی بەجێهێنانی دیموکراسی لە پایتەختی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا و بەمەش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کەوتە گێژاوی بازنەییێکی بەتاڵ بۆ خەریککردنی جەماوەری کورد بە گەمەییێکی بێکۆتایی و بەفیڕۆدانی وزە و کات پەیداکردن بۆ پووچەڵکردنەوەی هەموو هەلێکی گەیشتن بە سەربەخۆیی کە لە هەموو زەمانێکدا ڕەخساوە بۆ هەموو ئەوانەی کە شیاو و تەنانەت ناشیاویشن. بەم شێوەیەش پاشکۆیەتی کۆنی کورد هەر بەردەوام مایەوە بەڵام بە ڕێبازێکی پارتایەتی و ڕامیاری و شارستانی و لەژێر پەردەییێکی کورد و کوردستانیدا بۆ خستنەداوی نیشتمانپەروەرانی کورد و کردنیان بە نێچیرێکی ئاسانی وا کە بەهەموو ڕەزامەندی خۆیانەوە ببنە پاشکۆی دیموکراسی خوازانی عەرەب و ترك و فارس.

هەر لەسەر ئەو ڕێبازەش گرۆ ڕامیارییەکانی دی کە ئەو ڕێبازەی پێشوویان بەدڵ نەبوو ڕێبازی مارکسییان دروستکرد و مارکسیەکانی کورد کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی مارکسییەکانی عەرەب و ترك و فارس و بەڵکو زیاتریش هەندێکیان بوونە ملکەچی وڵاتانی دی کە بازرگانییا بە مارکسیزمەوە دەکرد وەك روسیا و چین و ئەلبانیا.

پوختەی گفتەکە: ئایا پاش پاشکۆیەتییێکی زیاتر لە هەزار ساڵ کوردە زەرادەشتییەکان مافی خۆیان وەرگرت؟ ئایا کوردی موسوڵمان پاش هەزار و چوارسەت ساڵ پاشکۆیەتی مافی خۆیان وەرگرت؟ ئێستاش ئایا دیموکرات و مارکسیستانی کورد وادەزانن بە پاشکۆیەتی بۆ دیموکرات و مارکسیستانی عەرەب و ترك و فارس دەتوانن مافی گەلی کورد دابینبکەن؟ من پێیاندەڵێم کە باپیرە زەردەشتی و موسڵمانەکانیان بەهەموو دڵسۆزیەوە و بۆ دوو هەزار و چوارسەت ساڵ خزمەتی دراوسێکانیان کرد و جگە لە گەلکوژی و دەربەدەری و کۆچکردن و چەوسانەوە هیچیان دەستگیر نەکرد و چارەنووسی ئەمانیش لە خزمەتی دیموکراسی مارکسیزمدا تەنانەت پاش دوو هەزار و چوارسەت ساڵی دیش باشتر نابێت.

ڕامیاری پاشکۆیەتی و کۆیلەیی و ملکەچی کە لە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی میدیاوە دووچاری کۆمەڵی کوردەواری بوە و تائێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنێت و پێشتریش زانایانی ئایینی زەرادەشتی فارس و زانایانی ئایینی موسوڵمانی عەرەب و ترك و فارس و هەمان ئەوەی کە مارکسی و چەپ و دیموکراتانی عەرەب و ترك و فارس پەیڕەویان کردوە هەمیشە کۆمەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان وەرگرتوە چونکە بەردەوامی پاشکۆیەتی کورد بۆ هەموو جۆرە بیروباوەڕ و مەزەبێك هەر بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانە و بۆ ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانە جارێکی دی ئیمپراتۆریەتێکی میدیای نوێ نەبینن کە دەسەڵات و هەیبەت و جێشوێنی خۆی هەبێت.

بۆیە هەر چەندین سەتەیە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەموو جۆرە جەنگێکی دەروونی بەکاردەهێنن بۆ نموونە کە کورد ناتوانن دەوڵەتی خۆیان

دامەزرێنن چونکە گەل نین و کۆمەڵێك خێڵی جیاوازن کە هەندێکیان بە بنەچە عەرەب و هەندێك فارس یا ترکن یاخود زمانەکەیان زمان نیە بەڵکو زاراوەییێکی شێواوی عەرەبی یا فارسی یا ترکیە و هتد ئا لەم جۆرە قسە قۆڕانە کە هیچ جۆرە بناغەییێکی ڕاستییان نیە.

ئەوەی کە ڕێکخراوە کوردەکان ئەمڕۆ داوای دەکەن تەنیا قەراغە مافێکن لە ئەنجامی جەنگی دەروونی دژی گەلی کورد لەلایەن دەوڵەت و ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستانەوە هاتونەتە کایە، بۆیە هەندێك لەوانەی کە دووچاری ئەم جەنگە دەروونیە بوون دەڵێن کە وڵاتانی ناوچە نایەڵن کورد ئۆتۆنۆمیشی هەبێ ئەدی چۆن بە دەوڵەتی کوردی ڕازی دەبن؟!! ئەم ڕژێمانە کە هەتا بتوانن هەوڵ دەدەن

تاكو كەسايەتی كورد بشێوێنن و پۆزی بشكێنن و وای لێبكەن كە دوودڵ و لەرزۆك و بێ ویستی ئازادی خۆی بێت، ئەم بارە كەساسە وای لە هەندێك ڕێكخراو و كەسایەتی كورد كردوە كە گاڵتە بە دروشمی سەربەخۆیی بكەن و مێشكیان ئیفلیج بێ تەنانەت لە بیركردنەوە لە بابەتی دەوڵەتی كوردی ئەگەر هەر تەنیا خۆشیان لە ژوورێكی داخراودا بن.

لەگەڵ هەموو ئەمەشدا دەوڵەتی و ڕژێمەكانی داگیركەری كوردستان هەموو داخوازییێكی كورد هەرچەندە بێبەهاش بێت ڕەتدەكەنەوە و من وابزانم كە گرفتەكە پەیوەندی بە گەلی كورد و ئاستی داخوازیەكانی كورد نیە بەڵكو گرفتی گەلانی دەوڵەت و ڕژێمەكانی داگیركەری كوردستانە، چونكە مەرجیان بۆ پێكەوەژیان لەگەڵ كورد ئەوەیە كە كورد دەبێ كۆیلەیان بێت چونكە ئەمەیە سەرەنجامی شێوەكانی جەنگی دەروونی.

من وابزانم دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان لەم جەنگە دەروونیەی بەرامبەر كورد تا ڕادەیێكی زۆر سەركەوتوو بوون و لەم بارەیەوە هەندێك نموونە دەهێنمەوە:

1. پێش 150 ساڵ میری كورد بەدرخانی گەورە بە سەربازی سەركەوت بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا و سەربەخۆیی بۆ دەوڵەتی كوردستان بۆ ماوەی زیاتر لە 10 ساڵ بەدەستهێنا و هەموو دەزگاكانی دەوڵەتی دامەزراند و تەنانەت پارەی كوردیشی لێدا، هەروەها میری كورد محمد ڕەواندوزی كە كارخانەی دروستكردنی تۆپی دروستكرد، و هەروەك پاشای باشوری كوردستان شێخ مەحمودی حەفید كە شانشینی باشوری كوردستانی دامەزراند لەژێر بوردمانی فڕۆكەكانی بریتانیادا كەچی ئەمڕۆ ڕێكخراوە كوردەكان بەهەموو ئازادییێك لە باشوری كوردستاندا كاردەكەن و لەژێر پاراستنی فرۆكەی بریتانیش و ئەمەریكایشدان كەچی ناتوانن بانگەوازی دەوڵەتێكی كوردی وەك ئەوەی شێخ مەحمود بكات كە لە سەرەتای سەتەی رابردوودا كردی یان پارەی كوردی لێبدەن یان تۆپخانەییێك وەك ئەوەی باوانیان پێش چەند سەتە لێبدەن.
2. لەساڵی 1912 هێزێكی سەربازی عوسمانی میر عەبدولرەزاق بەدرخانی ڕفاند لەشاری تەبریز كە دەكەوێتە سنووری ئیمپراتۆریەتی قاجاری و بە دیلی بردیان بۆ ئەو شوێنەی كە ئێستا پێی دەڵێن تركیا و ئەوسا ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو، هەر كە هەواڵەكە گەیشتە سەرۆكی بەناوبانگی كورد ئیسماعیل ئاغای شكاك، یەكسەر چوو بەسەردەمی میرە كوردەكە كە هیچ پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵدا نیە و نە خەڵكی ناوچەكەی و نە لە پارتەكەیەتی و ئیسماعیل ئاغاش نە سەرۆكی دەوڵەت یا حكومەتی كوردی بوو بەڵكو سەرۆك خێڵێكی كورد بوو، بەڵام ئەركی نەتەوەیی سەپاندی بەسەریدا كە سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ببڕێت و بە هێزێكەوە كە لە 40 سوارە زیاتر نەبوو بۆسەی بۆ هێزە عوسمانیەكە دانا كە میر عەبدولرەزاقی بەدیل گرتبوو و ناچاریان كردن كە خۆیان بدەن بەدەستەوە و ئیسماعیل ئاغا خەریكبوو هەموویان بكوژێت بەڵام میر عەبدولرەزاق تكای لێكرد كە ئەوە نەكات، و میر عەبدولرەزاق بە ئازادی و سەلامەتی گەڕایەوە بۆ تەبریز (تەماشای بەڵگەنامەكانی روسیای قەیسەری بكە)، بەڵام پاش سەت ساڵ تركەكان هەمان كار دووپاتدەكەوە بە ڕفاندنی كاك عەبدوڵا ئۆچلان لە كینیا بەڵام ئەمجارە كەس نەبوو كە لە دیلی رزگاری بكات وەك ئەوەی میر عەبدولرەزاق.
3. پێش سەت ساڵ جەنەڕاڵ شەریف پاشا بە ئاستێكی بەرزی دیپلۆماسی لە كۆنگرەی ئاشتی پاریسدا ساڵی 1919 توانی دەوڵەتانی هاوپەیمان قایل بكات و یادنامە بەناوبانگەكەی خۆی لەگەڵ نەخشەی كوردستانی گەورە و ئاڵای كوردستان پێشكەش كرد، كە سەرەنجامی ئەم دیپلۆماسیەتە ئیمزاكردنی بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی بەناوبانگ "بڕوانامەی سیڤەر" بوو لەلایەن هاوپەیمانەكان ساڵی 1920 كە بە ڕاستەوخۆ دانی بە مافی گەلی كورددا نا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، كەچی ئەمڕۆ لە ئەوروپا زیاتر لە ملیۆن كورد دەژین و تائێستاش نەیانتوانیوە كە ئەو كارەی جەنەڕاڵ شەریف پاشا بەجێبهێنن كە ئەو بەتەنیا پێش سەتەیێك بەبێ هیچ كۆمپیوتەر و تەلیفۆن و فاكس ئەنجامیدا.

ئەو نموونانەی سەرەوە پیشانمان دەدەن كە كەسایەتی كوردی هێزێكی مەزن و ڕێزی خۆی و ویستێكی ئاسنی و ئازادی هەبوو بەڵام ئێستا دەبینین كە لەم ڕۆژە ڕەشانەدا چ تەپینێكی بەسەردا هاتوە، هەرچەندە زۆر كەس هەن كە شەو و ڕۆژ هەوڵدەدەن لەسەر هەمان

ڕێبازی باوان بەردەوام بن بەلاَم کەسانێك هەن کە بەربەست لە ڕێگایاندا دروست دەکەن تاکو ڕەوتەکەیان خاوبکەنەوە یان بەتەواوی بیوەستێنن.

لە ساڵی 2000 من پەیوەندیم کرد بە نەتەوە یەکگرتوەکان تاکو نوێنەرێك بۆ گەلی کورد وەك ئەندامێکی چاودێر دابنرێت چونکە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئەمڕۆ زانیاری سەبارەت بە گەلی کورد دەخوازن بەشێوەییەکی کەموکورت و شێواو و نادروست وەریدەگرن چونکە لەرێگای دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوەیە کە نەك تەنیا دوژمنی مافی گەلی کوردن بەڵکو دژی تەنانەت بوونیشین، ئەگەر دابنێین ئەم دەوڵەتانە گەلی کوردیشیان خۆشبوێت ئێمە دەمانەوێ خۆمان زانیاری سەبارەت گەلەکەمان پێشکەش بکەین، نەتەوە یەکگرتوەکان گرفتیان لەگەڵ ئەم کارە نەبوو بەلاَم مەرجیان ئەوە بوو کە ڕەزامەندی کۆمەڵێك کەسایەتی رامیاری جیهانییان پێشکەش بکەم، منیش ئیمزای زیاتر لە هەزار کەسایەتی جیهانیم کۆکردەوە کە لەوانە ئەندامی پەرلەمان و سینات و لۆردەکانی ئوستراليا و ئەوروپا و ئەمێریکا و کەنەدا بوون، بەلاَم وادیارە نەتەوە یەکگرتوەکان راوێژی لەگەڵ هەندێك ڕێکخراوی کوردی کردبوو کە پرۆژەکەیان رەتکردبوەوە و بەوجۆرە کاریانکردبوە سەر بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان و دواخستنی.

لەراستیدا من خەتای کەسایەتی کورد ناگرم کە تووشی ئەو دوودڵی و بێبڕوا بەخۆبوونە بوو لەبەر ئەو هەموو چەوسانەوە و بێبەریکردن لە کەمترین مافی سیڤیل و مرۆڤایەتیە، ئەمە جگە لەمافی رامیاری و نەتەوایەتی بۆ ماوەی هەزاران ساڵ کە کوشتن و دەربەدەری چارەنووسمان و ماڵەکانمان زیندانمان بوون، دەڵێم ماڵەکانمان چونکە جیاوازییێکی وا لەنێوان زیندان و ماڵی کورداندا نیە، چونکە زۆر لە زیندانەکانی جیهان مافی وادەدەن بە زیندانیەکان کە رۆڵەکانی گەلی کورد لە ماڵەکانیاندا خەوی پێوەدەبینن، واتە گەلی کورد لە زیندانێکی گەورەدا دەژی کە ناوی کوردستانی داگیرکراوە لەلایەن چەند یاساوڵێکی درِندە کە مانای دیموکراسی و مرۆڤایەتی نازانن و سەرباری ئەوەش یاساوڵێکن کە بە هەزاران ساڵ لە ڕەوتی شارەستانیەت دواکەوتوون، چونکە شارستانیەت بە جلی جوان و ئۆتۆمبێلی ئۆتۆماتیك و بینای بەرز نیە بەڵکو شارستانیەت ڕەوشتی بەرز و پەیوەندی پڕ مرۆڤایەتی و بیری ئازادە و گرنگ نیە جۆر و شێوەی ئەو کلاَوەی کە مرۆڤ دەیکاتە سەری بەڵکو چی لەناو سەریدایە...

بۆیە کە ڕێکخراوە کوردەکانی باشوری کوردستان لە 1991 هەلێکی نوێیان بۆ رەخسا کە تائێستاش بەردەوامە و بەلاَم نەیانتوانیوە کە ئەم هەلە بکەن بە پرۆگرامێکی بەکار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، هێشتا مەترسی لە هەموو لاییەکەوە دیارە و ئەمەش سەرەنجامی باری دوودڵی و ترسانە لە هەموو دەوروبەر، من لۆمەشیان ناکەم چونکە ئەو جەنگە دەروونیەی کە داگیرکەرانی کوردستان 1400 ساڵە دژی گەلی کورد بەرپایانکردوە وای لە ڕێکخراوە کوردەکان کردوە کە لە ئازادی بترسن و وادەزانن هەرچەندە گەلی کورد دووچاری ئەوپەڕی نالێن بوە لەژێر داگیرکردندا بەلاَم هەر ماوە و ئەمەش خۆی لەخۆیدا لای ئەوان بەسە، چونکە وەك ئەم نمونەیە دەچێت: ئەگەر گەلەبێك مەڕ بخەینە قەفەزێکی داخراو بۆ ماوەی هەزاران ساڵ و لە پڕێکدا دەرگامان بۆ کردنەوە تاکو بەرەو ئازادی دەرچن ئەوان لە قەفەزەکە دەرناچن چونکە دەڵێن ئەگەر دەرچین لەوانەیە گورگ و دەعبا بمانخوات، بۆیە من دڵنیام کە ڕێکخراوە کوردەکان لە ئازادی دەترسن.

هەروا ئەم جەنگە دەروونیە بڕوای کوردی بە مێژوو و شارستانیەت و فەیلەسوف و رۆشنبیر و بەرهەمە نایابەکانیان نەهێشتوە هەرچەندە بە مەزنی کاوەی ئاسنگەر و ئەحمەدی خانی و شەرەف خانی بەدلیسی و موستەفا پاشای یامڵکی و عوسمان سەبری و عەبدولرەقیب یوسف و جەمال نەبەزیش بن و بۆیە وای لێهاتوە کە بڕوای بە مێژوو و شارستانیەت و فەیلەسوف و رۆشنبیر و بەرهەمی گەلانی دی هەیە ئەگەرچی زۆر هیچ و پووچیش بن، لەم بارەیەوە خوالێخۆشبو ئاپۆ عوسمان سەبری چیرۆکێکی هەبو کە هەرجارێك بچووینایە بۆ لای بۆی دەگێڕاینەوە کە بۆزان بەگی سەرۆك خێڵی برازی لەگەڵ کوڕەکەی عیسمەت کە منداڵ بوو ( پاشان عیسمەت لە پەنجاکاندا بوو بە ئەندامی پەرلەمانی سوریا ):

**کاتێ عیسمەت منداڵ بوو هەموو ڕۆژێك ڕایدەکرد بەرەو بۆزان بەگی باوکی و دەیوت: ئەوا وردەفرۆش گەیشتوەتە بەرماڵمان فرانکێکم بدەرێ با شیرینی بکڕم، بۆزان بەگیش دەیگوت شیرینی وردەفرۆشەکە پڕە لە تەپوتۆز و وەك شیرینی ماڵی خۆمان پاك نیە، عیسمەتیش دەیگوت: شیرینی وردەفرۆشەکە شیرینترە.**

**ڕۆژێکیان بۆزان بەگ بە وردەفرۆشەکەی وت: کاتێ نزیکی ماڵی ئێمە دەبیتەوە هاوار نەکەیت کە شیرینی دەفرۆشی بەڵکو هاوار بکە کە من پیسایی (...) دەفرۆشم چونکە دەمەوێ وانەی کوڕەکەم بدەم، وردەفرۆشیش نەیدەوێرا لە قسەی بۆزان بەگ دەربچێت چونکە بۆزان بەگ لە ڕۆژاوای کوردستان گرنگ و دەسترۆیشتوو بوو، وە لە کاتی ئینتیدابی فەرەنسی زیاتر لە 10000 سواری خەڵکی خێڵەکەی لەژێر دەستابوو، بۆیە وردەفرۆش وتی باشە فەرمانت لەسەر سەرم، و ڕۆژی دوایی وردەفرۆشەکە گەیشت بەردەم ماڵی بۆزان بەگ و بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد کە پیسایی (...) دەفرۆشێت، عیسمەتیش وەك جاران ڕایکرد و بە باوکی وت: فرانکێکم بدەرێ وا وردەفرۆشەکە هاتوە، بۆزان بەگیش وتی بەلاّم تۆ دەزانی چی دەفرۆشێ وتی دەزانم پیسایی (...) دەفرۆشێ، بۆزان بەگیش وتی بەلاّم ئێمە لە توالێتی ماڵەوەمان پیسایی زۆر هەیە عیسمەتیش وتی بەلاّم پیسایی وردەفرۆشەکە شیرینترە... بەڵێ، ئا ئەمەیە ئەو ئاستەی کە باری دەروونی گەیشتوەتێ بۆ ڕادەی خۆشویستنی پیسایی خەڵکانی دی.**

**ئەو پەیوەندیە شێواوەی کە ئێستا لەنێوان گەلی کورد و سەرکردایەتی کورد و نێوان سەرکردایەتی کورد و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، کە پەیوەندیێکە کێشەی کوردستان دەکات بە کێشەییێکی لاوەکی چونکە کورد خۆیان وەك گەلێکی پاشکۆی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان پیشاندەدەن و خۆیان وەك گەلێکی جیاوازی شایانی سەربەخۆیی پیشان نادەن.**

**من هیوادارم کە بمزانیایە لە کۆبوونەوەکانی نێوان سەرکردەی پارت و ڕێکخراوە کوردەکان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان کە هەمیشە پاش هەموو کۆبوونەوەییێك بزەیان دێت و خۆشیانە، باسی چی دەکرێت و لێرەدا چیرۆکێکم بیردەکەوێتەوە کە هەندێك لەوەدەچێت بەلاّم هیوادارم کە ڕاستی ئەو کۆبوونەوانە وانەبێت:**

**دەڵێن کە سەرخۆشێك لە مەیخانە دێتە دەرەوە و ئەوەندەی خواردوەتەوە دەرشێتەوە و دەستەسڕێك دەردەهێنێت کە دەموچاوی پێ بسڕێت و لەو کاتەدا خۆپیشاندانێکی ڕامیاری لە شەقامی بەردەم مەیخانەکەدا ڕوودەدات و کابرای سەرخۆش بە خۆی و دەستەسڕەکەیەوە دەکەوێتە پێش خۆپیشاندانەکە و پۆلیس وادەزانن کە ئەو سەرکردەی خۆپیشاندانەکەیە و دەستەسڕەکەی ئالاّی خۆپیشاندانە، بۆیە پۆلیس دەچن کابرای سەرخۆش دەگرن و دەیبەن بۆ پۆلیسخانە، کاتێکیش خۆپیشاندەران دەبینن کە یەکێك گیراوە وادەزان کەسایەتییێکی زۆر گرنگە و دوای ئەو هەڤاڵەیان دەکەون بۆ پۆلیسخانە و هاوار دەکەن بۆ گیانی هەڤاڵە پاڵەوانەکەیان، لە ناو پۆلیسخانەدا سەرۆکی پۆلیس پرسیار لە کابرای سەرخۆش دەکات کە داواکاری چیە؟ کابرای سەرخۆشیش لەکاتی پرسیاردا خەبەری دەبێتەوە و دەڵێ: ئەگەر یەك شوشە خواردنەوەم بۆ بێنن هیچی دیم لەم دونیایەدا ناوێ، سەرۆکی پۆلیسیش دەڵێت: من ئامادەم هەموو ڕۆژێك شووشەییێك خواردنەوەت بۆ دابین بکەم بەمەرجێ بچیتە دەرەوە و بە خۆپیشاندەرەکان بڵێیت کە داواکاریەکانیان جێبەجێکراون، کابرای سەرخۆشیش دەچێتە دەرەوە و بە جەماوەرەکە دەڵێت: سەرۆکی پۆلیس لەسەر داواکاریەکانتان ڕازیە و داواتان لێدەکەم کە خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێبهێنن و بڕۆنەوە بۆ سەر ئیشەکانتان....**

**بەشێوەییێکی ئاشکراتر کاتێك سەرۆکی ڕێکخراوە کوردەکانی باشوری کوردستان جۆرێك لە ئازادییان دەستکەوت و لەسەرەنجامی کۆبوونەوە و کەڵەکەبوونی فشاری جەنگی دەروونی لەسەریان دەستیانکرد بەبەکارهێنانی هەموو ئەو کەسانەی کە سیخوڕ و نۆکەری ڕژێمی سەددام حوسێن بوون و بەرزترین پلەی کاریان دانێ سەرەڕای ئەوەی کە هەندێکیان دەستیان بەخوێنی گەلی کورد سوورە. لەم بارەیەوە شێخ ئەدهەم کوڕی شێخ عوسمان بارزانی دەڵێ: من شەرم دەکەم لەوەی کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم و دەبینم لە تەنیشتم ئەندامی پەرلەمان هەن کە بەشدارییان لە هێرشەکانی ئەنفالدا کردوە. ئەمەش تەنیا شێخ ئەدهەم نیە و تەنانەت پرۆگرامی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە کوردیەکان لە باشوری کوردستان ڕۆژانە باسی ئەو پایە بەرزانە دەکەن کە ئەو نۆکەر و سیخوڕانە دایانگرتون و هۆی ئەوەش وەك لەپێشدا وتم نەبوونی بڕوایە لەنێوان گەل و سەرکردایەتی کە بەئاشکرا خۆی دەنوێنێ لە**

**پشتبەستنی سەرکردایەتی کورد نەك هەر بە بەعسی و ئیسلامی و کۆمۆنیستەکانی نۆکەری رژێمی سۆڤیەتی گۆڕبەگۆڕ، بەڵکو بە چەند توێژ و گرۆیێك کە دوژمنی ئازادی گەلی کوردن و گەیشتونەتە رادەی پشتبەستن بە دەلاڵەکانی نێودەوڵەتی وەك سەلاح بەدرەددین و کەسانی دی کە جاران کاریان کڕین و فرۆشتنی کێشەی فەلەستین و کێشەی گەلانی دی بوە و ئێستاش دەیانەوێ هەمان شت بە کێشەی کورد بکەن و بەم زوانەش دەیگوازنەوە بۆ کێشەیێکی دی تاکو بازرگانی پێوەبکەن هەروەك بازرگانیان بە کێشەی فەلەستین و کوردەوە کردوە، کەچی کوردانی نیشتمانپەروەری ئازادیخواز خراونەتە پشتگوێ تەنانەت ئەگەر بەناوبانگترین رۆشنبیریش بن... هەموو ئەمە سەرەنجامی جەنگی دەروونی و بلاوبوونەوەی بێبڕوایی بە گەلی کورد و سەرکردە راستەقینەکانی، لەگەڵ ئەوەی کە کوردی نیشتمانپەروەری ئازادیخواز ئەوانەن کە ئێستا و ئەوساش چ لە ناوەوە بەرامبەر رژێمی گۆڕبەگۆڕ خۆڕاگربوون و چ لەدەرەوە لەکاتی کۆچڕەوە ملیۆنیەکەی ئاداری 1991 لەبەردەم بالوێزخانەکانی ئەمێریکا و بریتانیا شەو و رۆژ مانیان لە خواردن گرتبوو و لەرێگەی نامە و خۆپیشاندان لەسەر شەقامەکانی ئەوروپا و ئەمێریکا و بەرزکردنەوەی ئالاَی کوردستان سەپاندیان بەسەر هێزەکانی ئەمێریکا و بریتانیا کە دەستێوەردەن و گەلی کورد رزگاربکەن کەچی لەو کاتەدا تووشی دەستدرێژی رێکخراوە کوردیەکان دەبووین چونکە ئالاَی کوردستانم بەرزکردبوەوە و ئەوان بەرزکردنەوەیان قەدەغەکردبوو. هەمووی بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە کە پاراستنێکی نێودەوڵەتی بۆ باشوری کوردستان دابینکرا لەو بابەتەی کە زۆربەی سەرۆکی کورد لەسەرەتای سەتەی رابردوو داوایان دەکرد و کە خەونەکەشیان گیرابوو کە خەونی هەموو گەلی کوردبوو لەریزی پێشەوەیان ئەو شەهیدانەی کە لەکاتی شەهیدبوونیاندا دەیانوت "ئەی کوردستان بۆ تۆ شەهید دەبین.." ئەوجا بریتانیا و ئەمێریکا هێزەکانیان نارد بۆ کۆمەکی ملیۆنەها کوردی رەوەکە و بەزەییێکی نێودەوڵەتی بێ هاوتا لە رابردوودا دروستبوو، بەلاَم سەرۆکانی رێکخراوە کوردەکان لەجیاتی بانگەوازی دەوڵەتی کوردی بکەن ئا لەو رۆژە گرنگەدا چوون بۆ بەغدا و سەددام حوسێنیان ماچ کرد و بە ماچێکی ئەو خوێنرێژی گەلی کوردە کە زیاتر لە نیو ملیۆن کوردی کوشتوە هەموو بەزەییێکی نێودەوڵەتیان فەوتان... (وەك دەڵێن کێ دەیکا و کێ دەیخوا؟). هەروا لەنیشانەکانی ئەم چاڵە دەروونیە لەنێوان سەرکردایەتی و گەلدا دەبینین کە سەرکردایەتی کورد لەناو هەموو دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەبێ یاساوێ کۆدەبنەوە کەچی کاتێك لەگەڵ گەلی کوردی خۆیان کۆبوونەوەدەکەن یاساوڵەکانیان چەندبارەن و هەندێك جاریش یاساوێ لە کۆمپانیا ئەوروپاییەکانی ئاسایش بەکرێدەگرن، ئەمەش دەیگەیێنێ کە بڕوایان بە گەلی کورد نیە و لە تۆڵەی ئەو تاوانانە دەترسن کە بەرامبەر ئەم گەلە بێچارەیە کردوویانە، گەلێك کە چارەنووس بەلاَی داگیرکەری دڕندە و دواکەوتووی بۆ دروستکردون و لە سەرکردایەتییێکی نەتەوەیی دڵسۆزیش بێبەشی کردون کە بەرەو ئاسایشی ببات.**

**رێکخراوە کوردیەکان لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی ئازادیخواز و بیری نەتەوەیی کوردی هەروەك هەر گرۆییێکی دی مامەڵە دەکەن کە بتوانن گەمارۆ و قوتیان بدەن بەوەی کە چەند کەسانێك لەو گرۆیە بگرنە خۆیان بەهیوای وردە وردە گرتنەخۆی گشت گرۆکە. بەلاَم ئەم پلانە لەگەڵ بیری نیشتمانی و نەتەوەیی ئازادیخواز کەڵکی نیە چونکە بیری ئازادیخوازی موڵکی گەلی کورد هەموویەتی و رۆژانە دروست دەبێتەوە و لەگەڵ دایکبوونی هەر منالێکی کورد لەدایکدەبێتەوە، چونکە ئەم بیرە دەربڕینی یەکێکە لە بنچینەکانی هەستی مرۆڤایەتی کە ئازادییە. تەنیا لەساڵ 2007 لە باشوری کوردستان چەندین راپەڕینی جەماوەری روویداوە لە شارەکانی سلێمانی و کەلار و هەڵەبجە و ئاکرێ و هتد کە هەموی دژی رامیاری رێکخراوە کوردەکان بوو، خۆزگە سەرکردەی ئەم رێکخراوانە خەبەریان دەبووەوە و دەوروبەرەکەی خۆیان پاکسازیدەکرد چونکە ئەگەر لە ئامانجی گەل لە ئازادی و سەربەخۆیی دوورکەونەوە ئەوا بەشێوەییێکی ئۆتۆماتیکی لە گەندەڵی و گەندەڵکردن نزیك دەبنەوە.**

**ئەوەی کە یەکێتی چەند کەسایەتییێکی کاژیکی وەك بەڕێزان شێرکۆ بێکەس و مولازم عومەر و ملازم سەیفولاَ و لیوا مەنسور حەفید و هتدی لە رێکخراوەکانیدا لەخۆگرتوە یان پارتی دیموکراتی کوردستان چەند کەسانێکی نزیکی کاژێك وەك بەڕێزان حەمە عەزیز و عەبدولاَ عەزیز ئاگرین و ملازم شوان و شەهید مولازم کەریم و شەهید فەتاح ئاغا و شەهید شێخ محمد هرسین و هتدی لەرێکخراوەکانی گرتوەتەخۆ ئەوە ناگەیێنێ کە بیری نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی ئازادیخوازیان لەخۆگرتوە چونکە ئەو بیرە وەك**

وتم موڵکی گەلی کوردە و ئەوەی بیەوێ بیگرێتەخۆی دەبێ هەڵوێستی نەتەوەیی ئازادیخوازی هەبێت و بەوەنابێت کە چەند کەسانێکی کاژێك یا پاسۆخ یا هتد بگرێتەخۆی.

کەواتە واباشە رێکخراوەکانی کوردی باشوری کوردستان بیری نیشتمانپەروەری ونەتەوەیی ئازادیخواز هەڵبژێرن پێش ئەوەی گەلی کورد ئەم هەلە نێودەوڵەتیە بدۆڕێنن کە لە ساڵی 1991 وە رەخساوە و پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت ئەم هەنگاوانە بنێن:

1. پاش ئەوەی حکومەتی عراقی بە یەکلایەنی دەستوری عراقی سەبارەت بە ریفراندۆمی کەرکوك و ئەودوای ناوچە کوردستانیەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنوسیان لە 2007 بەجێنەهێنا، هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی کە دەستوری عراقی بەجێبهێنێ و گشت ناوچە کوردستانیەکان بەزۆر بگێڕێتەوە چونکە ئەم ناوچانە تائێستاش زۆرینەی کوردن و بەڕێوەبەرایەتیەکانی بە هەڵبژاردنی ئازاد کوردن، حکومەتی عراقیش ناتوانێت بەر لەم هەنگاوە بگرێت چونکە یاساییە و تەنانەت هێزەکانی ئەمێریکاش بێتوانان لە کردنەوەی بەرەییێکی دی لە کوردستان چونکە ئەوەی لە ناوەڕاست و باشور تووشیبوون بەسیانە. بێگومان دەشبێ مەسەلەی ریفراندۆمی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دی رەتبکرێتەوە چونکە ئەگەر کورد بە ریفراندۆم قایلبێت واتە گومانی لە کوردایەتی ئەو ناوچانە هەیە کە دووچاری بەعەرەبکردن کراون. من لەبیرمە کاتێك سەردانی جەنەراڵ موستەفا بارزانیم دەکرد لە 1972 پێش ئەوە پێشوازی شاندێکی عراقی بەرزی کردبوو و کاتێك شاندەکە باسی عەرەبایەتی کەرکوکی کردبوو!! بارزانی وازی لە گفتوگۆکردن هێنابوو و چاوپێکەوتنەکەی بڕیبوو تاکو ئەندامانی شاندەکە داوای لێبوردنیان کردبوو لە بارزانی و تکای بەردەوامی چاوپێکەوتنەکەیان کردبوو، بارزانیش وتبوی باشە و کاتی چاخواردن بوو، وە کاتێ چایەکەیان هێنابوو بارزانی بە کابرای بەردەستی وتبوو: سینی چاکەم بدەرێ و پاشان بە ئەندامانی شاندەکەی عراقی وتبوو یەکە یەکە، تۆ پێنووسەکەت بخەرە سەر سینیەکە و تۆ تەزبیحەکەت و تۆ کاتژمێرەکەت... پاشان وتبووی ئەم سینیە سینی منە، و کەرکوکیش شاری منە و ئەگەر کۆمەڵێ عەرەب و تورکمانی تێدایە بیانبەن بۆ خۆتان و ئەو شتانەی ناو سینیەکەی فڕێدابوو بە چاویانا... ئیتر شاندەکەی عراق نەیانوێرابوو یەك وشەی دی باسی کەرکوك بکەن. بەڵام شاندەکانی کورد کە لەودوا لە گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی عراقدا لە بەغدا بەردەوامبوون نەیانتوانی وتەکانی بارزانی بکەن بە یاسا و ئەوەش هەقیانە چونکە دەبوایە لەگەڵ عراق لە ولاتێکی بێلایەندا گفتوگۆیان بکردایە نەك نزیك مەڵبەندی موخابەراتی عراق و ژوورەکانی ئیعدام کردن. من بۆ کەرکوك چەندین نامەم بۆ سەرکردایەتی کورد ناردوە و چەندین بابەتیشم لە رۆژنامەکانی کوردی و عەرەبیدا بلاوکردوەتەوە وەك ئەوەی رۆژنامەی الشرق الاوسگ بەناوی "ترکمانەکان دەبێ مێژووی کوردستان بخوێننەوە".

2. پشتگیری بزووتنەوەی کوردی لە بەشەکانی دی کوردستان ئەویش نەك بە بەخشینی هەندێك پارە بە هەندێك لێپرسراوانی رێکخراوە کوردەکانی ئەوێ بەڵکو بە دروستکردنی پردێکی لۆجستی لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دی کوردستان، چونکە دەوڵەتانی داگیرکەری بەشەکانی کوردستان دژی دەسەلاتی کوردن لە باشوری کوردستان ئەگەر پردی لۆجستی ببەستێ یان نا.

3. پاش ئەوەی سەرەکوەزیری حکومەتی بریتانیا بەڕێز تۆنی بلێر لەبەر جەنگی عراق کورسیەکەی لەکیس چوو، وا چاوەڕوانیش دەکرێ کە بەڕێز جۆرج بوشیش کورسیەکەی لەکیس بچێت چونکە ئەمێریکایی و بریتانیەکان داوای کشانەوەی هێزەکانیان لە عراق دەکەن، پێویستە سەرکردایەتی کورد لە باشوری کوردستان لەگەڵ ولاتانی زلهێز دانیشن و باسی چەسپکردنی فیدرالی کورد و پاراستنی بکرێت ئەگەر هێزەکانیان لە عراق کشانەوە و عراقیەکان بەردەوامی فیدرالیزمیان رەتکردەوە، دەبێ هەر لە ئێستەوە خۆتان ئامادە بکەن – بە کڕینی تانك و فڕۆکە و چەکی دژئاسمانی و مەشقکردنی پێشمەرگە لەسەریان – بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، چونکە ئەگەر ئێستا ئەوە نەکرێت ئەوا گەلی کورد نەك بۆ سفر بەڵکو بۆ ژێر سفریش

دەگەڕێتەوە چونکە ئەمێریکاییەکان پاش کشانەوەیان لە ڤییێتنام ئێستا و ئەوسایش هەر لەدووریشەوە بیریان لە مەسەلەی ڤییێتنام جارێکی دی نەکردوەتەوە و سەرکردایەتی کورد بە ئەزموونی خۆیدا دەزانێت کە هەموو شتێك لە رامیاریدا لەوانەیە.

4. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێوارەی 20 ئاداری هەموو ساڵێك بکات بە رۆژی داگیرسانی مەشخەڵی نەورۆز و مەشخەڵی کاوە و مەشخەڵی ئازادی نەك هەر لە باشوری کوردستان بەڵکو لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بەتاییەتیش لە ئەوروپا و هەموو دونیای دەرەوە وەك چۆن جیهان لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵی زاییینیدا ئەیکەن و بۆ ئێمەی کورد نەورۆز نەك هەر جەژنی سەری ساڵی کوردییە بەڵکو جەژنی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەرە دژی زۆرداری و جەژنی سەرهەڵدانی خۆری ئازادی و سەربەخۆییە.

من سەبارەت بەم بارە دەروونیە و هۆکاری نەبوونی تائێستای دەوڵەتی کوردی دەنووسم و تکادەکەم کە کەسانی دیش بنووسن کە لەوانەیە روانگەی جیاوازیان هەبێت و کۆتاییەکەی ئەگەر بەتەواوی هۆکەمان زانی ئەوا چارەسەر ئەدۆزینەوە، بەڵام من ئەو بیانوانە قبوڵناکەم کە لە ئەندێشەییێکی نەخۆش دروست بوون وەك ئەوەی بۆ زیاتر لە نیو سەتە دەیانگوت کە باشوری کوردستان ناتوانیٚ ببیٚ بە دەوڵەت چونکە چواردەوری گیراوە و دەرکەی دەرەوەی نیە، بەڵام لە نەوەتەکاندا بینیمان کە کوردستان خۆی ریٚگای دەوڵەتانی دراوسیٚ بوو لە رێی ئیبراهیم خەلیلەوە، لەم روەشەوە وەزیری بەرگری ترکیا مەترسی خۆی سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە باشوری کوردستان دەربڕی و وتی: "ئەوەی نەوتی هەبێت دەتوانێت رێگا بکرێت".

**کورتە**

را پەڕینە جەماوەریەکانی کورد لە باشوری کوردستان ساڵی 1991 و لە رۆژاوای کوردستان ساڵی 2004 بڕوا و هیوایان گێڕایەوە کە رامیاری پاشکۆیەتی کورد و شۆردنەوەی مێشك و جەنگی دەروونی دژی کورد لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، کاریگەرییان لەسەر گەلی قارەمانی کوردمان نەبوە، بۆ داگیرکەرانی کوردستان و نۆکەرانیان دەرکەوت کە گەلی کورد هوشیارە و ئامادەیە بۆ قۆستنەوەی هەر هەلێکی داهاتوو بە سەرکردایەتییێکی کوردی کارامە و خاوەن هەڵوێستی نەتوەیی ئازادیخواز.

## بەشی سێیەم

## دوودڵی لە بڕیاردان و نەزانی تەواوی ئەو راستیە مێژوویە کە کوردستان نەك تەنیا لانەی گەلی کورد بوە بەڵکو هەر لەسەرەتای مێژووەوە لانەی یەکەم و دوەمی مرۆڤایەتی بوە پێش و پاش تۆفانیش

ئایا کوردستان دەستکردی ئیمپریالیزمە؟ ئایا کوردستان ئیسرائیلی دوەمە؟ ئایا کوردستان لە بنەڕەتدا نیە و زەمینەکەی بەشێکە لە سوریا و عراق و ترکیا و ئێران؟ یا کوردستان نیشتمانی گەلی کوردە؟ ئایا کوردستان نیشتمانێکی داگیرکراوە؟ یا کوردستان نیشتمانێکی دزراو و دەستبەسەرە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و لێکدانەوەی دی کە زۆرجار دەما نخەنە گێژاو و دژایەتی و ئەگەر کوردستان بەراستیەکەی تێنەگەین وەك نیشتمانی گەلی کورد کەس ناتوانێت چارەسەر بدۆزێتەوە و کوردستان وەك دڕکێك لە قوڕگی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهاندا هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.

ئیمپریالیزم چیە؟

لەبەر ئەوەی کورد فەرمانڕەوایی کوردستان ناکەن، کەواتە کوردستان لە باری داگیرکراوی و کۆلۆنیدایە، بەلاَم ئایا چ جۆرە داگیرکردنێك؟

دونیا چەندین جۆری کۆلۆنیالیزمی بەخۆیەوە دیوە و من هیواداربووم کە کوردستانیش یەکێك بوایە لەوانە چونکە کۆلۆنیالیست لە کۆتاییەکەیدا لەو ولاَتانە دەکشێتەوە و ئەو ولاَتانە درەنگ یا زوو سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرن ئیتر بە قوربانی زۆربێ یان کەم هەموویان کۆتاییەکەی لە کۆلۆنیالیزم رزگاریان بوە و سەربەخۆیی نیشتمانی خۆیان وەرگرتوە، لێرەدا هەندێك جۆر لە کۆلۆنیالیزم لە جیهاندا باسدەکەین:

- کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێ: وەك داگیرکردنی ئافریقای جنوبی و نامیبیا لەلایەن سپی پێستەکانەوە.
- کۆلۆنیالیزمی سوپایی: بریتانیا بۆ میسر و هند، فەرەنسا بۆ جەزایر و مەغرب
- کۆلۆنیالیزمی ئابوری: ئەوروپا بۆ رۆژهەلاَتی ئاسیا و بریتانیا بۆ هۆنگ کۆنگ
- کۆلۆنیالیزمی رۆشنبیری و مێشکی: وەك داگیرکردنی سۆڤیەت بۆ رۆژهەلاَتی ئەوروپا و سەپاندنی باوەڕی مارکسی، وە داگیرکردنی عەرەبی ئیسلامی بۆ گەلانی رۆژهەلاَتی ناوەڕاست و سەپاندنی ئایینی ئیسلام و ئەمێریکا بۆ هەموو جیهان: بە کۆنترۆڵکردنی جیهان لەرێگای زمانە ئینگلیزیەکەی و بازرگانی و فلیمە زۆرەکانی و بۆ بازاڕەکان بە دەسبەسەراگرتنی جلوبەرگی جینزی ئەمێریکایی و هەروەها بلاَوکردنەوەی نموونەکانی خواردنی ئەمێریکایی: بە ئامادەکردنی خواردنی خێرا بە رێگەی ئەمێریکایی وەك ماکدۆناڵد و خواردنەوەی کۆکاکۆلا و پێپسی و هتد، تەنانەت لەناو ماڵێشدا دیکۆری ئەمێریکایی بلاَوبوەتەوە و کاتێك چێشتخانە بەکراوەیی لەناو هۆڵی دانیشتندایە پێی دەگوترێ نموونەی ئەمێریکایی و هتد...

بەم نموونانەی داگیرکردندا بۆمان دەردەکەوێ کە کوردستان دووچاری هەموو ئەو جۆرانەی سەرەوە بوە هەر لە داگیرکردنی نیشتەجێوە (ئوردوگاکانی حزامی عەرەبی لە رۆژاوای کوردستان) بۆ داگیرکردنی سوپایی (هەموو هەرێمە کوردستانیەکان) بۆ داگیرکردنی رۆشنبیری و مێشکی (سەپاندنی تەعریب و تەتریك و تەفریس بەسەر دار و بەردی کوردستاندا) و بۆ داگیرکردنی ئابوری (تالاَنکردنی سامانی کوردستان بەتایبەتی نەوت)، بەلاَم جیاوازی لەنێوان هەموو داگیرکردنێکی دی و داگیرکردنی

کوردستان ئەوەیە کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان زۆر باش دەزانن کە کوردستان نیشتمانی ئەوان نیە و نیشتمانی گەلی کوردە کەچی هەرگیز دان بەم راستیەدا نانێن و تەنانەت ئەگەر ناوی کوردستانیش بهێنن ئەوا تەنیا وەك ناوچەییێکی ولاتەکەیان یان گوندێك لە گوندەکانیانە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەییێکی ناراستەوخۆ ئەو کاروکردەوە رەگەزپەرستانەی دژی گەلی کورد و کوردستان و یاسا نائاساییەکان کە تەنیا لە کوردستاندا دەیانسەپێنن و لە ناوچەکانی عەرەب و ترك و فارسی خۆیاندا نین، خۆی لەخۆیدا هەموو ئەمە دانپێدانانە بەوەی کە گەلی کورد عەرەب و فارس و ترك نیە و کوردستان خاکی ئەوان نیە.

بۆ ئەوەی بگەینە سەرەنجامێکی دروست دەبێ کێشەی کوردستان لە روانگەی هەموو لایەنەکانەوە شیبکەینەوە:

## کوردستان لە روانگەی گەلی کوردەوە

جەماوەری گەلی کورد هەر لە کەنداوەوە لەباشور و تا ولاتی قەفقاس و دەریای رەش لە باکور و هەمەدان و سنە لە رۆژهەلات و دەریای سپی ناوەراست لە رۆژاوەوە دەزانن و بڕوایان هەیە کە کوردستان نیشتمانی خۆیانە و دەستبەسەرکراوە لەلایەن سوریا و عراق وئێران و ترکیا و یەکیێتی سۆڤیەتی جاران، هەروا سەرەڕای دووری نێوان و سنووری رامیاری دەستکرد لەنێوان ناوچەکانیان و هەرچەند زاراوەی کوردییان جیاوازبێت هەموو کوردێك کە لەگەڵ کوردێکی دی یەکدی دەبینن ئەوا وەك براییێك پێشوازی لێدەکات و ئەگەر کارەساتێك بەسەر هەر ناوچەییێکی کورددا بێت هەموویان دڵن بەسەردەمیەوە هەروەك کاتی بۆمبارانی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی لەلایەن رژێمی عراقی لە 1988 و هەروا لەکاتی کۆچڕەوی ملیۆنی کوردەکانی باشوری کوردستان لە 1991 و کاتی گرتنی کاك عەبدوڵا ئۆچەلان بەچاو نوقاوی، چونکە گرتنی بەو شێوەیە تەنیا ئەتککردنی کەسایەتی خۆی و پارتەکەی نەبوو بەڵکو ئەتککردنێك بوو بۆ هەموو گەلی کورد، بۆیە گرتنەکەی راپەرینێکی گەورەی لەهەموو هەرێمەکانی کوردستان و ویژدانی کورددا بەرپاکرد... هەڵوێستەکانی گەلی کوردیش بەرامبەر هەڕەشەکانی ترکیا لەبەرزترین ئاست و لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دیاربوون، بۆ نمونە کاك ئالان مورشید نە خەڵکی باکوردی کوردستان بوو نە باشوری کوردستان کە هەڕەشەی ترکی لێدەکرا بەڵکو خەڵکی رۆژاوای کوردستان بوو کەچی کاتێك سەرۆکی ترکی ئۆردوغان سەردانی بەرێز تۆنی بلێری سەرەکوەزیری بریتانیای دەکرد کاك ئالان هێرشی بردە سەر ئوتومبێلەکەی ئۆردوغان و هاواری دەکرد بژی کوردستان و ئالای کوردستانی بۆ دەشەکانەوە...

هۆکانی یەکیێتی هێزە کوردستانیەکان تەنیا کارەساتەکانی گەلی کورد نەبوون کە بەڵکو ئەم یەکێتیە لە هەموو بۆنەییێکی خۆش و راپەرین و شۆڕشێکیشدا خۆی دەنوێنێ وەك بەشداری کوردی هەموو هەرێمە کوردستانیەکان لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە هەمان رۆژدا هەموو ساڵێك و کاتێ شۆڕشێك لە هەرێمێکی کوردستان بەرپادەبێت هەموو گەلی کورد بەشداری تێدادەکات وەك شۆڕشی ئەیلولی 1961 و شۆڕشەکەی باکوری کوردستان لە 1984 کە گەلی کوردی رۆژاوای کوردستن زیاتر لە 7000 شەهیدی بۆ کردە قوربانی.

کاتێك لە 1946 کۆماری کوردستان لە رۆژهەلاتی کوردستان دامەزرا، جەنەراڵ موستەفا بارزانی و هەزاران سەرباز و ئەفسەری باشوری کوردستان و چەندین کەسایەتی ناوداری وەك کاك قەدری جەمیل پاشا و خەباتگێری دی لە رۆژاوای کوردستان و باکوری کوردستان روویان تێکرد گشتیان راپەرین بۆ بەشداری لە کۆمەکی کۆماری کوردستان، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ کوردستانی بەشکرد نەیتوانی گەلی کورد بەشبکات و گەلی کورد یەکە و بە یەکێتی مایەوە تاکو پاشان دوای شەڕی دوەمی جیهانی پارتایەتی بلاوبووەوە.

## کوردستان لە روانگەی پارت و رێکخراوە کوردەکانەوە

وەك لە پێشدا وتم سایکس پیکۆ کوردستانی بەشکرد بەلاّم نەیتوانی گەلی کورد بەشبکات و ئەو سوپایانەش کە کوردستانیان داگیرکرد و بە هاوپشتی ولاّتانی زلهێزی رۆژهەلاّت و رۆژاوا نەیانتوانی گەلی کورد بەشبکەن، هەرچەندە گەمارۆی کۆماری کوردستانی 1946 یان دا و تەنگیان بە حکومەتی کوردستان لە شاخەکانی ئارارات لە 1927-1930 هەلّچنی ، روسەکان لە باکورەوە و ترکەکان لە رۆژاواوە و ئێرانیەکانی لە رۆژهەلاّتەوە و ئینگلیز و فەرەنسیەکان لە باشورەوە، بۆ نموونە هێزەکانی فەرەنسا لە سوریا بواریاندا بە هێزەکانی ترکیا تاکو هێلّی ئاسنی حەلەب بۆ موسلّ بەکاربهێنن بۆ گواستنەوەی هێزە ترکەکان و گەمارۆدانی هێزەکانی شۆڕش و رێگرتن لە هەموو کۆمەکێکی کوردی لە هەرێمە کوردستانیەکانی دراوسێوە، بەلّیّ رۆژهەلاّت و رۆژاوا و دەولّەتانی داگیرکەری کوردستان گشتیان هاوکارییانکرد بۆ پارچەکردنی رۆحی شۆرش و سەربەخۆیی گەلی کورد بەلاّم هەموو نوشوستییێکی بێپایانیان هێنا و پێویستی کرد کە ئەسپێکی تەڕوادەی کوردستانی لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا پەیداکەن تاکو نەتەوەی کورد بەشکەن و بزووتنەوەکەی بکەنە چەند گرۆیێکی پارتی ناوچەیی و یەککوژ بە دروشمێکی نهێنی نەنوسراوەوە کە: "نهێنیەکانی گەلی کورد ئاشکرابن بەلاّم راستیەکان نهێنی" و ئەگەر ناچاربوو بەشێوەیێکی شێواو و هەلّەوگێڕاو دەیگەیێننە جەماوەر و ئاسایشی نەتەوەیی نوکتەیێکە گالّتەجارِی پێدەکەن و دارِشتنی ستراتیژی نەتەوەیی کورد بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە ئامانجەکانی لە دەولّەتێکی کوردی دیموکراتی ئەوە شتێکە هەر تەنانەت بیریشیان لێنەکردوەتەوە چونکە بەشێك نیە لە پرۆگرام و رامیاری پارتی یەککوژیان کە ئامانجی زیاتر جیاوازای چاندنە لەناو کورد و زیاتر چەسپاندنی ناوچەگەری کە دەبێتە هۆی ململانیّ و کوشتار لەنێوان کورد و برای کوردیدا کە ئەوەش داخوازی دەولّەتانی داگیرکەری کوردستانە و بەو شێوەیەش پارت و رێکخراوە کوردەکان گەرانتی مانەوەی خۆیان و رەزامەندی دەولّەتانی داگیرکەری کوردستان دەکەن. هەندێك دەلّێن کە ئەم رێکخراوە کوردانە زۆر زیرەکن چونکە توانیویانە پەیوەندی باش ببەستن لەگەلّ هەموو دەولّەتانی داگیرکەری کوردستان و بناغەی ئەم پەیوەندیە بەهێزانە تەنیا بۆ مایەوەیانە لەسەر کورسی و بۆ سەربەخۆیی کوردستان نیە و بینینی ئەم رۆلّەش وەك ئەسپی تەڕوادە وایە کە هێشتا رۆلّی لە سەرەتادایە و زۆری ماوە...

بۆ ئەوەی وتەکانم هەر وتە نەبن چەند رووداوێکی گرنگی مێژووی گەلی کورد دەگێڕمەوە کە چۆن لەلایەن رێکخراوە کوردەکان مامەلّەیان لەگەلّ کرا و کاردانەوەیان چۆن بوو، هەروەك تیۆریەکانی فیزیکیش دەلّێن کاردانەوە یەکسانە بە هێزی کار و بە پێچەوانەی ئاراستەکەیەتی:

کاردانەوەی پارت و رێکخراوە کوردەکان لەژێر سفرەوە بوو و لە هەندێك بەیاننامە و راگەیاندن زیاتر بەدەر نەبوو، ئەوپەڕەکەشی رێکخستنی خۆپیشاندان تەنیا لەدەرەوە، چونکە پارت ورێکخراوە کوردەکان ئامادەنین خۆپیشاندان لە کوردستان رێکبخەن چونکە ئەوە دەبێتە را پەڕینێکی جەماوەری و پارت و رێکخراوە کوردەکانیش باش دەزانن کە را پەڕینەکان هەمیشە پیاو و سەرکردەی راستەقینەی نەتەوە دروستدەکە و ئەمەش لەو خەتە سوورانەیە کە نابیّ لێی بترازی.

بۆمبارانی شاری هەلّەبجە بە چەکی کیمیاوی و کۆچڕەوی ملیۆنی و کوشتنی زیاتر لە نیو ملیۆن کورد لەلایەن سەددام حوسێنی گۆڕبەگۆڕ و پارتەکەی لە کارەساتەکانی ئەنفال و هەلّەبجە و بارزانی و فەیلیە فڕێندراو و سەرنگونکراوەکان و کاروانی شەهیدانی جەنگ و تیرۆرکردنی سەر جادە و ژێر ئەشکەنجە، کاردانەوەی پارت و رێکخراوە کوردەکان ئەوەبوو چوون بۆ بەغدا و لە بەردەم تاوانبار سەددام حوسێنی بکوژی نیو ملیۆن کورد وەستان و لەجیاتی ئەو داوای لێبوردن بکات بۆ تاوانەکانی... بەتەواوی پێچەوانە روویدا و پارت و رێکخراوە کوردەکان داوای لێبوردن و بەزەییان کرد و بەگەرمی ماچی سەددام حوسێنیان کرد و تەنانەت یەکێکیا لەکاتی ماچکردنی سەددامدا وتی: "ئەمە خۆشترین کاتی ژیانمە" هەروەك بە سەددام حوسێن بلّێن دەستخۆش و هیوادارین جارێکی دی زیاتر لە نیو ملیۆن کورد بکوژیت. ئەوسا یەکێك لە دیپلۆماتەکانی بریتانیا بە منی گوت کە گەلی کورد

پاش لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی بەیاسای نێودەوڵەتی قەدەغەکراو بۆی هەیە دەوڵەتی کوردی لە باشوری کوردستان دامەزرێنێت و هیچ نەبێت دەوڵەتێکی کوردی لەناوچەی هەڵەبجە چونکە هەر دەوڵەتێك گەلی خۆی بەو جۆرە چەکە بۆردومان بکات بۆی نیە جارێکی دی فەرمانڕەوایی بکات. بۆیە ساڵی 1991 بابەتێکم نووسی بە ناوی "ماچی زەلیلی" بە سێ ئەڵقە، کەچی ئێستا پاش 17 ساڵ لە ماچی زەلیلی کاك نەوشیرەوان موستەفا کە یەکێك بوو لە بەشدارانی ماچی سەددام حوسێن یادگارنامەی خۆی نووسیوە و ئەو رۆژە بە رۆژێکی رەش دادەنێت، ئەوەش دانپێدانانە بە راستی هەڵوێستەکەمان هەرچەندە 17 ساڵیش دواکەوتبێت. لەم بارەیەوە دەخوازم هەڵوێستێك بیرخەمەوە کە لەکاتی کۆنگرەی بەهاری دۆستایەتی کە ساڵی 1997 لە پایتەختی لیبیا تەرابلوس روویدا، کە لە کارەکانی ئەو کۆنگرەیە بە جلی نەتەوەیی کوردەوە بەشداریم کرد و لەکاتی یەکێك لە پشوەکاندا سێ کەسم بینی کە دەیانویست سڵاوم لێبکەن و یەکەمیان تەوقەی لەگەڵ کردم و بە کوردی وتی چۆنی کاکە، وتم باشم و جەنابت کێی، وتی: من نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانم و ناوم موحسنە، وە دوەم هات و وتی من نوێنەری پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانم، وتم سەرچاوم هاتی، سێهەمیش هات و دەستی خستە ناودەستم و بە عەرەبی وتی من باڵوێزی عراقم، منیش وەك کارەبا بمگرێ بەشێوەییێکی بێ خواز و بیرکردنەوە دەستم کشایەوە، کابرای باڵوێزی عراقیش وتی: بۆچی وا دەستت رادەکێشیتەوە ئەوە رەوشتێکی شارستانی نیە، منیش وتم: ئەی کوشتنی نیو ملیۆن کورد رەوشتێکی شارستانیە؟ ئەگەر بتوتایە من فلاّن کەسم و عراقیم دەموت بەخێربێی سەرچاو، بەلاّم ئەگەر بڵێیت من باڵوێزی عراقم، واتە تۆ هاوبەشی ئەو تاوانبارەی و من ئامادەنیم دەست بخەمە دەست بکوژانی گەلی کورد، ئەویش دەستی کرد بە هاتوچۆ لە هۆڵەکەدا و هاتەوە بە توڕەییەوە وتی: خەتای تۆ نیە خەتای ئەوەیە کە تۆی بانگکردوە بۆ کۆنگرەکە، منیش وتم ئەوەی منی بانگکردوە سەرکردە موعەمەرە کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات، رۆیشت و هەمدیسان هاتەوە وتی: بە زمانتا دیارە تۆ سوریت و هیچ پەیوەندیت بە ئێمەی عراقیەوە نیە، منیش وتم: من کوردم لە سوریا و ئێمەی کوردی سوریا و عراق یەك گەلین و تۆی کە هیچ پەیوەندیت پێمانەوە نیە، ئەوجا رووکردە نوێنەرانی پارتە کوردەکان و پێم وتن چۆن لەگەڵ ئەم بکوژە دەگەڕێن و وتیان ئێمە سەر بەو پارتانەین کە بەرەیان لەگەڵ حکومەتی عراقی هەیە، ئەوجا تێگەیشتم کە ئەمانە لەو پارتە کوردانەن کە سەددام دروستیکردوون، بۆیە پێم وتن برۆن بگەن بە هاوڕێکەتان و هەر سێکیان کۆنگرەکەیان جێهێشت و نەهاتنەوە، دوایی لە یەکێکی دانیشتووی لیبیا زانیم کە ئەو باڵوێزەی عراق ناوی (عەلی ئەلحەدیسی)ە، وە من دڵنیام کە عەلی ئەلحەدیسی هەرگیز ئەو هەڵوێستەی لەبیر ناچێتەوە و دڵنیاشم ئەگەر سەرکردەکانی کورد هەڵوێستیان بە هەمان شێوە بوایە ئێستا دەمێك بوو کارەساتی گەلی کورد کۆتایی پێهاتبوو. بەلاّم پارت و رێکخراوە کوردەکان وادەزانن کە هەڵوێستەکانیان دروستن و بریتین لە دەربڕینی رامیارییێکی ئاست بەرز، منیش دەڵێم نەفرەتی خوا لەو رامیاریە.

هەروا کاردانەوەی پارت و رێکخراوە کوردەکان بەرامبەر بە حەشاردانی چەندبارەی هێزەکانی ترکیا بەتایبەتی ئەمانەی ئەم دواییە کە بۆنی نەوتی کەرکوکیان لێدێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی ریفراندۆم سەبارەت بە چارەنووسی، ئەوەبوو لە مانگی ئۆکتۆبەری 2007 ترکیا سوپای خۆی لەسەر سنووری باشوری کوردستان حەشاردا و مەبەستیش لەو حەشاردانە سەربازییە ئەوە بوو تاکو کاردانەوەی پارت و رێکخراوە کوردەکان ببینن، بەلاّم ترکیا هیچ کاردانەوەییێکی وای نەبینی کە باسبکرێت بۆیە بڕیاریدا کە لە شوباتی 2008 چەند کیلۆمەترێك بێتە ناو باشوری کوردستان و دیسان چاوەڕێی کاردانەوەی پارت و رێکخراوە کوردەکان بوو بەلاّم هەر هیچ، ئەجا ترکیا کشایەوە تاکو قۆناغی سێیەمی دەستدرێژیەکانی بەجێبهێنێت و لە قۆناغی داهاتوودا چەند شارێکی کوردی داگیردەکات و بۆردمانی ئەوانی دی دەکات و هەوڵدەدات کە شاری کەرکوك بەزۆر بێ یا بە فاڵشیڤکردن بداتە دەست تورکمانەکان.

بەکورتیەکەی پارت و رێکخراوەکانی کورد دەست و پێی گەلی کوردیان بەستوەتەوە تاکو دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بتوانن بە هەوەسی خۆیان بەربنە گیانی گەلی کورد و گرنگ لایان ئەوەیە کە خۆیان لەسەر کورسیەکانیان بمێنن.

له سەرەنجامی ئەم رامیاریەی پارت و رێکخراوە کوردەکان گەلی کورد هەموو ئەو هەلانەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییان لەدەستداوە کە گەلی کورد لەسایەی لێشاوی خوێنی شەهیدانی کوردستان لەپێناوی سەربەخۆیی رەخساندونی و هەر یەکێك لەو هەلانە پێویستی بە چەندین پەرتوکی شیکردنەوە هەیە و لەبەرکەمی بوار تەنیا ئەم هەلانە باس دەکەم:

1. روخانی رژێمی پاشایەتی عراق 1958
2. کاتی دەسەلاتی عەبدولرەحمان عارف
3. روخانی رژێمی پاشایەتی ئێران 1979
4. شەڕی عراق – ئێران 1980-1989
5. رووخانی یەکیەتی سۆڤییێت و رژێمی نێودەوڵەتی کۆن 1990
6. پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان 1991
7. رووخانی رژێمی سەددام حوسێن 2003

چەندین هەلی دیکەش کە تائێستاش رەخساون بەلام کەس نیە بیانقۆزێتەوە و ئەوەی کە بشتوانێ نایەوێت بجولێ تاکو پارت و رێکخراوە کوردیەکانیان و چەند کورسییێك بپارێزن کە هیچ لە کێشەی کوردستان و سەربەخۆیی ناگۆڕن.

بەداخەوە کە پارت و رێکخراوە کوردەکان بوونەتە ئامانج و کوردستان و گەلی کورد بوونەتە ئامێر، کەچی دروست ئەوەیە کە بەتەواوی بە پێچەوانەوەبێت.

جیهان هەمووی چاوەڕوانی هەلێك دەکات و ئەوەی هەلێکی لەدەست بچێت چاوەڕێی هەلێکی دی دەکات، ئەگەر هەلی کۆدێتاکەی قاسم لە عراق 1958 نەبوایە جەنەرالێ موستەفا بارزانی نەیدەتوانی لە دەربەدەری لە یەکیەتێ سۆڤییێت بگەڕێتەوە، ئەگەر کۆدێتاکەی خومەینی لە ئێران نەبوایە دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملو نەیدەتوانی بگەڕێتەوە کوردستان و ئەگەر کۆدێتای ترکیا 1980 نەبوایە کاك عەبدولا ئۆچلان پەنای نەدەبردە سوریا و شۆڕشی باکوری کوردستان 1984 بەرپانەدەبوو.

ئەوەبوو عەبدولکەریم قاسم لە 1958 دەستورێکی کاتی راگەیاند و مادەی سێهەم تیایدا دەیوت: عەرەب و کورد لەم نیشتمانە هاوبەشن، هاوبەشیش واتە قاسم دەوڵەتی کوردی بەخشیوە بە گەلی کورد، چونکە ئەگەر بەرژەوەندی هاوبەشەکان نەیێتەدی ئەوا هەر یەکەیان دەتوانێت بەشی خۆی لە زەمین و خەڵك ببات و لە هاوبەشەکەی جیابێتەوە، بەڵێ بەراستی کورد ئەو کاتە دەوڵەتی خۆیان وەرگرت کەچی بەرای من کورد ئەو هەلەیان بەفیڕۆدا و لەگەڵ قاسم جەنگیانکرد و داوای ئۆتۆنۆمییان کرد!!

خومەینیش کورتەیێکی مافی گەلی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە 11 بەندا راگەیاند کەچی لەجیاتی پەرەپێدانی کورد جەنگی خومەنییان کرد و وایان لێکرد کە فەتوای کوشتاری کورد دەربکات و کورد ئەو هەلەشیان لەدەست چوو.

زۆربەی گەلی کورد لەگەڵ من دەڵێن کە ئەو هەلانەمان لەدەست چوە و پاش بەفیڕۆدان ئاهیان بۆ دەخۆین بەلام هیچ کەڵکی نیە، بەلام ئەمرۆ لە باشوری کوردستان هەلێکی گەورە هەیە بۆ سەربەخۆیی بەلام سەرکردایەتی کورد وانازانن کە هەلی سەربەخۆییە، بەلام کاتێك کە هەلەکە دەڕوات و کاتی نامێنێت ئەوسا لەگەڵ من رێکدەکەون و دەڵێن هەلێکی مەزن بوو، بەلام سوودی چیە ئەگەر لەکاتی خۆیدا سوود لە هەلەکە وەرنەگرین و لەم بارەیەوە چیرۆکێکی خۆشم بیردێتەوە:

پێش چەند ساڵێك دکتۆر عامر زێباری دۆستم سەردانی کردم لە لەندەن، باسی هەلە بەفیڕۆدراوەکانی کوردمان دەکرد، پێی وتم: منیش وەکو گەلەکەم هەل بەفیڕۆ دەدەم، وتم چۆن؟ وتی: دەزانی کە وێنەی فۆتۆگرافیت دەگرن دەبێ رووخۆش و بەخەندەبیت نەك گرژ و مۆن تاکو وێنەکە جوان دەرچێ... بەلام من هەرکاتێ وێنەم دەگرن، دوای چرکەی کامێراکە ئەوجا بیرم دەکەوێتەوە کە بەخەندە بم، بەلام کەڵکی نەماوە چونکە تازە وێنەکە گیراوە، ئەمەش هەمان حاڵی گەلی کوردە کە بە هەلەکە نازانێت پاش فەوتانی نەبێت.

## كوردستان لەروانگەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە

من لومەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و مامەڵەی ڕەگەزپەرستانەیان دژ بە گەلی کورد ناکەم چونکە ئەوە خووڕەوشتێکی ئاساییە بۆ داگیرکەرێکی دواکەوتووی وەك دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و سەرۆکەکانیان بەئاشکرا و بەنهێنی کۆمەکی مادی و دەروونی پارت و ڕێکخراوە کوردەکان دەکەن و تەنانەت چەك و تەقەمەنیشیان دەدەنێ. بۆ نمونە رژێمی سوریا کە دژی گەلی کوردە نەك تەنیا گەلی کوردی ڕۆژاوای کوردستان بەڵکو گەلی کورد لە هەموو هەرێمەکانی کوردستان و پرۆژەکانی حزامی عەرەبی ڕەگەزپەرستانە و کێشانەوەی شوناسنامەی سوری لە کوردەکانی ڕۆژاوای کوردستان و ئەحکامی عورفی و یاسای نائاسایی ڕەگەزپەرستانە کە رژێمی سوری دژی گەلی کوردی ڕۆژاوای کوردستان بەکاریان دەهێنێت پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیێکی تایبەتیە و لێرەدا تەنیا چەند نمونەیێك دێنمەوە لەسەر ڕۆڵی رژێمی سوری لە شکاندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەرێمەکانی دی کوردستاندا کە لەژێر دەسەلاتی ئەودا نین: لە ڕێگای ئەوان و بەکارهێنانی کەسانێك لە حزب الله ی لبنانی لە بەرلین لە 1993 تاوانی تیرۆرکردنی دکتۆر سەعید شەرەفکندی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرپاکرا و لە کۆنگرەی ئیسلامی لە تاران ساڵی 1989 سەرۆکی سوری حافیز ئەلئەسەد وتی ئەگەر تەقەلاکانی من نەبوایە ئێستا لە عراق دەوڵەتی کوردی هەبوو، لەساڵی 1998 رژێمی سوری بەدەرکردنی کاك عەبدولا ئۆجەلان لە سوریا پاش نیشتەجێبوونی ماوەی 14 ساڵ ناپاکی کرد بەرامبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باکوری کوردستان کە دوایی بوو بە هۆی گرتنی لە کینیا.

لەگەڵ ئەوەشدا رژێمی سوری میوانداری چەندین پارت و ڕێکخراوی کورد دەکات و کۆنگرەیان بۆ دەبەستێت و پارە و چەکیشیان دەداتێ!!!! کەواتە رژێمی سوری کۆمەکی ئەو پارت و ڕێکخراوانە دەکات کە دەبینێ پلانەکانی ئەو جێبەجێدەکەن بۆ لغاوکردنی و بەزنجیر بەستنەوەی گەلی کورد لەلایەن کەسانێك کە بەکوردی دەئاخڤن و ئەزموونیش دەیسەلمێنن کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو نابن بۆیە وەك لە پێشدا وتم پێویستیان بەوەبوو کە ئەسپێکی تەڕوادەی کوردستانی بدۆزنەوە.

## کوردستان لە روانگەی رامیاری نێودەوڵەتیەوە

ڕاستە رامیاری نێودەوڵەتی بەرامبەر کورد و کوردستان هێشتا بەپێی کۆنگرەی لۆزان ساڵی 1923 دەڕوات کە کوردستانی بەشکرد، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە گەلی کورد دۆستی نەبوون، کە هەندێکیان سەرۆکی وڵاتانی زلهێز بوون، بەلام پارت و ڕێکخراوەکانی کورد نائومێدی کردوون، لەم بارەیەشەوە چەند نموونەیێك دێنمەوە:

1. سەرکۆماری فەرەنسا دانییێل میتران کە دروستکردنی هەرێمی ئاسایش بۆ گەلی کورد لە باشوری کوردستان پێشنیاری ئەو بوو و پاشان سەرۆکوەزیرانی بریتانیا جۆن مەیجەر پەسەندی کرد و توانیان کاربکەنە سەر هەڵوێستی ئەمێریکا. پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێم لە 1992 سەرکۆماری فەرەنسا میتران داوی کۆبوونەوەی کرد لەگەڵ سەرۆکی پارت و ڕێکخراوە کوردەکان و لە کۆشکی کۆماری فەرەنسادا چاوی پێکەوتن و پێیراگەیاندن کە ئێستا ئێوە لەسەر ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانن و یەکەم هەنگاوتان دەبێ دانانی یاسای دەوڵەتی کوردی بێت، لە فەرەنسا لیژنەیێك هەیە کە بۆ دانانی یاسا گرنگترینە لە جیهاندا، من ئەو لیژنەیە دەکەم بە لێپرسراوی دانانی یاسای دەوڵەتی کوردی، بەلام ئێوە دوژمنتان زۆرە و داواتان لێدەکەم کە نهێنی بپارێزن تاکو بتوانین بگەینە دەوڵەتی کوردی...
بەلام پێش ئەوەی ڕۆژبێتەوە هەواڵی سەرۆك میتران لە هەموو ڕۆژنامەکانی ترکیادا بوو، ئەوجا سەرۆك میتران پەیوەندی بە سەرکردەی پارت و ڕێکخراوە کوردەکان کرد و پێی ڕاگەیاندن کە جارێکی دی پەیوەندی پێوەنەکەن، لەسەرەنجامی ئەم سکاندالە رامیاریەدا کە ماتەمی و گرژییێکی زۆری بۆ دروستکرد سەرۆك میتران تووشی نەخۆشییێکی کوشندە بوو و خوا بەدەستی سەرکردەی پارت و ڕێکخراوە کوردەکان کوشتی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆك میتران تا دواترین کاتی ژیانیشی هەر گەلی کوردی

**خۆشدەویست. جارێکیان لە کۆنگرەی سۆشیالیزمی نێونەتەوەیی لە سوید ڕۆژنامەنووسێکی کورد بە سەرۆك میترانی گوت: لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئاشتی چێنابێت تاکو کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت، سەرۆك میترانیش وتی ڕاستە ئاشتی نابێت نەك تەنیا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەڵکو تەنانەت لە ماڵەکەی منیشدا. ئەمەش پەنجەراکێشان بوو بۆ ژنەکەی کە شەو و ڕۆژ لەسەر کێشەی کوردی نایەڵێت خەوی لێبکەوێت... ئەمەش خۆم بینیم کاتێ لە ئاهەنگی پێشکەشکردنی خەلاتی ئاپۆ عوسمان سەبری لەگەڵ ژنەکەی خاتو فرانسوا میتران لە پاریس کۆبوومەوە و یەکەم شت کە لە ئاهەنگەکەدا وتی ئەوەبوو کە ئەمڕۆ من لە نەخۆشخانە بووم و پێویستیم بە چەند ڕۆژ پشوە لە ماڵەوە و ئامادەی کۆبوونەوە نەبووم لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەلام کە وتیان کوردەکان داوای کۆبوونەوەیان لێکردوم نەمتوانی بڵێم نا.**

2. **سەرۆکی لیبیا کۆلۆنێل موعەمەر قەددافی، کە زیاتر لە چارەکە سەدەیێکە بانگەوازی دەوڵەتی کوردی دەکات، وە ئەم هەموو پەیڕەو و خۆشەویستی و ڕێزەی سەبارەت بە گەلی کورد ئاشکرابوو بۆ شاندی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان کاتێك کە لە 29-1-1997 سەردانیان کرد لە تەرابلوس و ئالای کوردستانیان پێشکەش کرد، ئەو دانیشتبوو بەلام بۆ ڕێزگرتنی ئالای کوردستان هەستایە سەرپێ و ئەملا و ئەولای ئالاکەی گرت و بە گەرمیەوە تێیڕوانی و پاشان دەقیگرت و ماچیکرد و خستیە سەر سەری، کە چەند ساتێکی ملکەچی کوردستانی نایاب بوو لەبەردەم قارەمانی عەرەب و ڕۆژهەلات و ئافریقا کۆلۆنێل موعەممەر قەددافی کە زمان بێتوانایە لە باسکردنی. بەلام پارت و ڕێکخراوە کوردەکان دەڵێی تێناگەن و نابیستن کە سەرکردەی لیبی موعەممەر و ئەودوای دۆستەکانی گەلی کورد چیدەڵێن، بەلام باش دەبیستن و جێبەجێدەکەن هەرچییێك دوژمنانی گەلی کورد باسیبکەن.**

3. **لۆرد جێفری ئارچەر: هەر لە هەشتاکانی سەتەی پێشوەوە جارێکیان گوێم لێبوو دەیگوت من هیوادارم لەکاتی ژیانمدا دەوڵەتی کوردستان ببینم، لەساڵی 1991 سەردانی کوردستانی کرد و لە وتارێکدا بۆ جەماوەری کورد لەشاری هەولێر وتی: ئێوە نەتەوەییێکی 30 ملیۆنین و شایانی سەربەخۆیین، لە هەمان کاتیشدا یەکێك لە لێپرسراوانی پارتەکان هەستا و مایکرۆفۆنەکەی لێوەرگرت و وتی: لۆرد ئارچەر هەڵەی کرد و مەبەستی ئەوەیە ئێمە 3 ملیۆنین و شایانی ئۆتۆنۆمین!!! لۆرد جێفری ئارچەر ئەندامی پارتی پارێزگارانی فەرمانڕەوای ئەوسای بریتانیایە کە هاوپەیمانی پلەی یەکەمی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمێریکایە و ئەم وتانەی لە گیرفانی خۆی دەرنەهێناوە و نامەییێکی ئاشکرا بوو بۆ گەلی کورد لە بەهێزترین دەوڵەتی جیهانەوە تاکو بزانن کە گەلی کورد چی دەخوازێت... من وادەزانم کە وشەکانی لۆرد جێفری ئارچەر لەو کات و شوێنەدا و وەك نوێنەرێکی فەرمی حکومەتی بریتانیا وەك بەڵێنێك بوو بۆ گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی کە زۆر گەورەتر و گرنگتربوو لە بەڵێنی بەلفۆر کە بەو ئاشکرایی و زەقیە نەبوو وەك وشەکانی لۆرد جێفری ئارچەر، بەلام جوەکان بەڵێنەکەی بەلفۆریان وەرگێڕا بە پرۆگرامێکی کار و چەند وشەییێکی نائاشکرایان بەکارهێنا بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی خۆیان کەچی پارتە کوردستانیەکانی باشوری کوردستان باسی سەربەخۆییان هەرگیز پێخۆش نیە و خستیانە تەنەکەی خۆڵەوە، ئەو کاتە سەبارەت بەو بەڵێنەی بریتانیا و ئەمێریکام بۆ سەربەخۆیی کوردستان نووسی کە پارتەکانی باشوری کوردستان ڕەتیاندایەوە و پارت و ڕێکخراوە کوردەکانی هەرێمەکانی دی کوردستانیش خستیانە پشتگوێ، دەتگوت لۆرد جێفری ئارچەر باسی سەربەخۆیی ئەرجەنتین دەکات.**

4. **بەڕێز جۆن مەیجەر سەرەکوەزیرانی بریتانیا لە کۆنگرەی پارتەکەیدا لە 1991 ڕایگەیاند کە لایەنگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکات، بەڵێ سەربەخۆیی... بەلام سەرکردەی پارتە کوردستانیەکانی باشوری کوردستان ڕایانگەیاند کە ئۆتۆنۆمیان دەوێت لەچوارچێوەی دەوڵەتی عراق و لە سەددام حوسێن نزیکبوونەوە، تا وایان لە بەڕێز جۆن مەیجەر کرد کە چەند جارێك لە پلە دابەزێت و لە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانەوە بۆ دانانی کوردستان وەك ناوچەییێکی ئازاد و دوایش بەرەو نزمتر وەك ناوچەی ئاسایش و پاشان کردستان کرا بە ناوچەی قەدەغەکردنی فڕۆکە کە وای لە بەڕێز جۆن مەیجەر**

کرد لە نامەیێکی وەلامدا کە لە 1992/5/1 بۆ منی نارد بلێت کەواتە ناتوانێت کار بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکات چونکە سەرکردەکانی کۆمەلی کوردی پێیان راگەیاندوە کە ئەوان تەنها داخوازی ئۆتۆنۆمی دەکەن. ئەویش یەکێك بوو لەوانەی کە گەلی کوردیان خۆشدەویست بەلام پارت و رێکخراوەکانی کورد ئەویشیان تەمێکرد.

5. دەیان سالە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا پشتگیری کێشەی کورد لە باکوری کوردستاندا دەکەن، وە دژی رژێمی ترکن، بۆ نمونە کاتێك رژێمی ترکی خاتو لەیلا زانای زیندانی کرد پەرلەمانی ئەوروپا خەلاتی زاخارۆفی پێبەخشی، کە ئەم خەلاتە دەربرینی داد پەروەری کێشەی کورد و درندایەتی رژێمی ترك بوو، لەوەش گرنگتر پەرلەمان و یەکێتی ئەوروپا مەرجیان داناوە کە ترکیا نابێت بە ئەندام تاکو رژێمی ترك کێشەی کورد چارەسەر نەکات، کەچی کورد خۆیان داوایان لە یەکێتی ئەوروپا کرد کە کە بە ئەندامێتی ترکیا قایلبێت بێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لەگەلێ ئەو هەموو داخەی دۆستەکانی گەلی کورد لە یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپادا لە سەرەنجامی داواکەی کورد، ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا سووربوون لەسەر ئەوەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە پێشدا مەرجێکی بنەرەتیە بۆ وەرگرتنی ترکیا بە ئەندام.

ئابەم جۆرە پارت و رێکخراوە کوردەکان لەگەلێ ئەو دۆستانەی گەلی کورد مامەلەدەکەن کە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر رامیاری نێودەولەتی هەیە. جارجارەش پارت و رێکخراوی کورد پاکانە بۆ کردەوەکانیان وەها دەکەن بە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە گوایا گەلی کورد هیچ دۆستێکی نیە بێجگە لە شاخەکان، ئەوەش راست نیە، وە ئەگەریش لە رامیاری نێودەولەتیدا گەلی کورد هیچ دۆستێکی نەمابێت هۆکاری ئەوە بەداخەوە دەگەرێتەوە بۆ پارت و رێکخراوە کوردەکان خۆیان.

بەکورتی: بەوەی کە وتم دەردەکەوێ کە کوردستان ئەگەر دەستکردی ئیمپریالیزم بوایە ئەوا کورد دەولەتی دەبوو، چونکە ئیمپریالیزم هەمیشە و ئێستاش خاوەنی دەسەلاتی یەکەمی جیهانن و کوردستانیش ئیسرائیلی دوەم نیە بەلکو لە فەلەستینێکی دوەمەوە نزیکترە و هەر لەوەی کە وتم بەئاشکرا دیارە کە کوردستان راستییەکی مێژوویی و جیۆگرافی و کولتوری و شارستانیە و زەویەکەی بەشێك لە سوریا و عراق و ترکیا و ئێران نیە، چونکە کوردستان نیشتمانی گەلی کوردە بەلام نیشتمانێکی دزراو و دەسبەسەر.

لەوانەیە ئەم وتانە بەدلی پارت و رێکخراوە کوردەکان نەبێت بۆیە لە میدیادا دەیانشارنەوە بەلام من پێیان دەلێم کە بەتایبەتی پاش داهێنانی تەکنۆلۆژیای ئێلیکترۆنی گواستنەوەی زانیاری بیرۆکەکان دەفرن و کەس ناتوانێت لەگەیشتن بە خەلك قەدەغەیان بکات، هەقیش لە هەموو شت بەرزترە و ئەوەی بژیت دەیبینێت.

# بەشی چوارەم

## ڕاستی و ئاسەوارە مێژوییەکانی کورد سەرکوت و دەستکاریکراون،
## کەچی نهێنیەکانی کورد ئاشکران

دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەوڵی وێرانکردنی کەلەپووری شارستانی کورد و فاڵشیڤکردنی مێژوو پاش ئەوەی جیۆگرافیایان فاڵشیڤکردوە بە چەسپاندنی ئەو سنوورە دەستکردانەی کە ئیمپریالیزم پاش جەنگی جیهانی یەکەم دایرشتن چونکە ئەو گەلەی مێژوو و ڕاستی خۆی نازانێ ئەوا بێگومان مەحاڵە ئێستا و داوڕۆژی خۆی بزانێ.

پاش شکستی شۆڕشی کورد لە باکوری کوردستان بەسەرۆکایەتی جەنەراڵ ئیحسان نوری ساڵی 1930 ترکیا داوای لە دیکتاتۆری سۆڤیێتی ستالین کرد کە ناوچەی کوردستانی سووری خاوەن ئۆتۆنۆمی لەناوبەرێت کە لینین ساڵی 1921 دایمەزراند، و ستالینیش داواکەی ترکیای بەجێهێنا و زەویەکانی دابەشکردن بەسەر کۆماری ئازەربایجان و ئەرمینیا و خەڵکەکەی ناردن بۆ تاراوگەکانی گشت وڵاتی سۆڤیێت لە جۆرجیاوە تا کازاخستان و تەنانەت سیبیریاش. لەو کاتەشەوە تائێستا ڕێکخراو و پارتەکانی کورد فزەیان نەکردوە و لە بلاْوکراوەکانیشیاندا هەر ناوی ناوچەی کوردستانی سووری خاوەن ئۆتۆنۆمی ناکەن و ئەو پارچەیەی کوردستان لەبیرچووەتەوە و ڕێکخراو و پارتە کوردەکان کاتێ باسی بەشەکانی کوردستان دەکەن بە چوار نەك پێنج بەش دایان دەنێن.
بەلاّم ڕۆژاوای کوردستانی داگیرکراو لەلایەن دەوڵەتی سوریا نەك هەر پشتگوێ خراون لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە بەڵکو بەشێوەیێکی نەخشەکێشراو تەعریب کراوە هەر لە گۆڕینی ناوی ناوچە کوردیەکانەوە و نەهێشتنی ناونانی مندالاّن بە ناوی کوردی تا کێشانەوەی شوناسنامە لە سەتان هەزار کورد بۆ تەنگ پێهەڵچنینیان و ڕاپێچکردنیان لە ناوچەکانیان و نیشتەجێکردنی ئەو عەرەبانی کە ڕژێمی سوری دەیانهێنێت بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو کوردانەی کە شوناسنامەی سوریان لێ کشێنراوەتەوە و تاکو کردەوەکە ببێت بە ڕامیاری گۆڕینی شێوەی دانیشتوانی ناوچە کوردیەکانی ڕۆژاوای کوردستان.
ئەوەی یارمەتی ڕژێمی سوری داوە بۆ بەجێهێنانی ئەم ڕامیارییە، بریتیە لە ڕامیاری ڕێکخراو و پارتە کوردەکان کە توانایان نیە نەك تەنیا بۆ بەرگریکردن لە گەلی ڕۆژاوای کوردستان بەڵکو ناتوانن بەرگری لە ئەندامەکانی خۆشیان بکەن کە ڕژێمی سوریا تیرۆریان دەکەن بە ڕووداوی هاتووچۆی دەستکردی موخابەراتی سوری و بۆشیان نیە لە بلاْوکراوەکانیاندا بۆ دڵراگرتنی ڕژێمی فاشستی سوریا ناوی ڕۆژاوای کوردستان بهێنن، لەوەش خراپتر ڕێکخراوە پارتە کوردەکانی بەشەکانی دی کوردستانیش ڕۆژاوای کوردستانیان پشتگوێ خستوە تاکو دانیشتن و تێپەڕبوونی خۆیان لە سوریا دابینبکەن. ئەمەش بۆ پتەوکردنی ڕێکخستنەکان و سەرکردایەتی ڕێکخراو و پارتە کوردەکانە لەسەر شانی گەلی ڕۆژاوای کوردستان و مافەکانی و مەترسی بۆ بوونی بەتەواوی وەك ئەو مەترسیەی کە تووشی کوردستانی سوور بوو.
من لۆمەی ئەو لێپرسراوانەی ڕێکخراو و پارتە کوردەکان ناکەم لەسەر تاوانەکانیان دژی ڕۆژاوای کوردستان چونکە ئەوان لێیاندەوەشێتەوە کە پانتایی زیاتر لە ڕۆژاوای کوردستان لەناو هەرێمەکەی خۆیاندا پشتگوێ بخەن وەك بۆ نموونە لە باشووری کوردستان:
ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ چەندین قەزای کوردی کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن لە پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوك و خانەقینی جیاکردونەتەوە و خستونیەتە سەر پارێزگای کوردی یان عەرەبی دی و مەبەستیش بوونی خەڵکی عەرەب و تورکمان لە سەنتەری ئەو پارێزگایانەدا کە ڕژێمی عراقی لەوێ دایناون بۆ هەمان مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی دانیشتوانی کوردستان بەبیانوو و ناوی جیاواز وەك کارکردن لە کێڵگە کوردیەکانی نەوت یان کارمەندانی هێزەکانی سەربازی و موخابەراتی حەشاردراوی کوردستان، تاکو ڕادەی

زۆرینەی کوردەکان تیایاندا کەمبێتەوە. ئەگەرچی رژێمی گۆڕبەگۆڕ ئەمەی بە بڕیارێکی فەرمی کۆماری کرد و ئێستاش سەرەك کۆماری دەوڵەتی عیراق کوردە، تا ئێستا بڕیارێکی فەرمی کۆماری دەرنەکراوە بۆ پوچەڵکردنەوەی بڕیارە فەرمیە کۆماریە رەگەزپەرستیەکانی پێشوو کە بە ئامانجی تەعریبی باشوری کوردستان دەرکراون، بەلاّم رێکخراو و پارتە کوردەکان بە شەرمێکەوە داوای یەکخستنەوەی پارێزگای کەرکوك دەکەن لەگەڵ کوردستان لەکاتێکدا کە پارێزگای موسڵ بەتەواوی لەبیرچووەتەوە و رێکخراو و پارتە کوردەکان بەئاشکرا وازیان لێهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە باش دەزانن کە رژێمی گۆڕبەگۆڕ زۆرباش دەیزانی کە موسڵ کوردە بۆیە قەزا کوردیەکانی لێ جیاکردەوە و بەستنی بە پارێزگاکانی دراوسێوە کە یەکێکیان پارێزگای دهۆکە کە رژێمی گۆڕبەگۆڕ دروستیکرد و جاران قەزاییێکی سەر بە موسڵ بوو.

لە بەرواری 5-2-2003 پێش رزگارکردنی عیراق بە چەند هەفتەییێك وەك سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بانگەوازێکم دەرکرد بە پێنج زمان، باسی چۆنیەتی گەڕاندنەوەی کەرکوك و ئەودوای ناوچە کوردیە بەعەرەبکراوەکان ئەگەر شەڕ داگیرسا، بەلاّم رێکخراو و پارتە کوردەکان کردەوەیان بەتەواوی بە پێچەوانەوە بوو (بڕوانە دەقی بانگەوازەکە بە عەرەبی لە پەڕتوکی "بارزانی و کیسنجەر و دەوڵەتی کوردی"). دەقی بانگەوازەکەش بە کوردی لە رۆژنامەی میدیا کە لە هەولێر دەردەچێت ژمارەی 27-2-2003 واتە پێش هاتنی سوپای ئەمێریکی بۆ عراق و کوردستان.

ئەمەش چەند نمونەییێکە بۆ چۆنیەتی فالْشیڤکردنی مێژوو و وێرانکردنی کەلەپووری شارستانی کورد لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە:

1. رژێمی سەددام حوسێنی گۆڕبەگۆڕ زۆر ئاسەواری مێژوویی کوردی وەك دەروازەی قەلاّی هەولێری تەفروتوناکرد، هەروەها بەردەقارەمانی بە بلدۆزەر وێرانکرد کە گەلی کورد ناوی نابوو بەردەقارەمان چونکە پاشای کوردستان شێخ مەحمودی حەفید لە پشتیەوە لەگەڵ کۆلۆنیالیستە بریتانیەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەجەنگی. ئەم رۆژانەش رژێمی ترکی داگیرکەری باکوری کوردستان هەوڵدەدات کە شاری حەسەنکیفا و شارستانیەکەی وێرانبکات بە بنیاتنانی بەندی (ئەلیسو) لەسەر روباری دیجلە کە ئەو ئاوەی لە پشت بەندەکە کۆدەبێتەوە شاری حەسەنکیفای مێژوویی نقومدەکات کە یەکێکە لە گرنگترین ئاسەواری کەلەپوور و شارستانیەتی کوردی.
2. هەروەك وتم رێکخراو و پارتە کوردەکان تەواوکەری ئەرکەکانی رژێمەکانی داگیرکەری کوردستانن لە لەبیربردنی کوردستانی سوور لە بلاّوکراوەکانیاندا، کاتێك کە باسی دابەشکردنی کوردستان دەکەن، دەڵێن کە تەنیا بە سەر چوار بەشدا دابەشبووە و هەروا هەموو رێکخراو و پارتە کوردەکانی رۆژاوای کوردستان ناوی کوردیان بەخۆیانەوە ناوە و لەلایان ناوی کوردستانی حەرامە ئەوەش بۆ ئەوەی زیندەبەچاڵی بوونی بەشێکی کوردستان بکرێت کە لەژێر داگیرکاری سوریادایە، ئەم رامیارییەش هەمان رامیارییە کە بەرامبەر مەسەلەی کوردستانی سوور و پشتگوێخستن و بێبەری و لەبیربردنی گیراوەتەبەر.
3. رێکخراو و پارتە کوردەکانی باشوری کوردستان مێژووی کەسایەتی کوردی مێژوویی و ئەفسانەیی پشتگوێدەخەن بۆ نمونە ئەو رێکخراو و پارتە کوردیانە نایەڵن کە کارە مەزنەکانی جەنەراڵ موستەفا پاشا یاموڵکی بگات کە جەنەڕاڵ موستەفا پاشا یاموڵکی سەرۆکی ئەو دادگا نائاساییە سەربازیەی عوسمانی بوو کە بڕیاری ئیعدامی بەسەر موستەفا کەمال (ئەتاتورك)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ترکیا بە یارمەتی بریتانیا و فەرەنسا، کاتێك کە ئەو دەوڵەتە دامەزرا جەنەڕال موستەفا پاشا یاموڵکی نەیویست کە تیایدا دانیشێت و وازی لە پلەی جەنەڕاڵی خۆی هێنا و گەڕایەوە بۆ کوردستان و کاتێك شێخ مەحمودی حەفید شانشینی کوردستانی راگەیاند جەنەڕاڵ موستەفا پاشا یاموڵکی پلەی وەزیری مەعاریفی لە حکومەتی کوردستان وەرگرت.

4. ناوونەبردنی کوردستانی سوور و نەبوونی ڕێکخراو پارتێکی کورد لە سوریا کە ناوی کوردستانی هەبێت و چەندین مەسەلەی دیکەی نەخۆشی بۆ رازیکردنی رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان لە ڕێکخراو و پارتە رامیارییەکان دەرچوە و گەیشتوەتە ڕێکخراوە کولتوریەکانی کورد بۆ شێواندنی مێژوو و کەلە پوری کوردی:

- میر جەلادەت بەدرخان گۆڤاری هاواری لە شاری دیمەشق لە کاتی ئینتیدابی فەرەنسی دەرکرد و تەواوی ژمارەکانی لە پەرتوکخانەکەی باوکمدا هەبوون و رۆژانە دەمخوێندنەوە و لەزۆر جێگادا یەك لا پەڕەی تەواو بۆ ئالاّی کوردستان تەرخانکرابوو بە رەنگ و خۆرە بەشەوقەکەیەوە بەلاّم کاتیّ لە ئەوروپا گۆڤارەکەم بینیەوە ئالاّی کوردستانی تێدانەبوو چونکە ئالاّی کوردستان بەداخێکی گرانەوە لە چاپی نویّ سرڕابوەوە و لەوانەشە مەسەلەی گرنگی دیکەش سرڕابێتەوە و ئەوەی زاتی هەبێت کە ئالاّی کوردستان بسڕیتەوە ئەوا ئامادەیە هەموو شتێکی گرنگ بۆ گەلی کورد و کەلە پوری شارستانی بسڕێتەوە.
- شێواندنی یادگارنامەکانی بەهەشتی ئاپۆ عوسمان سەبری، بە سڕینەوەی چەند خالّێکی گرنگ لەو یادگارنامانە کە ئاپۆ عوسمان سەبری بەدەمی خۆی دەیان جار پێی وتوم بەتایبەتی ئەو ئەرکە مێژووییەی کە لە 1927 پێی هەستابوو و کۆبوونەوەی لەگەلّ شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی و شێخ ئەحمەد بارزانی لە بارزان بۆ راگەیاندنی شۆڕشێکی کوردستانی سەراسەری.
- پەڕتوکەکەی مێژووی کورد و کوردستان و دانەرەکەی خوالێخۆشبو موحەمەد ئەمین زەکی کە خوالێخۆشبو موحەمەد عەلی عەونی کردبووی بە عەرەبی یەکێکە لە سەرچاوە مێژوویی دەگمەنەکان و جێگای شانازی گەلی کورد، بەهای ئەم پەڕتوکە لە شەرەفنامەی میر شەرەف خانی بەدلیسی کەمتر نیە کە زیاتر لە 400 سالّ لەمەو پێشە، وە کاتێك کە پەرتوکەکەی خوالێخۆشبو موحەمەد ئەمین زەکی "مێژووی کورد و کوردستان" م بەعەرەبی و لەچاپێکی ئەوروپایی نوێدا بینی، پێشەکییێکی لاوازی پڕ تواانجی بۆ ناوەڕۆکی پەرتوکی مێژووی کورد و کوردستانی تێدابوو، من دەزانم کە ئەوانەی پێشەکی بۆ پەرتوکێك دەنوسن کۆمەك و رونکردنەوە لەسەر ناوەرۆکی دەنوسن یان رەخنەی بابەتی لەسەر دەنوسن، بەلاّم ئەوەی لە پێشەکی چاپە ئەوروپیەکەی پەرتوکی مێژووی کورد و کوردستان بەتەواوی بە پێچەوانەوە بوو، هەروەك تۆلّە لە مێژووی کوردستان بکاتەوە و تام و چێژ لە شێواندنی یەکێك لە گرنگترین سەرچاوە مێژووییەکانی کورد و کوردستان ببینێت.
- ئەم شێواندن و فالّشیڤکردنە بەناوی مێژوویی و ئەفسانەیی کوردی دەکرێت وك تۆرۆس و زاگرۆس و کاوە و رۆستەم و زۆراب و چەندین ناوی دی تاکو رەنگی راستی بکێشن بەسەر ئەوەی کە دەینووسن و خوێنەری بەئاسانی پێبخەلّەتێنن کە سەرچاوەکە ڕێکخراوی زاگرۆس یان دامەزراوەی کاوەیە!!!

ئەو ڕێکخراو و پارتە کوردانەی فەرمانڕەوایی باشوری کوردستان دەکەن، پرۆگرامی خوێندنیان پەروەردەی نیشتمانی و شوناسنامەی نەتەوەیی کوردستانی گەورەیان تێدانیە، ئەم ڕێڕەوە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی باشوری کوردستانیشدا دیارە، بۆیە گەورەترین کاریگەری کردۆتە سەر دواکەوتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە هەرێمەکانی دیکەی کوردستاندا، لەم بارەیەشەوەئەم نمونانە دەهێنمەوە:

1. لەسالّی 1992 ڕێکخراو و پارتە کوردەکان پەیمانگای ستراتیژی عراقیان لە شاری هەولێر کردەوە و لەوکاتەوە د. جەمال رەشید ئەحمەد پرۆفیسۆری مێژووی دێرین داوا لە ڕێکخراو و پارتە کوردەکانی فەرمانڕەوای باشوری کوردستان دەکات کە پەیمانگاییێکی ستراتیژی کوردستانی دامەزرێنن، بەلاّم رەزامەندی وەرنەگرتوە و وەریشی ناگریّ چونکە پەیمانگای ستراتیژی کوردستانی دەیسەلمێنێت کە چالاکیەکانی کورد لەدەرەوە و دوورن لە بەرژەوەندی ستراتیژی کوردستانی و ئەوان لە خزمەتی چەسپکردنی دابەشبوونی کورد و کوردستاندان، ئەمەش لەبەردەم گەلی کوردی ئاشکرایان دەکات و دەبێتە هۆیەك بۆ هوشیاربوونەوەی لە خەو.

2. ڕێکخراو و پارتە کوردەکانی فەرمەنڕەوای باشوری کوردستان هەوڵیان نەداوە کە ئەنجومەنێکی زمانەوانی بۆ زمانێکی کوردی یەکگرتو کە ببێت بە زمانی ڕاگەیاندن و خوێندن... لەجیاتی سەپاندنی زاراوەییێك بەسەر زاراوەییێکی دیدا، کە ئەوان دەزانن هیچ زاراوەییێك مەحاڵە بمرێت، بەڵام دەتوانرێ زمانێکی دەوڵەت و رۆشنبیری دابنرێت کە لە هەموو زاراوەکان وەربگیرێت نەك تەنیا زاراوەکانی باشوری کوردستان بەڵکو هەموو زاراوەکانی کوردستانی گەورە و دانانی ئەلفباییێکی شیاو بۆی، لە باشوری کوردستان ئەمرۆ ملیۆنەها پەرتوك و گۆڤار و رۆژنامە بە پیتی رۆژهەلاتی کۆن چاپدەکرێن کە زیاتر لە نیوەی گەلی کورد لە باکور و رۆژاوای کوردستان و کوردستانی سوور نایزانن، ئیتر سوودی ئەم هەموو قەبارە گەورەیەی چاپەمەنی چیە کە زیاتر لە نیوەی گەلی کورد تێینەگات.

3. هەموو رێکخراوێك و پارتێکی کورد رێکخراوی تایبەتی خۆی بۆ ژنان و قوتابیان و لاوان و کرێکار و جوتیار و نوسەران و وێژەگێرانی کورد دادەمزرێنن و ئەوەندەی رێکخراو و پارتی کوردی هەیە ئەوەندەش رێکخراوی ژنان و قوتابیان و لاوان و کرێکار و جوتیار و نوسەران و وێژەگێرانی کورد هەن، کە خۆی لەخۆیدا چەسپاندنێکە بۆ جیاکاری و دابەشبوون.

4. رێکخراو و پارتە کوردەکان نەکەوتنە فالْشیڤکردن و شێوانی کەلەپوری شارستانی کوردی بەلام بە ئەنقەست، گەر نەڵێین جەنگی نهێنی، ئەوا پشتگوێ خستنی گشت داهێنانێکی گرنگ بۆ پاراستنی کەلەپووری شارستانی کوردیان بەرپاکردوە وەك رێکخستنی پێشانگا و مۆزەخانە بۆ کەلەپوری کوردی کە بۆزانین زۆربەیان بەشێوەییێکی تاکەکەسی دادەمەزرێن و جێبەجێدەکرێن کەچی رێکخراو و پارتە کوردەکان گۆشەگیریان دەکەن، بۆ نمونە مۆزەخانەی کوردی لە لەندەن، کە لە سەرەتای بیرکردنەوە لێی لە ئەیلولی 2007 تا کردنەوەی مۆزەخانەکە لە ئاداری 2008 واتە تەنها لەماوەی شەش مانگدا 500 پارچەی فۆلکلۆری و کەلەپوری کورجی کۆکرانەوە و بەدیاری پێشکەشی مۆزەخانەی کوردی کران لەلایەن رەوەندی کوردی لە لەندەن، زیاتر لە سەت کەسایەتی رامیاری و زانستی کوردی و ناکوردی ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی مۆزەخانەکە بوون و مۆزەخانەکە دەیان نامەی پیرۆزبایی پێگەیشت کە نایابترینیا نامەیێکی پیرۆزبایی مێژوویی بوو لەلایەن بەرێز کێن لیفینگستۆن پارێزگاری شاری لەندەن بەبۆنەی کردنەوەی مۆزەخانەی کوردی و کاتێ رێکخراو و پارتە کوردەکان زانیان کە کردنەوەکە سەرکەوتوانە دەڕوات بەرێوە، هەلیان قۆستەوە و نوێنەری تەلەفزیۆنی کوردستان تی ڤی یان نارد و ئەمەش یەکەم سەردانیان بوو لەبەرئەوە هیوام بەرزبووەوە، بەلام کاتێك کە کوردستان تی ڤی چەند دیمەنێکی مۆزەخانەی کوردی لە لەندەن پیشاندا لە ریزی چالاکی رێکخراو و پارتە کوردیەکانی لەندەن بوو کە خۆی لە خۆیدا فالشیڤکردنی راستیەکانە چونکە رێکخراو و پارتە کوردەکان هیچ جۆرە پەیوەندییێکیان لەگەڵ مۆزەخانەی کوردی نیە و یەکێکە لە چالاکیەکانی کۆمەڵەی رۆژاوای کوردستان.

5. رێکخراو و پارتە کوردەکان هیچ فلیمی کوردی بەڵگەنامەییان بەرهەمنەهێناوە (هەندێك فلیمی بەڵگەنامەیی لەلایەن تاکەکانی کوردەوە بەرهەمهێنراون) کە باسی خەباتی کورد بکەن بە درێژایی مێژوو، وە وابزانم باشیان کردوە کە ئەو جۆرە فلیمەیان بەرهەمنەهێناوە چونکە فلیمەکانیان دەیگوت کە شێخ مەحمود لە 1919-1924 پاشای کوردستانی فیدرالی بوو و قازی محمد لە 1946 سەرۆکی کۆماری کوردستانی ئۆتۆنۆمی بوو لەگەڵ چەندین دیکەی درۆوەدەلەسە کە لەگەڵ رامیاری رێکخراو و پارتە کوردیەکاندا دەگونجێت بەلام زۆر دوورە لە راستیەوە.

6. دەزگا و دامەزراوە زانستیەکانی نێودەوڵەتی زانیاری خۆیان لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و رێکخراو و پارتە کوردەکان وەردەگرن کە پیشەیان شێواندن و فالْشیڤکردن و وێرانکردنی هەموو شتێکی پەیوەست بە کەلەپوری کوردەوەیە، بۆ نمونە لەبەرواری 26-11-2002 من داواییێکم پێشکەشی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد بە ئیمزای زیاتر لە 2000 کەسایەتی رامیاری بۆ وەرگرتنی گەلی کورد وەك ئەندامێکی چاودێر لە نەتەوە یەکگرتوەکا تاکو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتوەکان زانیاری سەبارەت بە گەلی کورد لە رێگەی ئەندامی کوردی چاودێرەوە وەرگرن نەك لە رێگەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان وەك ئێستا کە تا ئەمرۆش زانیاری سەبارەت بە کورد لە دوژمنانی کورد وەردەگرن، بەلام وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە پشتگیری رێکخراو و

پارتە کوردەکان دژی داواکاریەکەم وەستان و بڕیاردان لەسەری دواخرا. بەلاّم ئەم بەزمە تاسەر نابێت و ئەم زەمانەیە وەك جاران نیە و ئەمڕۆ گەلی کورد بواری زۆری لەبەر دەستدایە و هەرکەسیٚ کەسە حەرفێکی بەسە، هەولّەکا نمان دوو پاتدەکەینەوە.

پێش دەست پێکردن بە نووسینی ئەم بابەتە دەمویست داخوازییێك پێشکەش بکەم بۆ لێکۆڵینەوە لەگەلّ ئەو فالّشیڤکەرانەی هەوڵی وێرانکردنی کەلەپوری شارستانی کورد و ئەوانەی نایەڵن راستیەکان بگەن تاکو لە گەلی کورد و دۆستەکانی لە جیهاندا نهێنی بن، ئەوانەی کە شەو و رۆژ کاردەکەن بۆ گەیاندنی نهێنیەکانی گەلی کورد بە دەولّەتانی داگیرکەری کوردستان، بۆ لاوازکردنی گەلی کورد و نابوتکردنی هیوای بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، بەلاّم کیٚ لێکۆڵینەوە لەگەلّ کیٚ؟ و کیٚ دادگایی کیٚ؟

وادیارە وتەکانم تۆزێك زوون بەلاّم رووداوەکان خێران و ئایندەی داهاتو مەبەستەکانم دەسەلمێنیٚ.

# بەشی پێنجەم

## بەفیڕۆدانی توانا و وزەی کورد بەبێ هیچ خەباتێك بۆ دەوڵەتی کوردی

یەکێك لە گرنگترین شێوەکانی شێواندنی کێشەی کورد کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان پەیڕەوی دەکەن لەگەڵ ڕێکخراو و پارتە کوردەکان و دەزگاکانی سەر بەوان ئەوەیە کە زیاتر لە نیو سەتەیە توانا و وزەکانی کورد بەفیڕۆدەدەن و بەبیانووی جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دی لە پرینسیپ و بیروباوەڕ و ئامانجە ناوچەیی و جیهانیەکاندا تاکو هەموو لایەنەکان لە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بپەشۆکێنن کە تاکە ئامانجی پیرۆزە و لەسەرەتاوە بۆ ئەوە گشت ڕێکخراو و پارتێکی کوردی دامەزراون و پاشان لایانداوە لێی و پیلانیان دژی گێڕاوە بۆیە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان خراوەتە پشتگوێ تاکو کێشەی کورد لە بازنەییێکی خاڵیدا بەبێ چارەسەر هەتا هەتایە بخولێتەوە، ئەمەش بوە هۆی بەفیڕۆدان و تائێستاش شێواندنی نەك تەنها سەراسەری کێشەی کورد بەڵکو هەمیشە و ئێستاش بوەتە هۆی شڕکردنی یەکێتی نەتەوەی کورد و بەفیڕۆدانی وزەکانی و ئەوجاش تە پینی لە هەموو بوارێکی وەك:

شەڕی براکوژی کورد بە کورد کە ڕێکخراو و پارتە کوردەکان دایانگیرساند یەکێکە لەو دیاردانەی بەفیڕۆدانی وزەی کورد، بۆ پاراستنی ئاغایەتی خۆیان و ڕەزامەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەهەمان کاتدا.

میدیای کوردی، لە کوردستان و لە هەندەران دەیان کەناڵی ساتەلایت و تەلەفزیۆن و سەتان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و دامەزراو و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و رامیاری و وێژەیی هەن کە هەریەکەیان لە دونیای تایبەتی خۆیدایە و دەڵێی هەر ئەو بەتەنیا لەسەر ڕێی ڕاست و دروستە و ئەوانی دی هەموو سەرلێشێواون ئەگەر بە ناپاکیشیان دانەنێت.

تەلەفزیۆنی کوردی زیاتر لە 80٪ لە کاتی بۆ مۆسیقا و گۆرانی و دانس تەرخاندەکات و هەرچەندە من فۆلکلۆری کوردیم لا پیرۆزە، بەلاّم دەموێ بڵێم کە هەمو شتێك کات و شوێن و سنووری خۆی هەیە، لەکاتێکدا کە گەلی کورد هیچ مافێکی نیە، شەرماوەرە کە سەتان ملیۆن دۆلاری لەسەر دانس و گۆرانی بەکاربهێنرێ کە لەسەر شانی خوێنی شەهیدانی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کۆکراونەتەوە و خوێنی شەهیدان ئارام نابێت مەگەر پارەکانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەکاربهێنرێت، ئەو سەربەخۆییەی کە گیانی خۆیان کردوە بە قوربانی بۆی، تەلەفزیۆنی کورد بەم کارانەی هیچی نوێی دانەهێناوە چونکە دانس و گۆرانی پێش داهێنانی تەلەفزیۆن هەبوون و گەلی کورد هەزاران ساڵە بێ بەفیڕۆدانی ملیۆنەها پێی هەڵساون، لەوانەیە گۆرانی کۆن و کلاسیکیەکانی عەلی مەردان و ئایشەشان و سەید عەسکەر و محمد شێخۆ و عەلی تەجۆ زۆر باشتربن لەو گۆرانیە سووك و ڕسوایانەی کە تەلەفزیۆنی کوردی ئەمڕۆ پیشانیاندەدا، کە گوێگر هەر پاش بیستنیان لەبیریاندەکات، من بیرمە پێش زیاتر لە 40 ساڵ منداڵانی گەڕەکی کوردان لە دیمەشق بە شەقامەکاندا گۆرانی نیشتمانپەروەرانەی نایابی هونەرمەندی بەهرەدار "شڤان پەروەر"یان دەوت لەگەڵ ئەوەی کە لەسەرەنجامی تعریب زمانی کوردیشیان نەدەزانی، بەو شێوەیە بەهای هونەری ڕەسەن دەزانرێ، کە لەسەر زمانی گەل بێت ئەگەر زمانی کوردیش نەزانن.

تەلەزیۆنی کوردی نەك تەنیا قەدەغەی گۆرانی و مۆسیقای کەلەپوری ڕەسەنی کوردی کردوە بەڵکو ئێستا خەریکە ئێستگەییێکی تەلەزیۆنی بەناوی "دەنگی عەرەب لە هەولێر" دادەمەزرێنێ، لەگەڵ ئەوەی کە عەرەب پێویستیان بە دەنگ نیە، چونکە دەنگیان زۆرە، وە من دژی ئەو بیرۆکەیە نیم هەتا هەتایە بەلاّم هەموو شتێك کاتی خۆی هەیە، چونکە کاتێ سەرۆکی کۆچکردوی میسر جەمال عەبدولناسر دەنگی کوردی لە قاهیرە پەخشکرد لە پەنجاکانی سەتەی ڕابوردوو چونکە ئەو کاتە کورد دەنگی نەبوو و دوای ئەوەش بوو کە دەنگی عەرەب لە قاهیرەوە لە ئۆقیانوسەوە تا کەنداو دەنگی دەدایەوە، بەلاّم ئەی کوا دەنگی کورد و دەنگی نەتەوەی کورد و کوردستانی گەورە لە هەولێرەوە تاکو دەنگی عەرەب هەبێت، ئایا ئەمە ڕیالیزمە، ڕاست دەڵێن کە ئەوەی نەتبێ نایبەخشی.

ڕێکخراو و پارتە کوردەکان جەنگ لەگەڵ ڕاگەیاندنی کوردی ڕاست و بە پلانێکی بەردەوام کاردەکەن بۆ بەستنەوەی بە تاکە کەسێك یا چەند کەسێك ئەویش بە کردەوەی بێڕەوشتانەی وەك بلاْوکردنەوەی پرۆپاگەندەی مەبەستدار و درۆ سەبارەت بەوانەی کە ڕاگەیاندنی ڕاستی بە هەموو جۆرەکانی بینراو و بیستراو و خوێندراو بلاْودەکەنەوە، بەلاْم ئەگەر نەیانتوانی بگەنە هەندێك کەس ئەوا ڕێکخراوەکان سیخوڕەکانیان لە هەموو شوێنێك هاندەدەن بۆ بلاْوکردنەوەی تۆمەتی درۆ و بوختان کە گوایا ئەو کۆمەڵە خەڵکێکی خەیاڵی و ناریالیستن و هەندێك جار پرۆپاگەندەکەیان وایە کە ئەو کۆمەڵە مێشکیان تەواو نیە و درۆ و دەلەسەی دی کە بەسەر ڕۆشنبیری نیشتمانی و هوشیاری رامیاریدا تێنا پەڕن، بەلاْم لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ وزە و هێزێکی دیاریکراوی هەیە، ئەوا کەسانی خاوەن مرۆڤایەتی و پرینسیپی پیرۆز چەند بەرهەمێکیان نووسیوە و یان جەنگێکی قورس بۆ چەندین ساڵ لە شاخەکان و ناو بەفر بۆ ئازادی کوردستان بەلاْم لەبەر رادەی دیاریکراوی توانایان پێنووسەکانیان وەستاون و پێشمەرگەکانیان لەبەر برین و گەزینی سەرما دانیشتون، بەلاْم هێشتا بەهیوان کە گەل لە خەوەکەی را پەڕێت و ڕاستی ئەو ڕێکخراو و پارتە کوردانە بزانێت کە لەلایێکی دوور لە گەلی کورد هەوڵی ڕاکێشانی بەزەیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەدەن لەکاتێکدا کە لەملاوە گەلی کورد قوربانی گەورە دەدات و دروشمە بەناوبانگەکەی هەر "کوردستان یان نەمانە" چونکە گەل کورد هەمیشە و ئێستاش هەر بەخەڵەتاوی وادەزانێ کە ڕێکخراو و پارتە کوردەکانیش هەروا بۆ سەربەخۆیی کوردستان کاردەکەن و لەڕاستیشدا کارەکەیان بۆ پاراستنی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانە.

مەسەلەی بەفیڕۆدانی توانا و وزەکان و کاتی کورد بەردی بناغەی رامیاری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و ڕێکخراو و پارتە کوردەکانە کە بەدەوریاندا دێن تاکو گەلی کورد نەتوانێ سوود لە هیچ هەلێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وەرنەگرێت کە جاری وا هەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵدەکەوێت.

لەم ڕووەشەوە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کاری لەناوبردنی گەلکوژانەی گەلی کورد وەك هێرشەکانی ئەنفال یا بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە و بالیسان و بادینان و سەردەشت کە منداڵ و پیر و ژن و خوێندەوار و بێسەوادی وەك یەك کوشتن کەچی ڕێکخراو و پارتە کوردەکان هەمیشە و ئێستاش باشترین کادری سەربازی و رامیاری کوردیان لە شەڕی براکوژی کورد بە کورددا کوشت کە تەنانەت دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەستیان نەدەگەیشتە ئەو کادرانە، لەو شەڕە پیسەدا کوژران کە گەلی کورد بەدەستیەوە ناڵەی بوو، بەلاْم لەو بەشانەی کوردستان کە تائێستا بەرگری چەکداری نەبوە ڕێکخراو و پارتە کوردەکان چەکێکی خراپتر و کوشندەتر لە بۆمبا بەکاردەهێنن کە شێواندنی ناوی خەباتگێڕی بەشەرەفە بە پرۆپاگەندەی درۆ هەمدیسان بۆ رەزامەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

بۆ زانینی لایەنەکانی ئەم بابەتە ئاڵۆز و تێهەڵکێشە پێویستە لەسەرەتاوە باسی هەندێك پێناسە و زاراوە بکەین کە بەهەوەس شێکراونەتەوە و بە پێ بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و پارت و ڕێکخراوە کوردەکانی دەوریان:

## پارت چیە؟

پارت هەر پارتێك بەشێکی بچووکی نەتەوەییکە و هەرگیز نابێت نەتەوە لە پارت بچووکتربێت، هەروا پارت بۆ خزمەتی نەتەوە هاتوە نەك بە پێچەوانەوە و بە واتاییکی ڕێکتر پارت ئامێرێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و نابێت کە پارت خۆی ببێت بە ئامانج و هەرواش نابێت کە نەتەوە بکرێت بە ئامێر وەك لەلای پارت و ڕێکخراوە کوردەکان، بۆ ڕوونکردنەوە و ئاسانکردنەوەی ئەم خاڵە ئەم نمونەیە: ئەگەر لە گوندێك بووین و ویستمان بچین بۆ گوندێکی دی سواری کەرێك دەبین بۆ گەیشتن بەو گوندە، بەوشێوەیە گەیشتن بەوە گوندە ئامانجە و کەرەکەش ئامێرە، بەلاْم کارەسات ئەوەیە کە ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت و ئەو کەسە کەسە حەرفێکی بەسە و دیارە کێ سواری کێ دەبێت؟

لەبەر ئەوەی لەم زەمانە پیسەدا هەموو شتێك بە پێچەوانەوەیە، رێكخراو و پارتە كوردەكان خەمی رێكخستنەكانی خۆیانە نەك كوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا پارت و رێكخراوە كوردەكان دەبێ ئامێرێك و شێوەیێكی شارستانی بن بۆ گەیشتن بە ئامانج، كە بریتیە لە كوردستانی ئازادی سەربەخۆ بەلاَم هەموو شتێك هەڵەوگێڕاوە و پارت خۆی بوە بە ئامانج و ئاوات و كوردستان و گەلی كورد بوون بە ئامێر بۆ بەدیهێنانی سەركەوتنی پارتەكە و دابینكردنی پەیوەندی و بەرژەوەندیە رامیاریە تاكتیكیەكانی رۆژانە و ئێستای لەگەڵ دەوڵەتەكانی ناوچە بەشێوەییێكی جوان و رێك لەسەر شانی كورد و كوردستان و بەرژەوەندی ستراتیژییان كە دەبوایە لەسەروی هەموو بەرژەوەندییێكی پارتی و ناوچەیی و خێڵەكی و تاكەكەسی بوایە، وای لێهاتوە كە بەرژەوەندی ستراتیژی نەتەوەی كورد لەبیركراوە چونكە دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان بەشێوەییێكی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئامادەن كە دان بەبوونی خێڵ و سەرۆك و پارتەكاندا بنێ و ئامادەشە بە پارە و چەك كۆمەكیان بكات و هەرواشە لەراستیدا بەمەرجێك كە خێڵ و سەرۆك و پارتەكان داوای سەربەخۆیی كوردستان نەكەن و ئەمەش بۆ دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان جێبەجێبوە و هیچ پارت و رێكخراوێكی كوردی نەماوە كە داوای سەربەخۆیی كوردستان بكات، لەبەر ئەوە دەڵێم كە رێكخراو و پارتە كوردەكان بۆ پیرۆزی رێكخراوەكانیا نەك كوردستان هەوڵدەدەن، راستە هەموویان باسی كورد و كوردستان دەكەن، بەلاَم تەنها بۆ بەكارهێنانی كورد و كوردستانە نەك بۆ سەربەخۆیی كورد و كوردستان و هەمووشی بۆ رەزامەندی دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان و تاكو بهێڵن كە پارت و رێكخراوە كوردەكان رۆڵێك لە رامیاری ناوچەییدا ببینن.

## سەرۆك كێیە؟

سەرۆك لوتكەی بەرێوەبردنی هەموو ئامێر و توانایێكە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوە كە بریتیە لە یەكخستن و رزگاركردنی نیشتمان بەلاَم سەرۆك هەرگیز خۆی ئامانج نیە چونكە سەرۆك مرۆڤێكە دەشێ بمرێت و لەناوچێت، ئایا دەبێت كە بلێین ئامانجی گەل مردوە؟ رێكخراو و پارتە كوردەكان ئەوەندە سەرۆكەكانیان هەڵدەنێن و پەروەدەیان دەكەن بەخۆشەویستی زۆری سەرۆك لەبیریاندەچێ و یا لەبیردەكەن گەل و نیشتمانەكەیان هەڵنێن.

سەرۆكی راستەقینە و سەركردەی رەسەن چەند كەسانێكی بەهرەدارن كە خۆیان تەرخاندەكەن بۆ خزمەتی گەل و ئامانجەكانی بۆ ئازادی ژیانێكی سەربەرزی و لە پێناوی سەربەخۆیی و یەكییێتی نیشتمان، لە مێژووی كورددا زۆربەی سەرۆكی كورد كوژراون و لەسێدارەدراون و گیراون بەلاَم گەلی كورد هەر ماوە و لەگەڵ هەموو هەوڵێكی لەناوبردن و تەفروتونا كەس ناتوانێت هەموو گەلی كورد بكوژێت یان زیندانی بكات و بە هەمان شێوەش كوردستان هەر دەمێنێت.

بەلاَم كارەساتی گەورە لەوەدایە كە ئامانجی گەلی كوردستان ببێتە رەزامەندی دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان. ئێمە گەلمان دیوە كە بەرگری داگیركەرانیان كردوە و گەلیشمان دیوە كە بەرگرییان نەكردوە بەلاَم لە مێژووی جیهاندا بزووتنەوەییێكی رزگاریخوازی گەلێكی چەوساوە و داگیركراومان نەدیوە كە ئامانجی رەزامەندی دەوڵەتی داگیركەر و چەوسێنەری بێت وەك ئەمرۆ دەبینین كە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد رادەكات بۆ دڵخۆشكردنی دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان و ئەمە هەرگیز نە لە مێژووی دێرین یا نوێ روویندادوە.

## دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان پارە و چەك دەدەن بە رێكخراو و پارتە كوردەكان

ئەمەش هەرگیز لە مێژووی گەلانی جیهاندا رووی نەداوە كە داگیركەر و ئیمپریالیست گەلێك كە داوای ئازادی دەكات بە چەك و بە پارە یارمەتی بدات وەك لەوەی كە لە بزووتنەوەی كوردایەتی روودەدات. ئایا فەرەنسا بە پارە و بە چەك یارمەتی جەزایری دەدا؟ ئایا ئەمێریكا پارە و چەكی بە ڤییێتنام دەدا؟ بێگومان نا، چونكە داگیركەر هەمیشە هەوڵدەدات هەموو كۆمەكێك لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلان ببرێت، بەلاَم ئەوەی كە لەنێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد و دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان روودەدات بەتەواوی بە پێچەوانەوەیە، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی لە كوردستان پێچەوانە روودەدات؟ دوارۆژ وەلاَمی ئەم پرسیارە دەداتەوە، بەلاَم

من هەر لەئێستاوە دڵنیام لەوەی کە دڵنیام لەوەی کە یا دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان گێژن و فریان بە رامیارییەوە نیە، یا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ئەو بزووتنەوەیە نیە کە هەوڵی دەرکردنی داگیرکەر و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە کوردستان بدات، ئایا کامیان لەم دوو تایە راستن من جێی دێلم بۆ وریایی گەلی کورد کە خاوەنی بەرژەوەندی راستەقینەی وەلامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە پێویستی بە راستکردنەوە و دۆزینەوەی تەرازووی راستەقینەیە تاکو وەك هەموو بزووتنەوەیێکی رزگاریخوازی جیهان بێت ئەگینا هەتا هەتایە گەلی کورد هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە و تووشی قرکوژی دەبێت و لەولاوە هەندێك کەس بایی خوێنی پاك و بێتاوانی رژاوی وەردەگرن بێئەوەی ئاگایان لەو جۆرە هاوکێشانە بێت.

## رێکخراو و پارتە کوردەکان ئیشیان رێزگرتنی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و رێزنەگرتنی رای گەلی کورد و داخوازیەکانی و هەڵخەڵەتاندنیەتی

رێکخراو و پارتە کوردەکان هەوڵی رەزامەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەدەن تاکو سنوور و دەسەلاتیان بپارێزن و رێز لە داخوازیەکانیان بگرن.... ئەو شتانەش کە لێکۆڵینەوە و کارکردن بۆیان یان هەر باسکردنیان قەدەغەیە دامەزراندنی بەرەی رزگاریخوازی کوردستان و دانانی ستراتیژێکی کوردستانی یەکگرتوو و کارکردنە بۆ یەکییێتی کوردستان و فەرمانڕەوایی نەتەوەی کورد و ئاسایشی نەتەوەیی کورد و رێزگرتنی رای گەلی کورد و ئامانج و پیرۆزیەکانیەتی...

بەڵێ ئەو شتانە روویان نەداوە و بەتایبەتی هیچ رێزلێنانێك بۆ گەلی کورد نەبوە، هەروا گەلی کوردیش هیچ رۆڵێکی نەبوە چ لە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و چ لەژێر دەسەلاتی پارتە کوردەکانی باشوری کوردستاندا و لە بەشەکانی دی کوردستانیش هەر وادەبێت، ئەمەش چەند نمونەییێکە:

1. لەکاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گەلی کورد رای خۆی دا و سەرەنجامەکەی ئەوەبوو کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٪49 و پارتی دیموکراتی کوردستان ٪51 ی دەنگەکانی هێنا، بەم پێیە ئەبوایە پارتی دیموکراتی کوردستان فەرمانڕەوای کوردستان بوایە و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتێکی سێبەری دامەزراندایە و چاودێری حکومەتی بکردایە و لاریەکانی پیشانبدایە و ئەگەر شتێکی دژی یاسا روویدایە ئەوسا دەیتوانی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا زۆرینە بەدەست بهێنێ و حکومەتی کوردستان پێکبهێنێ و پارتی دیموکراتی کوردستان دەبوە ئۆپۆزیسیۆن و بەوشێوەیە ... وەك هەموو دەوڵەتێکی دیموکراتی. بەلام رێکخراو و پارتە کوردەکان رای گەل و سەرەنجامی هەڵبژاردنیان خستە تەنەکەی زبڵەوە و خۆیان لەنێوان خۆیان رێککەوتن کە سەرەنجامەکە نیوە بە نیوە بێت و سامانی کوردستان لەنێوان خۆیان بەش بکەن و کەس چاودێر و دەمڕۆیان نەبێت بۆ ئەوەی هیچ ئۆپۆزیسیۆنێکیش نەبێت کە ئابروویان ببات و لێیان بپرسێتەوە و دیکتاتۆریەتەکەیان هەمیشەیی و دوولایەنە بێت بە پێچەوانەی دیکتاتۆریەتی دی لە جیهاندا کە یەك سەرۆك و یەك پارتی دیکتاتۆریە ئەو دیکتاتۆریەتەی کە گەلی کورد پێیەوە دەناڵێنێ دوولایەنە و دوو سەرۆك و دوو پارتن بەلام جلی دیموکراتیان لەبەردایە و دەبێ گەلی کورد بڕوایان پێبکات و دیکتاتۆریەکەیان بە دیموکراسی بداتە قەڵەم، هەروا دەبێ بڕوا بە درۆکانیان بکات کە ئەمێریکا هاوپەیمانی گەلی کوردە و گەلی عەرەبیش برای گەلی کوردە، هەرچەندە من دژی هاوپەیمانێتی و برایەتی نیم بەلام راستیەکەی ئەوەیە کە ئەمێریکا هاگای لەو هاوپەیمانیەتیە نیە و عەرەبیش نازانن کە براییێکیان هەیە کە هەندێك جار ئەمان بە دەمی خۆیان دەڵێن براگەورە و خاوەن ماڵە، ئەگەر وابوایە ئەی ئەم هەموو شۆڕش و خوێنڕشتنەی بۆ چیە لەگەڵ برای گەورە؟!! هەروا هەرگیز لە مێژووی دێرین و نوێدا رووی نەداوە کە گەلێك بە داگیرکەری نیشتمانەکەی و دەستدرێژکەر لەسەر ئابڕووی بڵێت براگەورە!! (دەڵێن کە نەتەوە یەکگرتوەکان پاش شەڕی جیهانی دوەم هەندێك شێریان لە عێراقدا دابەشکردوە بەسەر عەرەب و کورددا وەك کۆمەکی گەلانی جیهانی سێهەم، وابزانم ئەم برایەتیە لەوێوە هاتوە "برای شێری"، خۆش ئەوەیە کە دابەشکردنی ئەم شێرە هاوکات بوە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی

**دیموکراتی کوردستان 1946، بۆیە کە ئەو برایەتیەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە هەموان باسی دەکات سەرەنجامی ئەوەیە کە شیری زیاتری بەرکەوتوە). لە رامیاریدا برایەتی نیە و باسکردنی برایەتی گێلیەتی دەنوێنێ، چونکە رامیاری تەنها بەرژەوەندیە.**

2. **لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە کاتێ گەلی کورد لە گرنگترین مەسەلەی بوون و نەبوونی خۆی، رای خۆی پیشاندا و لە ریفراندۆمێکی جەماوەریدا بە سەرەنجامی 98٪ ی گەلی کوردی باشوری کوردستان پیشانیاندا کە دەخوازن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت و لە دەوڵەتی عراق جیابنەوە، بەلآم رێکخراو و پارتە کوردەکان ئەم ئاواتەی گەلی کوردیان خستە پشتگوێ و وەك هەموو جارێك هەرچەندە خۆیان واتە رێکخراو و پارتە کوردەکان سەرەنجامەکەیان ئاشکراکرد، بەلآم وتیان ئێمە دەوڵەتی کوردیمان ناوێت و فیدرالیەتمان بەسە... کەسیش نیە کە نارەزایی پیشان بدات چونکە رێکخراو و پارتە کوردەکان هەم فەرمانرەوا و هەم دەسەلآتن لەیەك کاتدا.**
3. **سەرکردایەتیەکانی کورد پشت بە پرنسیپی نکۆڵیکردن و گۆشەگیرکردن و سرینەوەی نەك سەرکردایەتیەکانی کوردی هاوچەرخیان بەڵکو ئەوانەی پێشوویان، هەروەك گەلی کورد مێژوو و سەرکردایەتی جگە لە خۆیان نەبێت، دەڵێی ئەوان نەك هەر تاکە سەرکردایەتین بەڵکو مێژووی کوردیشن، چەند حەزم دەکرد کە هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی کورد وەك سەرکردایەتیەکانی عراق و سوریا و ترکەکان نەبوایە... خۆزگە ئەوانیش وەك ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی میسر پرنسیپی کەڵەکەبوونیان بەکاربهێنایە کە دوای کۆدێتاکەیان دژی پاشایەتی و لابردنی شا فاروق نەیانکوشت و پشتیان بە زۆر لە یاریدەدەرانی شا بەست بۆ بەهێزکردنی رژێمی کۆماری و هەروا پشتیان بەست بە هەموو دەزگاکانی پێشووی دەوڵەت تەنانەت ئۆرگانی موخابەراتی پاشایەتی میسری و ئەندامەکانی کە وەك خۆیان مانەوە، جگە لە دەزگاکانی دی دەوڵەت. میسر لەکاتی کۆماری هەر بەردەوام بوو لەسەر کارەکانی خۆی لەکاتی پاشایەتی تەنها گۆرینی چەند ناو و روویێك نەبێت، کەچی کۆدێتای کۆماری عراقی لە 14-7-1958 شای عراق و خێزانەکەی و وەزیرەکانی کوشت و رژێمی عراقی کۆماری بە پێچەوانەی رژێمی کەڵەکەبوونی میسری لە سفرەوە دەستی بە بنیاتنانی دەزگاکانی کردەوە.**
4. **بۆ دەیان ساڵ هەرچی کورد هەن تکایان لێکردن کە شەرِی برایەتی کورد بە کورد راگرن و رێکبکەون و چەندین کۆبوونەوەی فەرمی و نافەرمی کە درایژاییان لە 250 سەعات زیاتر بوو لە نێوان دوو پارەتە سەرەکیەکەدا بەستران (وەك د. فوئاد مەعسومی ئەندامی بیرۆی رامیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا پێی وتم) تاکو ناوبژی نێوان رێکخراو و پارتە کوردەکان بکرێت و شەرِی ناوخۆ راگیرێتن بەلآم رێکخراو و پارتە کوردەکان گوێیان بۆ را و داخوازی جەماوەری کورد شل نەکرد کە لەوانەش رای کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بوو، وە هەموو ئەمانەوە هاواری کۆستکەوتوان و بێوەژنانی کەسووکار لەدەستچوویان خستە پشتگوێ کە لەو شەرِە پیسەی کورد دژی کورددەدا چەندین ئازیزیان لە دەستدابوو، کەچی کاتێك حکومەتی بەغدا داوای پێکهێنانی یەك لیستەی کوردستانی یەکگرتووی لێکردن بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عراق خێرا ئەو رێکخراو و پارتانە یەك کۆبوونەوەیان بەست کە لە 250 خولەك کەمتربوو برِیاری رێککەتنیان دەرکرد، کەواتە ئەمانە ئامادەنین کە بۆ یەکێتی گەلی کورد و وەستاندنی رژانی خوێنی کورد رێکبکەون بەلآم بەخێرایی تریشقە ئامادەن کە رێکبکەون بۆ بەردەوامبوونی پاشکۆیەتی نەتەوەی کورد بۆ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، رێکخراو و پارتە کوردەکان داخوازی بەغدایان بەبێ هیچ مەرجێك جێبەجێکرد، ئەو مەرجانەی کە دەبوایە دیارییکرانایە و ئیمزابکرانایە پێش قایلبوون بە بەسترانەوەی هەمدیسان بەدەوڵتی عراق کە بۆ جاری دوەم ساختەکرایەوە، چونکە باشوری کوردستان جاری یەکەم پێش 70 ساڵ بەزۆر لکێندرا بە دەوڵەتی عراقەوە بەپێی رێککەوتنی کۆڵۆنیاڵی پاش جەنگی جیهانی یەکەم و پاش رووخانی دەوڵەتی عراق و حەلکردنی سوپا و دەزگاکانی لە 2003 لەجیاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، رێکخراو و پارتە کوردەکان بەرەو**

بەغدا ڕێککەوتن بۆ بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی دەوڵەتی عراق... ئەگەر چارە نەبوایە کە کوردستان لەناو دەوڵەتی عراقدا بمێنێتەوە ئەبوایە ڕێکخراو و پارتە کوردەکان دانپێدانانی فەرمی قەبارەیێکی کوردی سەربەخۆی ناو عراقیان مسۆگەر کردایە کە هەموو ناوچە کوردستانیەکانی بگرتایەتەوە کە دووچاری تەعریب و نامۆییکردن لە کوردستان بوونەتەوە، بەلاّم ڕێکخراو و پارتە کوردەکان هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیان نەداوە و تەنانەت نەیانویستوە یان نەیانتوانیوە کە لە دەوڵەتێکی هەڵوەشاوەی عراقی دانپێدانانی فەرمی بە قەبارەیێکی کوردی دابینبکەن، وە پاش ئەم سیناریۆ کارەساتاویە ناتوانین بڵێین کە باشوری کوردستان بەزۆر لێکنراوە بە دەوڵەتی عراقەوە چونکە ئەمجارەیان ڕێکخراو و پارتە کوردەکان خۆیان دەستوری عراقیان نووسی و ئیمزاشیانکرد هەروەك بەشداریان لە پەرلەمانی عراقی بەرەزامەندی خۆیان بوو نەك بەزۆر و دەبوایە دەستوری عراق لەسەر بناغەی دەستورێکی کوردستانی بنوسرایە، بەلاّم بەداخێکی زۆرەوە پێچەوانەی ئەوە ڕوویدا، بۆیە دەستوری عراق تەنانەت جارێکیش ناوی فیدرالیەتی نەبردوە و هیچ دەزاگاییێکی عراقیش نیە کە دان بە فیدرالیەتدا بنێت، فیدرالیەت هەر وەکو برایەتی عەرب و کورد لە عراقدا بوونی نیە، فیدرالیەت و برایەتی کورد و عەرەب تەنها لە ڕاگەیاندنی ڕێکخراو و پارتە کوردەکاندا هەیە و بۆ هەڵخەڵەتاندنی جەماوەری کوردە، دەڵێم جەماوەری کورد چونکە تائێستا عراقییێکم نەدیوە کە بڕوای بە فیدرالیەت و برایەتی عەرەب و کورد بێت، چونکە برایەتی و فیدرالیزم واتە یەکسانی نێوان عەرەب و کورد، ڕاستە هەندێك هەر بە وتە دەیڵێن کە کوردەکان برامانن، بەلاّم برایەتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە برای کورد حکومەت و سوپای کوردستانی هەبێت وەك حکومەت و سوپای عراقی لە بەغدا... تا ئێستەش یەکێك لە عەرەبی عراقدا نیە کە بەوە قایلبێت چونکە پەروەردەی دیکتاتۆرانە و داننەنان بە کەسی دی بوەتە بەشێك لە نەریت و کەلەپوری گشتی لە عراقدا و ئەو هەموو چەندە گەورەیەی ستەمکردن و کوشتارەی کە لە ڕۆژانی حەجاج کوڕی یوسفی ئەلسەقەفی تا سەددام حوسێن کەڵەکە بوە هێشتا ماوە و مەحاڵە بتوانرێت لە مێشکی خەڵکدا بسڕرێتەوە هەر بە هەڵبژاردن یان نووسین سەبارە دیموکراسی، چونکە دیموکراسی هەر ئەوە نیە کە تەنها بە هەڵبژاردن ڕێکبخرێت، چونکە دیموکراسی حەبی ئەسپرین نیە پاش چەند خولەکێك لە قوتدانی سەرئێشە چاککات، بەڵکو دیموکراسی پەروەردەیە و هەڵسوکەوتی دەیان بەڵکو هەندێ جار سەدان ساڵە.

## ڕەزامەندی ویژدان

کارکردن بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی کورد بەبێ ڕەزامەندی ویژدان چێنابێت، چونکە مەسەلەی بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان و ڕەزامەندی ویژدان تەواوکەر و پاڵپشتی یەکن، کە ناتوانرێت لەیەك جیابکرێن چونکە ئەوەی ویژدانی نەبێت ناتوانێت کار بۆ ئامانجێکی پیرۆزی وەك سەربەخۆیی کوردستان بکات. هەرچەندە بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان پێویستی بە کارکردنە لە بەرەی ڕامیاریدا کە پێویستی بە دووزمانی و فێڵبازی و گۆڕینی ڕاستی بە درۆ و هەڵگۆڕینی درۆ بە ڕاستی، لێرەشدا دەبێ جیاوازی بکرێت لە نێوان یەکێك کە خاوەن ویژدانە و جلی دووزمانی و فێڵبازی لەبەردەکات و یەکێکیش کە دووزمان و فێڵبازە و جلی خاوەن ویژدان لەبەردەکات، کە ئەمانە لەم زەمانەدا زۆرن. جاران هەردوو بەهەشتی جەنەراڵ موستەفا بارزانی و ئاپۆ عوسمان سەبری دواهەمین کەسبوون کە بە پێی ویژدان لە سەرکردایەتی ڕێکخراو و پارتە کوردەکان کاریاندەکرد، بەرامبەری ئەوانیش بەعسی عراق و بەعسی سوریا بەرەنگاری ئامانجەکانی ئەو قارەمانانە دەبوونەوە، لەنێوانیشیاندا کۆمەڵێك ناوبژیکەر و دەلاڵ و قەشمەری ڕامیاری هەبوون، بەلاّم لەم زەمانە پیسەدا کارەکان گەیشتنە ئەوەی کە هەمووان ببنە دەلاڵ و قەشمەر کە پێشبڕکێ دەکەن بۆ نۆکەری و ویژدان و بیروباوەڕیان لەبیرچوە، کاتێك کە گەلی کورد و کوردستان دووچاری فشارێك دەبن ڕێکخراو و پارتە کوردەکان پێشبڕکێ دەکەن بۆ پیشاندانی ملکەچی تاکو فشارەکە لەسەر گەلی کورد بکەنە دەقاتی ئەوەی کە داگیرکەر دەیخواست و گرنگ لایان ئەوەیە کە لەسەر کورسی بمێننەوە لەجیاتی وەستان دژی فشار و ژیانێکی سەربەرزی.

دەڵێم کە شتەکان تێکەڵبوون و ئەوانەی کە دەلاڵ و قەشمەری رامیاری بوون لەسەر شانی قارەمانی وەك جەنەراڵ موستەفا بارزانی و ئاپۆ عوسمان سەبری تێروتەسەل بوون، ئەمڕۆش هەر هەمان دەلاڵ و قەشمەرانی رامیارین کە بەتێروتەسەلی یادی ئەو قارەمانانە دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی بچووکترین ئاستی شەرم و ئابڕوویان هەبێت فرمێسکی درۆ هەڵدەرێژن و ئەوانەی کە بە سەرکردەی نەمر جەنەراڵ موستەفا بارزانیان دەوت "چۆمبی کوردستان" و لە پارتی دەریاندەکرد بۆ ئەوەی موچەی حەرام لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بخۆن، دەیانبینین کە لەبەردەم گۆڕی جەنەراڵ موستەفا بارزانی دەگرین هەتاکو نانێکی دیش بخۆن لەسەرشانی بازرگانیکردن بە ناوە پیرۆزەکەی و دەبینین شوێنی ئەو ئابڕووداران‌ە دەگرن کە بەرگریان لە جەنەراڵ موستەفا بارزانی کردوە و پێش نیوسەتە وتویانە کە جەنەراڵ موستەفا بارزانی سەرۆکی گەلی کوردە و چۆمبی نیە...

ساڵی 2005 بەبۆنەی یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی ئاپۆ عوسمان سەبری لە شاری بەرلین، نزیکەی 200 کەسایەتی کوردی خەڵکی سوریا و ژمارەییێك لە بەشەکانی دی کوردستان کە ئاپۆ عوسمان سەبرییان خۆشدەوێت وەك د. جەمال نەبەز، بەلاّم ئەو 200 کەسایەتیە کوردانە زۆربەیان دژی ئاپۆ عوسمان سەبری بوون لەسەردەمی ژیانیدا و لایەنگری رژێمی سوریا بوون تاکو ئاپۆ عوسمان سەبرییان ناچارکرد کە لە گۆڕەپانی رامیاری دەرچێت و لە 1969 دەستکێشانەوەی خۆی لە پارتی رابگەییێنێت و دۆستەکانی ئاپۆ عوسمانیش لەکاتی جیاوازدا یەکە یەکە دەستیان لە کاری پارتی کێشایەوە و ئاپۆ عوسمان بەتەنیا وەك نێچیرێکی ئاسانی رژێمی سوریا و نۆکەرەکانی مایەوە، لە بەرلین لەکاتی ئەو یادە پیرۆزەدا وەستام و بە ئامادەبوانم وت کە ئەگەر ئێوە (بەشدار) بوونایە یا ئەگەر 200 کەسایەتی کوردی وەك ئێوە لەگەڵ ئاپۆ عوسمان سەبری بوونایە ئەوا دەستی لە کاری پارتی نەدەکێشایەوە و مێژووی گەلی کورد لە سوریا دەگۆڕرا... هەر هەمان کەسانی دوژمن بە ئاپۆ عوسمان سەبری کە لەسەر شانی دژایەتی ئەو خواردیان، ئەمڕۆ دێن لەسەر شانی یادکردنەوەی بێ هیچ شەرم و ئابڕووییێك هەم دیسان دەیخۆن وەك دەڵێن (دەیکوژن و شیوەنی بۆ دەکەن)...

## تیۆری بەفیڕۆدانی توانا و وزەکانی کورد

گرنگترین شێوەی شێواندنی کێشەی کورد کە رێکخراو و پارتە کوردەکان زیاتر لە نیوسەتەیە بەکاریدەهێنن بەفیڕۆدانی توانا و وزەکانی کوردە بەبیانووی جیاوازی لەگەڵ کەسانی دی لە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژی و ئامانجەکانی ناوچەیی و جیهانی تاکو هەموو لایەنەکانی جەنگاوەر لە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بپەشۆکێنن کە تاکە ئامانجی پیرۆزە کە لەسەرەتاوە گشت رێکخراو و پارتە کوردەکان بۆی دروستبوون بەلاّم پاشان لایانداوە و پیلانی دژ ئەگێڕن بۆیە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان خراوەتە پشتگوێ تاکو کێشەی کورد لە بازنەییێکی بەتاڵدا بەبێ چارەسەر هەتا هەتایە بخولێتەوە، ئەم بەفیڕۆدانەش هەمیشە و ئێستاش بوەتە هۆی شێواندنی سەرجەمی کێشەی کوردی و بگرە بوەتە و دەبێتە هۆی پەرتکردنی یەکێتی نەتەوەی کورد و رمانی وزەکانی لە گشت بوارێکدا.

هەروا شەڕی براکوژی کورد بە کورد کە یەکێکە لە شێوەکانی بەفیڕۆدانی وزەی کورد شتێکە کە لەپێشان دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و رێکخراو و پارتە کوردەکانی سەر بەوان لەسەری رێککەوتوون، وە هەر کە سەردەمێکی کوشتار تەواودەبێت یەکسەر بەبێ پشوودان یان بەخۆداچوونەوە یان پرسینەوە لە ویژدان یەکێکی دی دەستپێدەکات، بۆیە کە مەسەلەی شەڕی براکوژی رۆڵێکی جیاوازی هەیە لە بەفیڕۆدانی وزەی کورد و یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکانی راستەوخۆ بەستراو بە ئەجێندەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

## ئەو هاوکێشە کوردستانیەی کە ئێستا هەیە

رێکخراو و پارتە کوردەکان دەخوازن ستراتیژییێکی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دامەزرێنن و چەند کورسییێکیان لە فەرمانڕەوایی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا هەبێت، نەوەك ستراتیژی نەتەوەیی کوردستانی گەورە و گەلە کۆستکەوتوەکەی چونکە ئەوان بۆ رەزامەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کاردەکەن نەوەك بۆ رەزامەندی ویژدانی کورد، وە لەبەرئەوەی ئەوان هەزاران جار دەلاڵ و داردەستی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بوون بۆ لێدانی هەر رێکخراو و پارتێکی کوردی دی و هەمیشە ئەوپەڕی دووربوون لە بنیاتنانی بەرەی رزگاریخوازی کوردستانی.

ڕێکخراو و پارتە کوردەکان کاردەکەن بۆ وەرگێڕانی ئەو هاوکێشە کوردستانیەی سەرەوە لەسەر گۆڕەپانی کوردستانی بە هەوڵێکی ڕێکخراو بۆ کۆمەکی هەر ڕێکخراوێکی کوردی تایبەت بە مافی مرۆڤی کورد یا مافی کولتوری و کۆمەلآیەتی و رامیاری کوردی بەمەرجێك کە نزیکی ئەو هێڵە سوورە نەکەون کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بۆیان کێشاون کە بریتیە لە سەربەخۆیی کوردستان و بەم پێیە دوژمنایەتی هەر ڕێکخراوێك کە داوای سەربەخۆیی کوردستان بکات.

ڕێکخراو و پارتە کوردەکانی فەرمانڕەوا لە باشوری کوردستان مۆڵەت بە هەموو پارت و ڕێکخراوێکی دوژمنی ئازادی کورد و کوردستان دەدن بەلآم مۆڵەتیان لە هەموو ڕێکخراوێکی کوردی قەدەغەکردوە کە خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکات وەك کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی قەدەغەکراون لە دەرکردنی ڕۆژنامە یان دەرکەوتن لەسەر تەلەفزیۆن و دەزگاکانی راگەیاندنی سەر بە پارتە کوردەکانی فەرمانڕەوا لە باشوری کوردستان، هەروەها مەڵبەندەکانی موخابەراتی ئێرانی و سوری و ترکی لە باشوری کوردستان زۆر زیاترن لە مەڵبەندەکانی حکومەتی باشوری کوردستان.

من پیرۆزبایی لە هەوڵەکانی هەموو ڕێکخراوێکی کوردی دەکەم کە لەبواری مافی مرۆڤ و مافی کولتوری و کۆمەلآیەتی و رامیاری کورد دەکەن یا ئەو کارەساتی گەلکوژیەی کە تووشی گەلی کوردبووە ئاشکرا دەکەن، بەلآم لە پاڵ نەبوونی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان لای من ئەمانە بەفیڕۆدانی کات و وزە و تواناکانی کوردە، هەرچەندە هەریەك لەو ڕێکخراوانەی باسمانکردن زۆر بە گەرمی کاردەکەن و کەسانی کوردی خاوەن توانای بەرزیان هەیە بەلآم بەداخەوە هەمووی وەك کردەوەییێکی بێهۆشکردنی جەماوەرە چونکە کار بۆ چارەسەری کێشەی کورد ناکەن و هەندێ جاریش لەوانەیە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ئاگاداردەکەنەوە و خاڵە لاوازەکان و بەهێزەکانی ڕێڕەوی گەلی کورد پیشاندەدەن و بەوپێیە نێگەتیڤەکانی لە پۆزەتیڤەکانی زیاترە و ئەم کارە هیچ جیاوازییێکی نیە لەنێوان مەسەلەی دیاریکردنی نەخۆشییێك... بۆنمونە دەڵێن بە نەخۆشەکە کە کۆکە و تاییێکی بەرز و هەلآمەتێکی توندی هەیە و پاشان پزیشکەکە دەڕوات بێئەوەی کە هیچ دەرمانێك بۆ نەخۆشەکە بنووسێت... بۆیە لەم ڕووەوە من لام وایە کە قوربانیدان بە ڕۆحی مرۆڤ تەنها بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بێت و هەچ بوارێکی دی بێگومان وەك بەفیڕۆدانێکە بۆ توانا و وزەکانی کورد.

## بەشی شەشەم

## ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان و رامیاری ئاسایشی نەتەوەیی کورد

### جیاوازی چیە لە نێوان ئاسایشی خێڵ و خێزان و شار و هەرێم لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی کورد؟

ئاسایش و ئاسودەیی خێڵ و خێزان و شار و هەرێم مەسەلەی گرنگن بەلاّم لەوان گرنگتر ئاسایشی نەتەوەیی کوردە چونکە بە ئاسایشی نەتەوەیی ئاسایشی و ئاسودەیی خێڵ و خێزان و شار و هەرێم و هەرچی پەیوەندی هەبێ بە کورد و کوردستانەوە دێتەدی.

ئاسایش و ئاسودەیی خێڵ و خێزان و شار و هەرێم لەکۆتاییدا مەسەلەی هەوڵدانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خێڵێك و خێزانێك و شارێك و هەرێمێك کە زۆرجار ئەو بەرژەوەندیە دژی بەرژەوەندی ئاسایش و ئاسودەیی خێڵێك و خێزانێك و شارێك و هەرێمێکی دی دراوسێن، وە بۆ ئەو بەرژەوەندیە تەسکە ناچارە کە لە ئاسایشی نەتەوەیی کورد دووربکەوێتەوە، وە زۆری بەرژەوەندییەکان جیایی و هەمەڕەنگی لەناو یەك گەلدا دروستدەکات و کۆتاییەکەی شەڕی ناوخۆیە کە یەکێتی نەتەوە وێراندەکا و کۆتایی نابێ تاکو دروشمی ئاسایشی نەتەوەیی کورد و سەربەخۆیی کوردستانی گەورە بەرزنەکرێتەوە و دووردکەوتنەوە لە بەرژەوەندی خێڵەکی و هەرێمایەتی و پارتایەتی تەسك کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەهەموو هێزی خۆیان کۆمەك و یارمەتی دەدەن چونکە لایان باشترە کە بەرەنگاری خێڵ و هەرێم و پارتی جیاواز و لەکاتی جیاوازدا ببنەوە نەك بەرەنگاری 40 ملیۆن کورد بەجارێ.

دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان زۆر بە هیمەتەوە هەوڵیانداوە نەتەوەی کورد پارچە پارچە بکەن بەوەی کە ئاسایشی نەتەوەیی کورد ونبکەن و ئاسەواری هیچ بیرۆکەیێك نەهێڵن کە پەیوەندی بە مەسەلەی ستراتیژی رزگاری کوردستان بشارنەوە تاکو بگەنە قۆناغی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر پارچەیێکدا بەجیا و دابڕینی کێشە چارەنووسیەکانی کورد لە کاریگەری دەوروپشتی نەتەوەیی کوردی، بەتاییەت کە هەلیان بۆ هەڵکەوتوە کە لەبارەی جیاوازی سەربازی و کولتوری و نیشتەجێبوون لە ناوچەکەدابن، ئەم دۆخەش سەرەنجامی وای لێبوەتەوە کە کاریگەرییێکی گەورەی لەسەر جەماوەری کورد کردوە و وایلێکردوە کە بزووتنەوەی بیرورا و هەڵوێستی جەماوەر جیاواز و پەرت پەرت و دژبەیەکن، وە گشت بزووتنەوەییێکی گەلی کورد بەستراوە بەو هۆکار و باروڕۆخەی کە دەوروپشتی ئەو شوێنەی کە تیایدایە، کار گەیشتوەتە ئەو رادەیەی کە رێکەوتنێکی ناوچەیی ئاشکرا هەیە بۆ پارچەکردنی زیاتری نەتەوەی کورد و دەستگرتن بەسەر تواناکانیدا، وە لەگەڵ سەرهەڵدانی تەوژمێکی بەرگریکار بۆ داگیرکردن کە ئامانجی رزگارکردنی کوردستان و شکست پێهێنانی رامیاری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بوو، جەماوەری کورد بەرەو هوشیاربوونەوە و راپەڕین گۆڕران لە باشوری کوردستان لە 1991 و لە رۆژاوای کوردستان لە 2004 و ئەم بەرەنگاربوونەوەی داگیرکردنە لە باشوری کوردستان بارێکی نوێی دروستکرد کە لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی چاوەڕوان نەدەکرا و کەس نەبو کە ئەگەری دروستبوونی قەبارەییێکی کوردی نیمچە سەربەخۆ و ئەوەندە کاریگەر لەسەر هەرێمەکانی دی کوردستان لە باکور و رۆژاوا و رۆژهەلاّت، بەلاّم راپەڕینە مەزنەکانی گەلی کورد هەمیشە بوونەتە نێچیرێکی ئاسان بۆ نۆکەرانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، کە کاردەکەن بۆ لادانی راپەڕین لە رێگەی راستەقینەی خۆی و بەتاڵکردنەوەی لە هەموو بیر و ستراتیژی نەتەوەیی و بەستنەوەی جارێکی دی بە مەڵبەندەکانی داگیرکەران تاکو وەك بەشێك لە نیشتمانی ئەوان بمێنێتەوە کە بەلای ئێمەوە نیشتمانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانن.

رووداوەکانی باشوری کوردستان سەلماندیان کە پرۆژە ئیمپریالیستەکەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە دواهەمین هەناسەدایە و بەرەو نەمان دەچێ، ئێستا هاونیشتمانی کورد دەتوانێت جیاوازی لەنێوان ئەو شتانەدا بکات کە زیانیان هەیە بۆ نەتەوە و ئەوانەی کە لە بەرژەوەندیدان، واتە چیتر بە پێشنیاری سەرلێشێوێن هەڵناخەڵەتێ کە دەیانەوێت گێلیبکەن و مێژووی بشێوێنن و رایکێشێن بەرەو قۆناغی تەپین و رەزامەندی بە باروڕۆخ و دەتوانین بڵێین کە بەتەواوی بڕوای پەیداکردوە بە راستی ناوەڕۆکی نەتەوەکەی و توانای بۆ رابوونی سەرلەنوێ و توانای گەڕانەوەی بۆ ئەو رۆڵە سەرکردایەتیەی کە پێش هەزاران ساڵ لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی دەیبینی، جەماوەری کورد لەوەدا نەماون کە گوێ بدەنە ئەوانەی کە هەوڵدەدەن ئەو راستیە بشێوێنن کە کورد نەتەوەییێکە کە لە

نەتەوە مەزنەكانى جیهان هیچى كەمتر نیە، هەروا هاونیشتمانى كورد دڵنیابوە لەوەى كە نەتەوەكەمان ئەوەندە ئەستوونى هەیە كە بتوانێت خۆیڕاگرێت و لە مەترسیەكانى تەقەلاكانى ئیمپریالیستى خۆى بپارێزێت كە ئەمەیە رابوون و را پەرینى راستەقینە.

راستییێك هەیە كە بریتیە: ئەگەر ئێستا ماوەییێكى زۆر هەیە لەنێوان كورد وەك نەتەوەییێك و نەتەوەكانى پێشكەوتوە هۆكەى هاونیشتمانى كورد نیە، بەڵكو هۆكەى كەمتەرخەمى رێكخراوەكانى كوردە و سستى بێبیانویان بەرامبەر ئەو كێشانەى كە پەیوەندییان بە چارەنوسى نەتەوە و ستراتیژى ئاسایشى نەك ئاسایشى پارت و سەرۆك و خێزانەكەى، كە بێگومان ئەم كەمتەرخەمى و سستیە لە رابردوودا پاڵیان بە نەتەوەكەمانەوە ناوە بۆ ملكەچى و سەرشۆڕكردن، واتە تا رادەییێك كە دەرگاى خۆى بۆ هەموو جۆرە داگیركردنێك كردووەتەوە. بەبێ ئاسایشى نەتەوەیى كورد و دانانى ستراتیژى ئازادكردنى كوردستان ناتوانین كوردستانى یەكگرتو و سەربەخۆى خۆمان بگێرینەوە و بەبێ ئاسایشى نەتەوەى كورد، گەلى كورد ناتوانێت بە سەربەرزى بژى و دووربێ لە هەرەشە و خستنە پشتگوێ و نكۆڵیلێكردن و بەم پێیەش ژیانێكى سروشتى و پڕخۆشى، ئەوەش بە ویستێكى ئازاد و یەكیەتییێكى راست و دیپلۆماسیەتێكى بەرز و كاركردن دەبێت بۆ بەكارهێنانى هەموو ئامێرێك بەشێوەییێكى راسیۆناڵانە بۆ بەدیهێنانى.

## چۆن زاراوەى ئاسایشى نەتەوەیى پەیدابوو

زاراوەى ئاسایشى نەتەوەیى دەگەڕێتەوە بۆ كۆتایى جەنگى جیهانى دوەم كە لێشاوێك بلاْوكراوە دەرچوون كە لێكۆڵینەوەبوون لەسەر چۆنیەتى بەدیهێنانى ئاسایش و خۆلادان لە شەڕ كە سەرەنجامەكەى پەیدابوونى تیۆرى بەرگرى و بالانس و پاشان ئەنجومەنى ئاسایشى نەتوەیى ئەمێریكى لە 1974 دامەزرا و لەو كاتەوە زاراوەى ئاسایش بە ئاستە جیاكانى بلاْوبوەوە بە پێى بارى ناوخۆ و ناوچەیى و نێودەوڵەتى و پاش ئەوەش چەندین كۆنسێپتى دى لەم بوارەدا پەیدابوون وەك ئاسایشى نەتەوەیى ئەمێریكى و ئاسایشى نەتەوەیى سۆڤییێتى و ئاسایشى نەتەوەیى ئەوروپى و هتد.

## چەند كۆنسێپتێكى جیهانى بۆ پاراستنى نەتەوە

ماوتسى تۆنگ ئەڵێ: ناتوانرێت دونیا چاكبكرێت بەبێ چەك و ئێمە لایەنگرى نەهێشتنى جەنگین، ئێمە شەڕمان ناوێ بەلاْم ناتوانرێت جەنگ نەهێلرێت بە جەنگ نەبێت، كەواتە ئەگەر دەخوازى چەك نەمێنێت، چەككەكەت هەڵگرە.

لینین ئەڵێ: رامیارى بیرە بەلاْم جەنگ ئامێرە.

چێ گیڤارا ئەڵێ: كاتى ئەوە هاتوە كە لە جیاوازیاكا نماندا لەسەرخۆ بین و هەموو شتێك بخەینە كار بۆ خەبات.

جەنەراڵ سان ئێتیێن ئەڵێ: سەركەوتو ئەوەیە كە دەتوانێ بجەنگێ و دەیخوازێ.

میكاڤیلى ئەڵێ: بۆ سەركردە هیچ شتێك لەوە باشتر نیە كە ئاگاى لە نەخشەكانى دوژمن بێت.

هرتزل ئەڵێ: ئەگەر بخوازن شتى ناسروشتى بەدیدەهێنن.

پرۆتۆكۆڵەكانى پیرەكانى زایۆنیزم دەڵێن: رامیارى لەگەڵ خورەوشت ناگونجێ و ئەوەى داواى فەرمانڕەوایى دەكات پێویستە پەنابەرێتە بەر فێڵ و زیرەكى و دووڕوویى چونكە خوە مەزنەكانى مرۆڤ وەك دڵسۆزى و دڵپاكى لە رامیاریدا بێڕەوشتین.

ئاسایشى نەتەوەیى: تواناى كۆمەڵە بۆ بەرەنگاربوونەوەى رووداوەكان و بەسەرهاتى تاك و هەموو شێوەییێكى پەیوەند بە سروشتى ئاڵۆزەوە، وە تواناى نەتەوە بۆ پاراستنى بەهاكانى ناوخۆى لە هەرەشەى دەرەوە.

ئاسایشى بەكۆمەڵ: بریتیە لە مسۆگەركردنى ئاسایشى كۆمەڵێك دەوڵەت و سەلامەتى زەویەكانیان لەرێگاى هاوكارى و كارى هاوبەش و بەرگرى بەرامبەر هەچ دەستدرێژییێكى تاك و بەكۆمەڵ.

ئاسایش بە پێى ئینسایكلۆپیدیاى بریتانى واتە پاراستنى نەتەوە لە گشت شێوازێكى ستەم بەدەستى هێزێكى بێگانە.

ئاسایش بە پێی رای وەزیری دەرەوەی ئەمێریکای پێشوو هێنری کیسنجەر واتە هەر کردەوەییێك کە کۆمەڵ لەرێیانەوە هەوڵی پاراستنی مافی مانەوەی خۆی دەدات.

رۆبرت ماکنەمارا وەزیر بەرگری ئەمێریکای پێشوو و یەکێك لە بیرکەرەوە ناسراوەکانی ستراتیژی لە پەرتوکەکەیدا ناوەرۆکی ئاسایش وتویەتی کە ئاسایش واتە پێشکەوتن و پەرەسەندن نەك ئامێری سەربازی و بەبێ پەرەسەندن ناتوانرێ ئاسایش دابین بکرێت، چ لەرووی ئابووری یا کۆمەلآیەتی یا رامیاری، لەژێر پاراستنێکی مسۆگەردا، هەروا وتویەتی ئاسایشی راستەقینەی دەوڵەت لە زانینێکی قوڵ هەڵدەقوڵێ سەبارەت بە سەرچاوەکانی هەرەشە لەسەر توانا جیاوازەکانی و بەرەنگاربوونەوەیان تاکو هەل بۆ پەرەسەندنی ئەو توانایانە پەرەسەندنێکی راستەقینە لەهەموو بوارێکدا چ بۆ ئێستا و چ بۆ دوارۆژ دابینبکرێت.

ئاسایشی نەتەوەیی لەروانگەی سەربازییەوە: کەسانی سەربازی رایان وایە کە ئاسایشی نەتەوەیی واتە توانای سەربازی بۆ پاراستنی نیشتمان و نەتەوە و بەرگریکردن لێیان بەرامبەر هەر دەستدرێژیێکی دەرەوە.

ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی رامیارییەوە: کەسانی رامیاری رایان وایە کە ئاسایشی نەتەوەیی کۆمەڵێك پرینسیپە کە لایەنەکانی یەکگرتنی نەتەوە دەیانسە پێنێت لە چوارچێوەی بزووتنەوەییێکی دەرەکی.

ئاسایشی نەتەوەیی لەروانگەی زانایانی کۆمەلآیەتی: زانایانی کۆمەلآیەتی رایان وایە کە ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە توانای دەوڵەت بۆ پاراستنی بەهاکانی ناوەوەی لە هەرەشەی دەرەوە. چونکە دابینکردنی بەرگری ناوچەیی و ئاسودەیی رامیاری و تەواوکاری ئابووری لەنێوان بەشەکانی یەك نیشتمان و بەهێزکردنی میکانیزم و پێرەوەکانی ئیشی هاوبەش کە توانای بەرگریش دەگرێتەوە بۆ وەستاندنی دەستێوەردانی دەرەکی و پتەوکردنی ئەو پەیوەندیانەی کە ئێستا لە لاواز دەچن لەنێوان بەشەکانی نەتەوە لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە بۆ پشتبەستن بە گفتوگۆ و ناوبژی بۆ کۆتایهێنان بە ئەو جیاوازی و ململانێیانەی نێوان ئەو بەشانە.

## کۆنسێپتی ئاسایشی نەتەوەیی کوردی

ئاسایشی نەتەوەیی کوردی بریتیە لە توانای گەلی کورد بۆ بەرگریکردن لە خۆی دژی هەر دەستدرێژییەك لەسەر خوێن و داوێن و پارە و موڵکی نەتەوەی کورد، هەروا پاراستنی مافی نەتەوایەتی و کۆمەلآیەتی و رامیاری و کولتوری کە ناتوارێ دابینبکرێن بەبێ سەربەخۆیی کوردستان، فەرمانرەوایی نەتەوەی کورد لەسەر زەویەکەی کە لە دەریای قەزوێن و دەریای رەش لە باکورەوە تا دەریای سپی ناوەراست لە رۆژاواوە و هەتا کەنداو و تەنگەی هرمز لە باشور و رۆژهەلآتەوەیە، بەتەواوی وەك ئەو سنوورەی کە میر شەرەف خانی بەدلیسی لە پەرتوکەکەی "شەرەفنامە" دا پێش زیاتر لە 400 ساڵ دیاریکردوە. کەواتە ئاسایشی نەتەوەیی کورد هیچ بوونێکی نابێت هەتاکو کوردستان بەشکراو و داگیرکراو بێت کە بەوجۆرە زۆر قورسە نەتەوەی کورد وزە و توانای ئابوری و رامیاری و کۆمەلآیەتی و کولتوری و سەربازی خۆی پەرەپێبدات تاکو بتوانێت ئاسایش و خۆشگوزەرانی نەتەوە دابینبکات. ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە رێکەوتنی نەتەوە بە تاك و رێکخراوەوە لەسەر ئەو ئامانج و ئامێر و میکانیزمەی کە دەبێ پەیرەوبکرێن و بەدیبهێنرێن بۆ پاراستنی سەربەزی و داوێن و مافی نەتەوەی کورد کە پێش هەموو شتێك بریتیە لە پەرەپێدانی مرۆڤایەتی کۆمەلآیەتیە و بەتایبەت لەبواری ئابوری و رامیاریدا. بەلآم دیموکراسی و مافی مرۆڤ ئەوە چەکی لاوازەکانە و بەدزیەوە خزاونەتە ناو گەلە کۆیلەکان تاکو لە کێشەی سەرەکی خۆیان دووربخرێنەوە کە رزگاری و دامەزاندنی دەوڵەتی خۆیانە، ئەبێ ئەوەش لەبیرنەچێ کە دیموکراسی و مافی مرۆڤی کورد هەرگیز نابن بەبێ رزگاری کوردستان و ناشتوانرێ بەرگری لە ئاسایشی نەتەوەیی کورد بکرێت و داوێنی نەتەوە بپارێزرێت و نازناو و شوێنی لەناو نەتەوەکاندا بەرزبکرێتەوە بەبێ دەوڵەتی کوردی و هەر کەس وابزانێت کە بەبێ دەوڵەتی کوردی دەتوانرێ زیندەگی و سەربەزی و ئازادی و داوێنی نەتەوەی کورد بپارێزرێت، ئەو کەسە هەڵەیە.

## بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەنێوان پەیڕەوی نەتەوەیی سەربەخۆخواز و پاشەکشێی رامیاری و پارتی

ئێمەی ئازادیخوازانی کوردستان پێویستیمان بە بیرکردنەوە کارکردنە بۆ داڕشتنەوەی پەیڕەوی نەتەوەیی کوردی کە لە مەیدانی ململانێی پارتی و پاشەکشێی رامیاری و گۆشەگیری ناوچەییدا ونبوە. بەبۆنەی شەشەم کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان کە لە 18-4-2009 لە لەندەن بەسترا و لەیادی 50 ساڵەی دامەزراندنی رێکخراوی کاژیك "کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد" کە هێڵە پانەکانی بیری نەتەوەیی کوردی ئازادیخوازی لە چوارچێوەییێکی فەلسەفیدا پێش نیو سەتە دانا و لە 14 نیسانی 1959 لە شاری سلێمانی باشوری کوردستان دامەزرا بە دەستپێشخەری حەوت کەسی یەکەمی دامەزرێنەری کاژیك کە ئەم بەڕێزانەن: جەمال نەبەز و ئەحمەد هەردی و کامل ژیر و فەرەیدون عەلی ئەمین و عەبدولاّ جەوهەر و ئیحسان فوئاد و فایق عارف.

بیروباوەڕی کاژیك هیوای گێڕایەوە کە خەریکبو ئەکوژایەوە چونکە بیری کاژیك بریتیە لە بیری نەتەوەیی کورد کە دەربڕینی بیری سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی گەلی کورد و دامەزراندنی دادوەری کۆمەڵایەتیە لەناو کۆمەڵگای کوردەواری، واتە بەکورتیەکەی بیری کاژیك بەردی بناغەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستانە لە قاڵبێکی فەلسەفی بابەتیدا، هەروا بیری کاژیك دەربڕینی هوشیاربوونەوەی کورد و ویژدانی کوردە چونکە ئەوەی بیری کاژیك هێناویەتە کایەوە لە بیرێکی ئازدی روناکبیر و دڵێکی فراوان کە کوردستانی گەورەی نێوان چوار دەریاکە ( قەزوێن و کەنداو و رەش و سپی ) دەگرێتەوە و چاودێری هەموو رۆڵەکانی گەلی کورد دەکات بە گشت زاراوە و توێژ و ئایین و مەزەبیانەوە کە تابلۆییێکی رەنگاوڕەنگی وەك دەستە گوڵی جوان پێك دێنن کە هەموو رەنگێکی تێدایە.

بیری کاژیك تەنها کاریگەری لەسەر ئەندام و لایەنگرانی نەبوە بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو نەتەوەی کورد لە گشت هەرێمە کوردستانیەکاندا هەبوە بەوەی کە زۆر رێکخراوی کوردی وەك کۆمەڵە و پارتی کرێکارانی کوردستان ( لە سەرەتاکانیاندا ) و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانی و پارتی سەربەخۆیی کوردستان و پاسۆك و کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و هتد کە زۆر لەو بابەتانەی بیری کاژیکیان گرتوەتەخۆ وەك داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوردستانی گەورە و دادوەری کۆمەڵایەتی بە لابردنی جیاوازی چینایەتی و ئابوری و توخمی و کولتوری و چەندین بنەڕەتی بیری کاژیکی، هەرچەندە کە کاژیك بە فەرمی دەستی لە رێکخستنەکەی خۆی لە 1975 وە کێشاوەتەوە بەلاّم بیری کاژیك تائێستاش ئەدرەوشێتەوە و رێگای رزگاری کورد و کوردستان رووناکدەکاتەوە.

## بۆچی بیری کاژیك تائێستاش ئەدرەوشێتەوە و رێگای رزگاری کورد و کوردستان رووناکدەکاتەوە

چونکە ئازادی هەرگیز سیسنابێت و نامرێت، چونکە ئازادی لەگەڵ هەر منداڵێکی نوێ لەدایکدەبێتەوە، لەگەڵ ئەو هەستە زکماکە گشتیانەی کە هەر لەدایکبونەوە تا مردن مرۆڤ هەیەتی، مرۆڤ خۆشەویستی موڵکداری و ئازادیشی هەیە، لەبەر ئەوەیە کاتێ رژێمی سۆڤییێتی رووخا کەس نەبوو بەرگری لەو رووخانە بکات چونکە رژێمی سۆڤییێتی گەلەکەی خۆی لە مافی موڵکداری و مافی ئازادی بێبەشکردبوو، لەبەر ئەوەش هەرچەند هەندێك رێکخراوی کوردی هەوڵبدەن کە بیری کۆیلەیەتی لەناو جەماوەری کورددا بڕوێنن و هەرچەند هەوڵبدەن کە ببنە پاشکۆییێکی دڵسۆزی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و سنوورەکانیان و ئازادی ئەوان لەسەر شانی ئازادی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بپارێزن، هەر کە هەلێك دەرکەوێت بۆ گەلی کورد کە خوشەویستی ناخی خۆی بۆ ئازادی دەربڕێت ئەوا رادەپەڕێت و شۆڕشدەکات بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری پەروەردەی کۆیلایەتی پارتایەتی کە زیاتر لە نیوسەتەیە لە باشوری کوردستاندا تووشی بووە و ئەوەشمان بەچاوی خۆمان کاتی را پەڕینی ئاداری 1991 و را پەڕینی رۆژاوای کوردستان لە ئاداری 2004دا بینی.

لێرەدا دەمەوێ کە جەخت لەسەر رامیاری کۆیلایەتی پارتە کوردەکان بکەمەوە کە هەوڵدەدەن تۆزقاڵێك مافی گەلی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا وەرگرن لەژێر ناوی جیاوازی وەك مافی دیموکراسی و رۆشنبیری و رامیاری و کۆمەڵایەتی تا دەگاتە ناسێنترالی و ئۆتۆنۆمی و فیدرالی، بەلاّم دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان مافیان دەدرێتیٚ کە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانبن، ئەمەش ئەوە دەگەیێنیٚ کە دەوڵەتەکانی داگیرکەری کوردستان مافی ئازادییان زۆر زیاترە لەو تۆزقاڵە مافانەی بەو ناوە جۆراوجۆرانەی باسمانکرد. کەواتە کێشانە و تەرازووی راستەقینەی ئەو ئازادی یان کۆیلەتیەی کە گەلێك هەیەتی چەندی ئەو ئاستەیە کە دەسەلاّتی هەبێت، خاوەنی دەسەلاّتی زیاتر ئەو گەلەیە کە ئازادترە و خاوەنی دەسەلاّتی کەمتر ئەو گەلەیە کە کۆیلەیە، لەبەر ئەوەش کە ئازادی بەشناکرێت وەك تەندروستی لەشی مرۆڤ، کە نیو تەندروستی تێدا نیە، چونکە ئەوەی نیوتەندروستبیٚ واتە نەخۆشە، ئازادیش هەروایە ئەوەی کە نیوئازادبێت واتە کۆیلەیە.

## پەرەسەندنی زانستی و کۆنسێپتی نەتەوە

ئەو بۆشاییە تەکنۆلۆژیەی کە لە نێوان هەرێمە کوردەکان و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا هەیە و تادیٚ فراوانتردەبێت، بریتیە لە هەڕەشەیێکی راستەوخۆ بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کورد.

لەگەڵ هاتنی تێکنۆلۆژیای سەربازی کە هەموو جۆرە چەکێك و کەرتەکانی سەربازی لە چوارچێوەی ئامانجی ستراتیژی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەگرێتەوە. ئەو داوکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژیە و ناپتەوی بناغەی زانستی نەتەوەی کورد بریتیە لە هەڕەشەیێکی مەترسیدار بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کورد، لەبەر ئەوەش کە کاریگەری دوولایەنە هەیە لەنێوان ئەو توانایانەی کە تێکنۆلۆژیا دابینیاندەکات، پێویستە گەلی کورد ئەو رێڕەوانە بگرێتەبەر کە دەیگەیێنێتە ئاستی شارستانیەت و پێشکەوتن بۆ بەرزکردنەوەی توانای لە هەموو بوارێکدا تا بگاتە رادەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان یان هیچ نەبێت هەندێك ئامێری مانێور و بەرگری هەبێت.

لەسایەی شۆڕشی زانیاری ئیمپریالیزم و بەتاییەت دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان واتاییێکی نوێیان گرتوەتەخۆ کە دوورە لە واتا کلاسیکیەکەی کە بەسترابو بە سەرباز و چەك و تۆپخانە و دامەزراندنی نیشتەجیٚ لەسەر زەوی کەسانی دی. ئێستا پایەکانی ئیمپریالیزم بوونەتە درکاندنی نهێنیەکانی دەوڵەت و گەلانی دی و زانینی بەیاننامە و سامان و سەرژمێرەکانیان لەگەڵ درێژەی تاییەت بەو نهێنیانە چ ئەوانەی کە پەیوەندیان بە لاوازی یا پتەوی ئابورییانە یان ئەو وزەیەی کە هەیانە یان شتی پەیوەندیدار بە هێزەکانی کارکردن و ژمارەیان و کەلەپور و نەریتیان و وزە مرۆڤی و ماددیەکان لەناو گەلەکانیان و دووبەرەکی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا، هەموو ئەمانە لەوانەیە ببنە جێپێیێك بۆ ئیمپریالیزمی ئابوری کە ئەوەش بریتیە لە رەگی بنەڕەتی بۆ ئیمپریالیزمی سەربازی کە لەوانەیە لەشێوەییێك لە شێوەکانی کۆنترۆڵدا دەرکەوێت پێش ئەوەی ببێتە جۆرێك لە جۆرەکانی دا پڵۆسینی سەربازی.

## بۆ پاراستنی نەتەوەی کورد و بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان
## پێویستە دەست بە ستراتیژی ئاسایشی نەتوەیی کوردەوە بگرین

بنەڕەتی هەموو هێزێکی سەربازی چ کلاسیکی و چ پێشکەوتوو پایە ئابووری و زانستیەکانی و پەروەردەی نەتەوایەتییە، چونکە هەموو دەوڵەتێك لەوانەیە بتوانیٚ توانای سەربازی خۆی بە بایییێکی ئابوری بۆ ماوەییێکی کورت پەرەپێبسێنێت بەلاّم پاراستنی بۆ ماوەییێکی درێژ لەتوانایدا نیە، ئەگەر ئەو دەوڵەتە بناغەییێکی ئابوری و زانستی نەبێت کەلەسەر بیر و مەچەکی خەڵکەکەی دامەزرابێت، مێژوو فێرماندەکات کە پشتبەستن بە بێگانە، زۆر لەلایەنی ماددیەوە دەکەوێتەسەر دەوڵەت و بێجگە لە دەستێوەردان بۆ بەستنەوەی ئازادی و کۆنترۆڵی بڕیاری رامیاری، واتە کرمێکە کە لەناوەوە دەوڵەت کوندەکات، چونکە ئازادی و فەرمانڕەوایی و سەربەرزی گەلێك نابێت کە لە ئابوری و ئاسایش و بژێوی و دەرمانی نەخۆشەکانیدا پشت بە بێگانە ببەستێت، بەتاییەت ئەگەر ئەو

بێگانەیە دوژمنێکی بێئامان بێت... وە لەم جیهانەدا کە بە چەندین شێوە و ڕێگا بەرەو تەواوکاری و تێکەڵبوون و یەکگرتن دەچێت، دەبینین کە نیشتمانی کورد لەبەر هۆکاری دەرەکی بنەڕەتی، بەرەو چەسپاندنی بەشکردن و پەرتوبلاوی دەڕوات و تەنانەت هەر کارێکی هاوبەشی کورد ئەوەندە سستە کە هەندێکجار واهەستدەکەین کە لەسەرەمەرگدایە و لەم قۆناغەدا کە ئەوپەڕی پێویستی بۆ هاوکاری و تەواوکاری هەیە لەوەستاندایە، ڕەنگە هەندێك کەس ڕای جیاوازی هەبێت سەبارەت بە هۆکانی ئەم بارودۆخە پیسە پڕمەترسییە بەڵام هەمووکەس هاوڕایە کە لە کۆتاییدا زیانێکی زۆر بە ڕێڕەوی پەرەسەندنی کورد دەگەیێنێت و هەڵوێستی گەلی کورد لاوازدەکات و لە توانای کەمدەکاتەوە یا سنوور بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی کاریگەر لە ڕژێمی نێودەوڵەتی نوێدا دادەنێت کە لقی جیاوازی لێئەبێتەوە و هێشتا فەرمانڕەوای سەرەکی دەوڵەتانی پێشکەوتوە، بەڵام تائێستا سەرەڕای مەترسییەکی نزیك دژی نەتەوەی کورد هێشتا لە راستیدا کارێکی دیارمان نەدیوە ئەوە نەبێت کە سیاسەتمەدارانی کورد وەك لایان باوە، بەنهێنی و بەئاشکرا کۆدەبنەوە و پاشان چەند وتارێکمان بۆ دەخوێنن کە هەر وتەیە و وتە و هیچی دی، پێشنیار و پرۆژە و یاسا و بەڵگەنامەی کار سەبارەت بە یەکێتی کورد، تا رادەیێك کە زیاتر لە دە ڕێکخراوی کوردی ناوی خۆیان ناوە یەکێتی و یەکگرتوو و کە دەڵێم زیاتر لە دە ڕێکخراو ئەمە چەسپاندنی جیاوازی دەگەیێنێ نەك یەکێتی، هەروا بەم شێوەیە هەرچی بنەڕەتی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە بە هەموو لایێکد دەرووخێن، وە گەلی کورد لەژێر پێی داگیرکەردا دەناڵێنێ و هەرچی شێوەی ستەم و زۆرداری و داپڵۆسین و رەگەزپەرستی هەیە بەرامبەری بەکاردێت و هەرێمەکانی کوردستان چەندین ساڵە دووچاری گەمارۆی ستەمکار و ئابڕوبەر بوونەتەوە، برسێتی و نەخۆشی و مردنی هێواش یەکێکە لە دیاردەکانی ئەم زەمانە پیسەی کورد... هەندێك هەرێمی کوردستان تەماشای سەربڕینی ئەوانی دی دەکات و وسکتن و هیچ لە سەربەخۆییان نەماوەتەوە جگە لە ئاڵاو سرودی نیشتمانی، بەڵام زەویەکانی دەستبەسەرن و هێزی کاری ئەوپەڕی چەوساوەن، رۆشنبیرەکانی کۆچیانکردوە یان کۆچیانپێکراوە، وەك سەرەنجامێکی بێگومانی ئابووری رووخاو و وەلاتانی بەرهەمی بیری داهێنەر لای سیاسەتمەدارانی کورد، هەموو ئەمانە روویانداوە و لەدوارۆژیشدا بەتوندوتیژتر روودەدەن، لێپرسراوانیش کوردیش هێشتا وێڵ و سەرگەردان لەتاریکیدا ئەخولێنەوە، کەچی ڕێگەی نەمری لەبەردەمیاندا ئاشکرایە، ئەوان هێشتا تێنەگەیشتون کە دونیا کۆدەبێتەوە و یەکدەگرێ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵی ئابوری و پیشەسازی و رامیاری و سەربازی زلهێز تاکو لە مەترسیەکان خۆیان قورتارکەن، هەروەها تا ئێستاش تێنەگەیشتون کە یەکییێتی هێزە و یەکییێتی سەرانسەری کورد حەشارگای ئاسایش و هەڵبژاردەی کۆتاییمانە، ئێمە ئازادی و سەربەزیمان نیە لەدەرەوەی ئەو یەکییێتیەی کە نیشتمانپەروەرانی ئازادیخواز هەر لە کاتی ئەحمەدی خانیوە تاکو ئەمرۆ باسیدەکەن.

ئاشکراشە کە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە رابردوودا نەخشەیێکی ستراتیژی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردی ئامادەکردبوو، واش دانرابوو کە ئەمە ڕێگەیێکە کەس نیە لێی لابدات، تاکو ببێتە چوارچێوەیێك بۆ کاری هاوبەشی یەکگرتوو، چونکە ئامانجەکان بێگومان پیرۆزن، وە هەوڵی چارەسەرکردنێکی کۆتاییانەی بارودۆخی کوردە لەڕێگەی دانانی بنەڕەت و یاسای هاوکاری لە بەرەنگاری کۆسپ و تەگەرەکانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کۆن و نوێدا. ستراتیژیەکەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان داوای پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی کورد و ساغی زەویەکانی و ماف و بەرژەوەندی و دەسەڵاتی دەکات لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی هەموو دەستدرێژیێك لەهەر لایەنێکەوە بێت چ عەرەبی ( سوریا و عراق ) یا ترکی یا ئێرانی بێت، وە وەرگرتنی هەڵوێستی بەرەنگاری یەکسەری دژی دەستدرێژکەر.

گرنگترین چەکێکی ستراتیژی کە کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان هەوڵیداوە بۆ بوونە خاوەنی بریتیە لە پەروەردەکردنی نەتەوەی کورد بە پەروەردەیێکی نەتەوەیی دروست کە چەکێکە چەند توانایێك دەدات بە نەتەوە وەك: پتەوکردنی بەرگری نەتەوەی کورد دژی هەر دەستدرێژییێکی ئایدیۆلۆژی دەرەکی لە چ سەرچاوە و هێزێکەوەبێت و هەروەها هێزێکی دەروونیش دەدات بە کورد تاکو مافی کوردی دەستبەسەر بگێڕێتەوە.

دەتوانین دیارترین شێوەی ئاسایشی نەتەوەیی کورد و خراپترین بەشەکانی لەم قۆناغەدا، کە قۆناغی لاوازی و دووڵی کوردە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دووچاری بوە، بەم جۆرە کورتبکەینەوە:

1. کشانەوەی بیری نەتەوەیی و زاڵبوونی هەستی ناوچەگەری و سەرکەوتنی بەسەر بەرژەوەندی نەتەوەییدا.
2. قوڵبوونەوەی هاوکاری لەنێوان بەرژەوەندی و پەیوەندیەکانی ناوچەیی کوردی لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و گرنگترین نیشانەش بۆ ئەوە سەرهەڵدانی دیاردەییێکی نوێیە کە ئاسایشی نەتەوەیی کورد بەخۆیەوە نەیدیوە کە پەنابردنە بۆ هێزی بێگانە بۆ بەرەنگاری چەند دۆخێك کە تایبەتە بە ئاسایشی نەتەوەیی هەندێك هەرێمی کورد دژی هەندێك هەرێمی کوردی دی کە هەندێك لەو هەرێمە کوردیانەی کردوە بە هاوپەیمانی ئەو هێزە بێگانانە و لە بواری ئاسایشی ئەواندا دەخولێنەوە.
3. پەیدابوونی جۆری نوێ لە هەڕەشەی ناوچەیی وەك دەستدرێژی هێزەکانی ترکی لەسەر باشوری کوردستان و پەرەسەندنی هەڕەشەکانی ترکیا بۆ شاڵاوێکی سەربازی لەسەر سوریا لەبەر پەنادانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هەمووشی بۆ لێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەبیانووی جیاواز تاکو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باری بەرگریدا بمێنێتەوە هیچ هەلێکی نەبێت بۆ گردکرنەوەی وزەکانی و نەخشەدانان بۆ دوارۆژی، هەروا هاوپەیمانی رامیاری و سەربازی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەندێك لایەنی کوردی راکێشاوەتە ناو ئەو هاوپەیمانیانە.
4. رۆیشتنی جیهانی کورد بۆ ناو بازنەی دەسەلاتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەبێ ئەوەی کاریگەری و قورساییێکی شیاوی هەبێت کە بوەتە هۆی کشانەوەی رۆڵی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی لەبەردەم هەرێمە کوردیەکانی دژی رامیاری ئەمێریکی و توندوتیژبوونی گەمارۆی رۆژاوایی و کوردی بۆ ئەو هەرێمانە و تۆمەتبارکردنیان بە تێرۆریزم بەشێوەییێکی هەڵە و نادروست.
5. پەیدابوونی بۆشاییێکی ستراتیژی لەناوچەکەدا و ناتوانایی هێزە کوردیەکان بۆ پڕکردنەوەی بەهۆی تەفرەدانی هەر هەوڵ و تەقەلاییێك بۆ دۆزینەوەی شێوەییێك ئاسایشی کوردی و بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەو دیاردانەی کە هەندێکیان هاوکاتی کاری ناوبژی ململانێی کورد دژی کورد یان کورد و ناوچە بوون و هەندێکیشیان بوونە هۆی رێکەوتن و هاوپەیمانی وا کە باری داگیرکردن و تەرازووی هێزەکان لەبەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان سەپاندویانە کە هەموویان بەگشتی بەپێچەوانە و دژی ئاسایشی نەتەوەیی کوردن و لەناوچەکەدا رژێمێکی رۆژهەلات ناوەڕاستی وا دادەمەزرێنێت کە زەمینە خۆشبکات بۆ رژێمێك کە تائێستاش ئەو سنوورە دەوڵەتیانە بە پیرۆز رابگرێت کە رێکەوتننامەی سایکس – پیکۆی کۆلۆنیاڵی دایناون و کوردستانیان لەژێر داگیرکاریدا هێشتوەتەوە.

## مەترسی و هەڕەشەکانی سەرەنجامی رژێمی رۆژهەلات ناوەڕاستی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد

أ. چەسپاندنی داگیرکردنی کوردستان وەك کاری ترازاو کە بواری گۆڕینی نیە.

ب. رۆیشتنی رێکخراوە کوردەکان یان هیچ نەبێت هەندێکیان بۆ ناو تەویلەی رژێمی رۆژهەلات ناوەڕاستی لەبەردەم هێزێکی سەربازی لەقدا و بەم پێیەش مانەوەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان وەك بالگرتو بەسەر پێکهاتی ئاسایشی ناوچە کوردیەکە و مامەڵە پێکردنی بە پێی بەرژەوەندی ئاسایشی خۆی کە بەتەواوی دژی ئاسایشی نەتەوەیی کوردە.

ت. ئاشکرابوونی جیهانی کورد لەلایەنی ئاسایشەوە و کەواتە کەوتنە ژێر هەڕەشەی دەوڵەتانی دراوسێ، بەهۆی گیروگرفتی زۆری کەڵەکەبووەوە لەنێوان هەندێك رێکخراوی کوردی و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کە ئەوەش دەبێتە هۆی بوونە ئەندامی رێکخراوە کوردەکان لە رژێمی رۆژهەلات ناوەڕاستی بەبێ گوێدان بە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی کورد کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هاندەدات کە گیروگرفتەکان لەئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئاڵۆزتربکەن تاکو بەرژەوەندی و دەستکەوتی زیاتر لەسەر شانی نەتەوەی کورد بەدیبهێنن.

پ. بەستنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی کوردی هەرێمە کوردیەکان بە هێزەکانی بێگانەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

ج. بەتاڵکردنەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ناوەرۆکە ستراتیژیەکەی.

ح. دووچاربوونی رێکخراوە کوردیەکان بۆ بەشبوون و پەرتوبلاوی یەکیێتی و سامانەکانیان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

خ. بەردەوامبوونی هەندێك رێکخراوی کوردی لەسەر پەیڕەوی ناوچەگەریەتی.

د. بەردەوامبوونی هەندێك رێکخراوی کوردی لەسەر گۆڕینی زاراوەی داگیرکەرانی کوردستان بە برایەتی.

ژ. بەردەوامبوونی هەندێك رێکخراوی کوردی لەسەر مامەڵەکردن بەشێوەییێکی دیکتاتۆری لەگەڵ داواکاریەکانی گەلی کورد.

ر. بەردەوامبوونی هەندێك رێکخراوی کوردی لەسەر دانانی سەربەخۆیی کوردستان بە مەسەلەییێکی خەیاڵی و کارکردن بۆ لەکارخستنی ئەو رۆشنبیرە کوردانەی کە بڕوایان بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە.

ز. بەردەوامبوونی هەندێك رێکخراوی کوردی لەسەر رامیاری نۆکەرایەتی بۆ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و کارکردنیان بۆ پتەوکردنی پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

س. ئەگەر ئەم پرۆژەیەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەم بارە کوردیە پچڕەدا سەرکەوتوویێت ئەوا لەجیاتی رێکەوتننامەییێکی سیڤەری نوێ کورد بێگومان بەرەنگاری رێکەوتننامەییێکی لۆزانی نوێ دەبنەوە.

## کۆنسێپتی ئاسایشی نەتەوەیی کوردی و گرنگی ستراتیژی و گرنگی جیۆپۆلیتیکی کوردستان:

کوردستان شوێنێکی گیانبەخشی هەیە لەناوجەرگەی جیهانی کۆن (ئاسیا – ئافریقا – ئورۆپا)، کە وەك پردێك وایە لەنێوان هەردووسەری جیهان چونکە دەریای ناوەڕاست دەگەییێنێت بە ئۆقیانوسی هندی لەرێگای کەنداوەوە و پانتایی کوردستان نزیکەی یەك ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و کوردستان واتە نیشتمانی کورد و درێژی کەنارەکانی کوردی دەگاتە هەزارەها کیلومەتر لەسەر دەریای قەزوێن و دەریای رەش و دەریای سپی ناوەڕاست و کەنداو و کوردستان ناسراوە بە بارانی زۆر و بەفر کە لە دێرینەوە لوتکەی چیاکان دادەپۆشێ کە کوردستانی کردوە بە سەرچاوەی سەرەکی ئاو لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست وەك فورات و دیجلە.

پاش دۆزینەوەی نەوت کوردستان گرنگییێکی ستراتیژی نوێی پەیداکرد و بوە مەیدانی ململانێی دوو زلهێزی ئەمێریکا و یەکیێتی سۆڤییێت و هەریەکەیان هەوڵیداوە کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بگرنەخۆ چ بە بوونی راستەوخۆ و چ بە کۆمەك و دابینکردنی پاراستن تاکو بەشی خۆیان لە سووتەمەنی مسۆگەربکەن و کۆنترۆڵی سەرچاوەکەی بکەن و گەیشتنی بە شوێنی پێویست بپارێزن.

## کۆنسێپتی ئاسایشی نەتەوەیی کورد و گرنگی هێزی مرۆڤی و جۆرەکانی

**ستراتیژی رێکخراوە کوردەکان لە خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی و ترکی و ئێرانی**

1. رێکخراوە کوردەکان کاردەکەن بۆ دابینکردنی پاراستن و ئاسایش بۆ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان چ بە تاك و چ بە کۆمەڵ.
2. رێکخراوە کوردەکان ئامانجی ستراتیژییان ئەوەیە کە کوردستان بکەنە ناوچەی دەسەلاتی عراقی – سوری – ترکی – ئێرانی.
3. رێکخراوە کوردەکان هەوڵی پتەوکردنی بوونی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەدەن.
4. رێکخراوە کوردەکان کاردەکەن بۆ بەدیهێنانی هاوکاری و تەبایی لەنێوان کورد و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان وەك تەبایی نێوان ئاغا و کۆیلە.
5. رێکخراوە کوردەان هەوڵی دامەزراندنی رێکخراوی کوردی زیاتر وەك خۆیاندەدن لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا.

6. ڕێکخراوە کوردەکان هەوڵی زیاتر دەدەن بۆ پاراستنی سنووری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و دابینکردنی فەرمانڕەوایی و یەکێتی زەویەکانیان لەسەر شانی کوردستان و گەلی کورد.
7. ڕێکخراوە کوردەکان هەوڵی پەرەپێدانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەڕێی کادرە رامیاری و سەربازی و زانستیەکانیان دەدەن.

## تیشکدانەوەی بوونی بەهێزی سەربازی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد

1. لەرووی رامیاریەوە بڵاوکردنەوەی جیاوازی لەنێوان ڕێکخراوە کوردەکاندا.
2. لەرووی سەربازیەوە کێشکردنی نەتەوە بۆ چەند جەنگێك کە پەیوەندی پێیانەوە نیە.
3. پەرتکردنی نیشتمانی کورد و بەستنەوەی هەرێمە کوردستانیەکان بە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوە و تێکدانی یەکێتی نەتەوەی کورد.
4. خستنی نەتەوەی کورد بۆ بەر مەترسی دەرەکی.
5. هەڕەشەکردن بۆ ڕێڕەوەکانی دژبە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.
6. لەرووی ئابوریەوە دابڕین لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی
7. تەگەرەکردنی هاوکاری ئابوری لەنێوان ڕێکخراوەکانی کورد.
8. شێواندنی ئە تمۆسفێری پەرەسەندنی ئابوری.
9. بەفیڕۆدانی سامانەکانی نەتەوەی کورد، بەتایبەتی هێزی مرۆڤی.

## ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەبواری رامیاریدا

من دەڵێم: ئەگەر ئێوە هەوڵی سەرکەوتنی کوردستان و سەربەخۆیی نەدەن ناتوانن لە کەسی دی داوای هەوڵی سەرکەوتنی سەربەخۆیی کوردستان بکەن و ستراتیژییێکی کوردی دابڕێژن بۆ بەرەنگاری سەرەنجامەکانی داگیرکردنی کوردستان و گەڕانەوە بۆ هاوکاری کورد لەڕێگەی ڕێکوتنێکی سەرانسەری کوردی کە بەشێوەییێکی راستگۆ و وەلانانی جیاکاری و هەستی خۆخوازی و خێڵەکایەتی و پارتایەتی و ناوچەگەری نێوان ڕێکخراوەکان و زاڵکردنی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی لەسەر بەرژەوەندی تەسکی ناوچەگەری.

چالاککردنی رۆڵی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و دیاریکردنی سەرچاوەی هەڵەکان کە هەڵوێستی ڕێکخراوە کوردەکانی کردوە بە نێگەتیڤ و سەرشۆڕکەر کە زیاتر لە 50 ساڵە کردویانە بە پیشە و کارکردن لەسەر چاککردنی پەیڕەوەکانیان کە هێشتا کای کۆن بەبادادەکەن بەتایبەت دانانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان وەك برای کورد، ئەم وتەیەی کە تەنیا لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوە کوردەکان بوونی هەیە، چونکە من نەمدیوە گەلێك لەژێر داگیرکردندا بێت بەوەی کە داگیریکردوە بڵێت برایەتی و تەنانەت هەندێکیشیان بە براگەورە و خاوەنماڵیشی دەزانن، ئەگەر بەم وتانە بێت من هیچ هیواییێکی رزگارکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نابینم، چونکە بەئاسانی رامیاری دەوڵەتی پێماندەڵێن ئێمە چیمانداوە لە گیروگرفتی نێوان ئێوە و برا داگیرکەرەکانی کوردستانتان.

پێویستی خستنەکاری هەستی هاوکاری و یەکێتی ناو ناخی دەروون و کەسایەتی کورد

بڵاوکردنەوەی هاوبەشی رامیاری و کارکردن بۆ گەیاندنی نمونەییێکی مۆدێرنی دەربڕینی پەیامی کورد.

ئامانجی ئەوەش بریتیە لە کارکردن بۆ دەرکردنی بوونی سەربازی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و کارکردن بۆ وەستاندنی پێشبڕکێی هەندێك ڕێکخراوی کورد و هەڵمەتبردنیان بۆ رەزامەندی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، و هاندانیان بۆ پەیڕەوکردنی

رامیارییێکی یەکگرتو و دانانی ستراتیژیەتێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەگەرەکانی نویٚ کە بریتین لە هاوپەیمانی ستراتیژی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دژی بوونی کورد.
دەرچوون لە گێژاوی سۆزدەربڕین و کاردانەوەی گەمارۆدراو بە گێرەلکی چەوسانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ باری ناوچەیی و پەیوەندی نێودەوڵەتی بەشێوەییێکی ستراتیژی و پاشەرۆژبینی لەگەڵ پێویستی زانینی ڕێڕەوی بزووتنەوەی پۆڵبوونەوەی جیهان تاکو کورد مافی خۆیان بزانن و مێشکی رامیاری کورد بتوانێت بزووتنەوەی هاتووچۆ بەرەو پێکهاتنێکی باشتر بۆ نەتەوەی کورد ئاراستەبکات وەك هێزێکی ئابوری و رامیاری و مرۆڤی و کولتوری کە حسابی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وای بۆبکرێت کە بەرادەی قەبارەی گەلی کورد بێت کە زیاتر لە 40 ملیۆن کەسن.

## ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەبواری ئابوریدا

شتێك نیە ناوی ئاسایشی نەتەوەیی کوردبێت لەبواری ئابوریدا بەبێ سەربەخۆیی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کورد، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە جێدێڵم تا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

## ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەبواری ئاسایش و سەربازیدا

1- بەدیهێنانی تەواوکاری ئاسایشی کورد لەسەر بناغەی ئاسایشی ناوەوە و دەرەوە بۆ هەر ناوچە و ڕێکخراوێکی کورد بەستراوە بە ئاسایشی بەکۆمەڵی کوردی و دەستوەردان لە ئاسایشی هەر ناوچە یا ڕێکخراوێکی کوردی واتە دەستوەردانە لە ئاسایش و ئارامی رامیاری و ئابوری و کۆمەلأیەتی نەتەوە و توانا سەربازیەکانی کە کاریگەری دەکاتە سەر هێزی خودی نەتەوەی کورد و تەقەلاکانی بۆ پەرەسەندنی سەراسەری کە خۆی بنەڕەتی ئاسایشە و بەبێ ئەوە زەحمەتە بەرەنگاری تەگەرەکانی بەردەمی بکرێت.

2- بەستنی ڕێکەوتننامەی بەرگری هاوبەش لەنێوان ڕێکخراوە کوردەکاندا بۆ بەدیهێنانی پێویستیەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کورد و بەتوندی وەستان دژی ڕێڕەوی دیکتاتۆریانەی ڕێکخراوە کوردەکان و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش تاکو کارەساتی کورد بەردەوام نەبێت کە بیانووی تیرۆرکردنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردی دروستکردووە.

3- پەرەپێدانی توانای بەرگری کوردی بە دامەزاندنی پرۆژەی پیشەسازی جەنگی کوردی، و بنیاتنانی پیشەسازی کوردی هاوبەشی نویٚ بەکۆمەکی پارەی کورد لە هەندەران و دانانی بەشێك لە دەرامەتی نەوت بۆ بەدیهێنانی پێویستی تەواوی چەکی کلاسیکی لەگەڵ پێویستی هەوڵدانی خێرا بۆ بوونەخاوەنی چەکی بەرگری بەرامبەر ئەوەی کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەیانە.

4- پێکهێنانی هێزی کوردی هاوبەش کە هەرسیٚ جۆرە سەرەکیەکانی بگرێتەوە لەگەڵ کەرتی پێویست بۆ پاراستنی زەمین و دەریا و ئاسمانی نیشتمانی گەورەی کورد لە دەریای ڕەش و دەریای قەزوێن و دەریای سپی ناوەڕاستەوە تا کەنداو و سوودوەرگرتن لە دەربەند و تەنگبەندی بەڕێوەبەری هاتووچۆی دەریایی و ئامادەکردنی نەخشەی کۆنترۆڵکردنیان بۆ کاتی پێویست.

5- دانانی ستراتیژی بەرەورووبوونەوەی هاوپەیمانی نویٚ دژی نەتەوەی کورد و ئاسایشی نەتەوەیی وەك هاوپەیمانی ترکی – ئێرانی – سوری کە یەکەم بەرهەمی هەڕەشە و گوڕەشەی ترکیا و هەڕەشەکانی ئێران و پیلانەکانی ڕژێمی سوری بوو بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد.

6- پاراستنەوەی مرۆڤی کورد و هوشیارکردنەوەی بەگرنگی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەرێگای هاوکاری نێوان دەزگاکانی ئاسایش و دەزگای راگەیاندن و رۆشنبیری و پەروەردە و تایبەتکردنی کەناڵێکی ساتەلایتی کوردستانی یەکگرتو بۆ خزمەتگوزاری

ئامانجی ئاسایش و پەروەردەی نەتەوایەتی کە دەستەییەکی هەڵبژاردە لە بیرکەرەوە و فەیلەسوفانی کورد لە هەموو هەرێمەکانی کوردستان.

7- دابینکردنی داخوازیەکانی سەرەکی مرۆڤ وەك خواردن و خانوو و خوێندن و مافی ئازادی و بەشداری رامیاری تاکو هەست بە بەهای خۆی بکات و توانای بەرهەمهێنانی خۆی دەربخات و بەرگری لە نیشتمانی کوردی و ئاسایشی نەتەوەیی بکات و قوربانیدانی خۆشبوێت.

## ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەبواری کۆمەڵایەتی و کولتوری

1. کارکردن لەسەر هاودەنگی هەوڵی کوردی هاوبەش بۆ بەرەنگاری تەگەرە کۆمەڵایەتیەکان کە گرنگترینیان هەژاری بێڕادە و بەدینەهێنانی دادوەری کۆمەڵایەتیە لە بەشکردنی سامانی نەتەوەیی و تەشەنەکردنی نەخوێندەواری و نەخۆشی هەمیشەیی کە پاڵ بە زۆر خەڵکەوە دەنێت کە سەرپێچی یاسا بکەن و تاوان بکەن و یارمەتی بلاْوبوونەوەی توندوتیژی و دەرمانی بێهۆشکەر و کۆمەڵ دەبێتە بوارێك بۆ دەستوەردانی ئاسان لەلایەن هێزی دەرەکی دوژمنەوە بەتایبەت دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.
2. پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە نیشتمانی کورد بەتایبەتی خوێندنی بالاْ و بەستنەوەی بە رێڕەوێکی رۆشنبیری تەواوکاری کۆمەڵایەتی – ئابوری – رامیاری لە ناوچە ئازادکراوەکانی باشوری کوردستان یا دامەزراندنی مەڵبەندی زانستی کوردی لە ئەوروپا یا لە رێگەی ساتەلایتەکان و ئینتەرنێت و ئامێرە تێکنۆلۆژیەکانی دی کە دەستدەکەون.
3. نەسەپاندنی پێوەن بەسەر دامەزراندنی کۆمەڵی شارستانی تاکو بتوانن ئەرکی خۆیان بەجێبهێنن لە یارمەتی پەرەپێدانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی سیمینار و کۆنگرە و سەیرانی هاوینە بۆ گەنجان و خوێندکارانی زانکۆ و قوتابیانی قوتابخانە کوردیەکان و گەنجانی کۆمەڵە شارستانیەکان بۆ دروستکردنی ئەتمۆسفێری نزیکی و قوڵکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەرێگەی هوشیاری و پەروەردەی نیشتمانی کە دەبێتە پایەییێکی نەتەوایەتی بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندنی سەراسەری و چوارچێوەیێکی پتەو بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کورد.
4. جەختکردن لەسەر پەیوەندی ئۆرگانی نێوان کوردایەتی و شارستانیەت و مێژووی کورد کە هاندەر و هیوای دوارۆژە بۆ دامەزراندنەوەی شارستانیەتی کورد، ئەو شارستانیەتەی کە هەرگیز نابێتەوە بەبێ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.
5. کارکردن بۆ چارەسەری گێچەڵەکانی رۆشنبیری کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی راگەیاندنی کوردی لاواز و کۆمەککردنی بە توانای تێکنۆلۆژی و ماددی تاکو بتوانێت بەرەنگاری شالاْوی راگەیاندنی درۆزنی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بێتەوە کە دژی نەتەوەی کورد و بوون و شارستانیەت و نەریت و کەلەپور و لایەنگیری ئایینی و مێژوویەتی سەرەڕای هەوڵدان بۆ تووشکردنی مرۆڤی کورد پێی چونکە ئەو شتانەی کە دەزگاکانی راگەیاندنی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان پەخشی دەکەن و بلاْوی دەکەنەوە وەك رۆشنبیری و نەریت لەگەڵ بەها و رەوشتی کوردیدا ناگونجێن.

پێویست وایە کە نەتەوەی کورد بیری شکستی لە دەروونی خۆی لاببات کە بوەتە رێگاییێکی بەئەنقەست بۆ داتەپینی بژێوی بەجۆرێك کە پیاهەڵدان و چەسپاندنی شکستی بوەتە هۆکارێك بۆ بیانووی دەستەپاچەیی و دانیشتن. پیاو رەنگە توشی شکستی ببێ، سوپاییێك رەنگە توشی شکستی ببێ، رژێمێك رەنگە توشی شکستی ببێ و قوناغێکیش رەنگە توشی شکستی ببێ بەلاْم گرنگ ئەوەیە کە ویستی توشی شکستی نەبێ ئائەوەیە گرنگترین و گەرەوترین پەند لە هەموو ململانێکانی مێژووی کۆن و نوێدا و بێگومان گێڕانەوەی بڕوای نەتەوەی کورد بەخۆی و بڕوا بە دوارۆژی و گێڕانەوەی بڕوا بە کاری نەتەوەیی کوردی بووە.

چارەسەر بەوەنیە کە دەزگا بەبینای نایاب و دیکۆری گران و تێکنۆلۆژیای نوێ یاخود هێنانی تێکنۆلۆژیای پێشکەوتو لەدەرەوە بەڵکو بە رابوونێکی شارستانی پەرەپێدانە کە لەسەر بناغەی نەتەوەیی لێیکۆڵدرابێتەوە و لەسەر بنەرەتی یەکێتی مێژوو و جیۆگرافیا و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و شوناسنامەی هاوبەش و تەگەرەکانی ئاراستەکراو دژی کورد هەمووی چونکە لایەنی نەتەوەیی

**رابوونی ئابوری کۆمەڵ و پرۆژەی هاوبەشی کورد بۆ بەکارهێنانی سامانە زۆرەکانمان ئەو دوو هاوکارەن کە ڕێگا خۆشکەرن بۆ داهێنانێکی کوردی مەزن لە هەموو بوارەکانی ئابوری و زانستی و تێکنۆلۆژی.**

**لەسایەی باروودۆخی ئێستا و سەرەنجامەکانی جەنگی ئینگلیز و ئەمێریکا لەگەڵ تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەو تەگەرانەی کە بۆ جیهانی کوردیان پەیدا دەکات، زۆر لایەنی کێشەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەی کورد ڕۆشنبوونەتەوە.**

**ئێستا بارێکی تووڕەیی توندوتیژ جەماوەری کوردی گرتوە لە ئەنجامی رامیاریەکانی دوودڵی کورد لە قۆستنەوەی ئەو هەلەی لە ناوچەکەدا لەکاتی داگیرکردنی کوێتەوە و پاشان تەقاندنەوەی مەڵبەندی بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک و پاش ئەوەش روخانی رژێمی بەعسی فاشست لە عراق دروستبوە... ئەم هەموو چەندە بلاوەی رووداوی گەورە هەبوون بەلاّم رامیاری کوردی هەر بەبێ جووڵەییێکی وا هەروەکو کردەوە و پێشنیارەکانی نیوسەتە پێش ئێستا ماوەتەوە، بۆیە رای گشتی کورد رامیاری ترسنۆکی کوردی تاوانبارکرد کە لە باری نائاسایش دەترسێ و لەوانەیە ببێتە هۆی رووداوی زۆرتری وا رووبدات کە داگیرکەران ناتوانن پێشگیرییان لێبکەن کە ئەمەش هەل بۆ گەلانی ژێردەستە درووستدەکات بۆ هەڵمژینی هەوای ئازادی بۆ یەکەمجار پاش ساڵانی درێژی ستەم و نەدیوی.**

## به کورتی:

## دامەرزاندنی دەوڵەتی کوردی بە بڕیارێکی کوردی دەبێت

## رێکخستنی نەتەوەیی کوردی جێگری بەتوانایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی

## بیری نەتەوەیی کوردی تاکە توانایە کە بەردەوامی دەوڵەتی کوردی بپارێزێت

## تەنها پەروەردەی نەتەوەیی کوردی و خۆ ناسین دەتوانێ وابکات کە گەلی کورد رۆڵی دروستی خۆی لە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا ببینێت

**ئەوەی کە ئەمرۆ دەبیینین لە رامیاری پارت و رێکخراوە کوردەکاند وەك کەڵەکەبوونی مێژوویی لادانی رامیاری و نەتەوەیی و دوودڵی و کەمتەرخەمی و خۆبەدەستەوەدان و ملکەچی کە بوەتە هۆی لەبیرچوونی یا لەبیرکردنی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان، ئەوەش کە ئەمرۆ دەبیینین وەك گەندەڵی بەرێوەبردن و رامیاری و ئابوری و کۆمەلاّیەتی لە کوردستان و بەشێوەییێکی تاییەت لە باشوری کوردستان سەرەنجامێکی بێگومانی لادانی کەڵەکەبوو و دابڕانی دووردرێژە لە بوونی دەوڵەتی کوردی.**

**مرۆڤایەتی و رەگی شارستانیەتی نەتەوەی کورد نایەڵن کە دەستدرێژی بکەنە سەر خەڵکی دی، وە کاتێ کورد فەرمانڕەوایی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستیان دەکرد لە کاتی ئیمپراتۆریەتی میدی و لەکاتی سوڵتان سەلاحەددین ئەیوبی، نەتەوەی کورد هەوڵی نەدا کە گەلانی ژێر دەسەلاّتی بکات بەکورد، وەك ئێستا ئەوان کاردەکەن بۆ تەعریب و تەفریس و تەتریکی کورد، هەربۆیە شۆرشەکانی کوردیش لە سەردەمی نوێدا هەمیشە لە سەنگەری بەرگریدابوون لەخۆیان لە کوردستاندا بۆ بەرەنگاری دەستدرێژیەکانی سوپای ترکی و ئێرانی و سوری و عراقی بۆ سەر شار و گوند و گەلە بێچەکەکەمان، وە هەرگیز پێشمەرگەکانمان نەچوون بۆ دیمەشق و تاران و ئەنقەرە و بەغدا بۆ تۆڵەی ئەو کوشتن و وێرانکاریەی کورد و کوردستان کە کردویانە.**

## بەشی حەوتەم

## پرۆگرامی كاری حكومەتی كوردستان لە هەندەران

سەركۆماری ولاَتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا

بەرێز باراك ئۆباما

سەركۆماری بەرێز

پێش هەموو شتێك بەناوی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستانەوە پیرۆزباییتان بۆ دەنێرم بەبۆنەی هەڵبژاردن ودانانتان بە سەرۆكی ولاَتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لە گەڵ باشترین ئاواتمان بۆ ئێوە كە هێز و وزەتان هەبێت بۆ چارەسەركردنی ئەو گیروگرفتانەی كە دێنەبەرتان. بەتایبەتیش ئێمە هیوامان وایە كە بتوانن بەرەپێدانی دیمۆكراسی لە رۆژهەلآتی ناوەڕاستدا دابین بكەن تاكو ماڧی نەتەوەی كوردیش بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆی بگرێتەوە.

كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، رێكخراوێكی ناحزبییە و بارەگای لە لەندەنە. لە ساڵی 1985، دامەزراوە بۆ مەبەستی یەكخستنی هەموو رێكخراو وپارت وكەسایەتیەكانی كورد لەهەموو لایێكی كوردستاندا، لەژێر یەك چەتری دیمۆكراتیدا، تاكو بەشێوەییێكی بەكار بەرگریی لە بەرژەوەندییەكان و ماڧی دیاریكردنی چارەنووسی گەلی كورد لەبەر چاوی جیهاندا بكات.

ژمارەی دانیشتوانی نەتەوەی كورد پتر لە 40 ملیۆنە و هەزاران ساڵە لە نیشتمانەكەی خۆیاندا كوردستان دەژین. بەلاَم لە كۆتایی جەنگی جیهانی یەكەمەوە، كوردستان دابەشكراوە بەسەر توركیا (كوردستانی باكور)، ئێران (كوردستانی رۆژهەلآت)، عێراق (كوردستانی باشور)، سوریا (كوردستانی رۆژاوا) و یەكێتی شۆرەوی پێشوو (كوردستانی سوور). و، لەسەرەنجامی ئەم داگیركردنە دوورودرێژە وداپلۆسین لەلایەن رژێمە شۆڤینیستەكانەوە ملیۆنان كورد لە نیشتمانەكەی خۆیان دابڕان، یان كوژران، یان بوونە پەنابەر و ئێستا لە هەندەران لە سەرانسەری جیهاندا دەژین.

كوردەكان كە ژمارەیان لە 40 ملیۆن پترە گەورەترین نەتەوەن لە جیهاندا كە تائێستا دەوڵەتی خۆیان نیە. چەندین دەساڵە هەوڵ دەدەن كە سادەترین ماڧی مرۆڤ و شارەستانی بۆ خۆیان دابینبكەن كە هەموو گەلانی دیكەی جیهان هەیانە. ئەمەش بەزۆریی بەشێوەی ئاشتیانە و دیمۆكراتیانە كردوویانە و لەو رێگەیەشدا قوربانییێكی گەورەیان داوە. ئەمەش هەموو بەرامبەر رژێمە رەگەزپەرستەكانی توركیا، ئێران، سوریا و، ئێستاش دیسانەوە لەلایەن عەرەبە دەسەلآتخوازەكانی عێراقەوە.

لە توركیا كە زیاتر لە 20 ملیۆن كوردی تێدا دەژی، ناسنامەی كوردی و زمانی كوردی ئەمڕۆكە رێبەندن. تەنانەت ئەوانەش كە تەنیا لەرێگای وتەی رامیاری و وتاری نووسراوەوە هەوڵی دانپێدانان بە زمان وناسنامەی كوردیدا دەدەن و خەبات بۆ ماڧی شارستانیی كوردەكانی ناو توركیا دەكەن، دادگایی دەكرێن بەتۆمەتی جیاخوازی و كۆمەكی تیرۆر و بە جەزای گەورە و ماوەی درێژی زیندانی سزادەدرێن. سەرەڕای ئەوەش، زۆربەیان تووشی مامەڵەی پیس لە گرتووخانەكاندا دەبنەوە و زۆرجاریش ئەشكەنجە دەدرێن و هەندێك جاریش نایاسایانە لەلایەن هێزەكانی بەناو "ئاسایش" ەوە دەكوژرێن. هیچ كەسێك كە كۆمەكی ماڧە شارستانیەكانی كورد لە توركیادا بكات، تەنانەت بە خۆپیشاندانیش لە شەقامەكاندا، ناتوانێت لە ژیانی خۆی مسۆگەر بێت. تەنانەت قوتابی مناڵیش تووشی لێدان و ئەشكەنجە دەبن لە گرتووخانە و زیندانەكانی توركیادا و زۆرجاریش بەشێوەی خراپ بریندار دەبن. بژیشكەكانیش دەخرێنە ژێر گوشارەوە كە بریێی ئەشكەنجە بخەنە پشتگوێ و راپۆرتی درۆ بنووسن یان هەر هیچ. دووچارەكان زۆرجار لە تیماری نەخۆشخانەكانی توركیا بێبەش دەكرێن. هەندێك دووچاری كەم دەتوانن سكالاَ دژی توركیا لە دادگای ئەوروپایی بۆ ماڧی مرۆڤ لە سالزبرگ تۆمار بكەن و هەموو ساڵێك توركیا چەندین سزای پارەی بریتی بۆ

دووچارەکان یان خێزانەکانیان دەدرێ بە قەڵبەیدا. بەڵام لەبەرئەوەی وڵاتە یەکگرتوەکان و یەکێتیی ئەوروپا بەزۆری کەمتەرخەمن سەبارەت بە داپلۆسین و چەوساندنەوەی کوردەکان بەهۆی گوایە بەرژەوەندیی ئابووری و سەربازییەوە، هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی بەدی ناکرێت.

تورکیا تەنیا بەناو وڵاتێکی دیمۆکراتە و لەراستیدا هێشتا سوپا ڕێڕەوی رامیاریی دیاریدەکات. بۆیە لەوەتی تورکیا لە 1923 دا دروستکراوە، دروشمی حوکمڕانی هەر نەگۆڕراوە "یەك گەل، یەك نەتەوە، یەك زمان". سامانەکانی وڵاتەکە بۆ داپلۆسینی گەلی کورد و وێرانکردنی نیشتمانی کورد تەرخانکراوە. ئەوان ئاگر لە دارستانەکان بەردەدەن و نایەڵن شوانەکان مەڕوماڵاتەکانیان بۆ لەوەڕگەی شاخەکان بەرن و بەربەستاوی گەورە دروستدەکەن بۆ بەلافاوبردنی بەشی گەورەی ناوچە کوردیەکان و بەو شێوەیەش وێرانکردنی ناوچەی دیمۆگرافی دێرین و کەلەپووری کوردی و ئاسەوارە مێژووییەکانی کولتووری کوردی هەرەدێرین کە بە ئەنقەست وێراندەکرێن، بۆ نموونە حەسەنکێف. سەرەنجامی ئەمەش هەژاری و دواکەوتووییە بۆ گەلی کورد. سەرەڕای ئەوەش هێزی ئاسمانی تورکیا بە هاوکاری لەگەڵ ئێراندا چەندین ساڵە هێرش دەکاتە سەر کوردستان و چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنێت، وەك بۆمبی هێشوویی، بەبیانووی لێدانی بارەگای تێرۆریستەکان، بەڵام لەراستیدا بۆ هەڕەشەیە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی باشوری کوردستان و کردنی شاخەکان بە کێڵگەی مین، تاکو جۆتیار و شوانە هەژارەکانی دانیشتووی شاخە بەرزەکان تێرۆربکات و کوردستان وێرانبکات. بەداخەوە کە هێزی ئاسمانی تورکیا بە نوێترین تەکنۆلۆژیای ئەمریکی و ئیسرائیلی کۆمەك دەکرێت. کاتی ئەوە هاتووە کە وڵاتەیەکگرتوەکان هەڵوێستێك دژی رامیاریی نامرۆڤانەی تورکیا وەرگرێت و کاربکات بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ئەم قەیرانە بەردەوام تیژبووە.

هەر بەو شێوەیەشە باری پتر لە 12 ملیۆن کورد لە ئێراندا. لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامی دەیان هەزار کوردی کوشتوە و هەزارانی دیکەش لە زیندانەکاندا ئەشکەنجەی توندوتیژکراون، زۆرجار تا مردن، بۆ مەبەستی داپلۆسین. گەلی کورد لە ناسنامە و زمان و کولتوری خۆیان بێبەشن و هەموو دەنگێکی نارەزایی بە تیرۆر و چەك وەڵام دەدرێتەوە. زۆربەی رۆشنبیرە لاوەکان و مامۆستا و رۆژنامەنووس و چالاکانی مافی مرۆڤ لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەدرێن و حوکمی لەسێدارەدانی ئاشکرایان بەسەردا دەدرێت. منداڵ بۆیان نیە بەزمانی کوردی خۆیان بخوێنن. بڵاوکراوەی کوردی رێبەندکراون و ئەگەر یەکێك بۆ مافی شارستانیی کورد بە هەر شێوەیێك بێت کاربکات ئەوا ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوە. سەرەڕای ئەوەش بەکرێگیراوانی رژێمی ئێران ماددەی بێهۆشکەر لە ناوچە کوردیەکاندا بڵاودەکەنەوە تاکو زیانی درێژخایەن بە کۆمەڵگەی کورد بگەیێنن.

رژێمی ئێران نیازی وایە ئیمپراتۆریەتێکی شیعە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابمەزرێنێت و بۆمبی ئەتۆمی دروستبکات تاکو دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا زاڵبکات. هەروەها نیازی وایە کە لەڕێگای بەکرێگیراوە تایبەتەکانیەوە دەست بەسەر دەسەڵاتی عێراقدا بگرێت. ئێران پشتگیرێکی تایبەتی رێکخراوە تێرۆریستەکانی ناوچەکە و سەرانسەری جیهانە. تەنیا بە قەڵاچۆکردنی ئەم دیکتاتۆریەتە خوێنمژە کە بە بیری ئایینی شلۆق بەرێوەدەچێت دەشێ پەرەسەندنێکی درێژخایەنی ئاشتیانە لە ناوچەکەدا دەستپێبکات، وە تەنیا بەو شێوەیەش گەلانی ئێران هەلیان دەستدەکەوێ، تاکو چارەنووسی دواڕۆژی خۆیان بەرێگەی ریفێراندۆمێکی دیمۆکراتی و ئازاد دیاریبکەن.

هەرواش نزیکەی 3 ملیۆن کورد لە سوریا دووچاری دەردیسەرییێکی زۆر بوونەتەوە بەدەستی دیکتاتۆریەتی بەعسی رەگەزپەرست کە هەروەك ئێران پشتیوانی رێکخراوە تیرۆریستەکانی جیهانە. چەندین هەزار خێزانی کورد لە ناسنامەی سوری ماوەی چەندین دەساڵە بێبەشکراون. بۆیە تا ئەمرۆش نزیکەی 400،000 کورد لە سوریادا بەتەواوی خراونەتە دەرەوەی یاسا، هەرچەندە کوردستانی رۆژاوا هەزاران ساڵە نیشتمانیانە و هەموویان لەو وڵاتە لەدایکبوون. منداڵەکانیان بۆیان نیە بچنە قوتابخانە و بۆیان نیە کە تیماری بژیشکی وەرگرن. لە شەستەکانیشەوە سەدان هەزار جۆتیاری کورد لە گوندەکانیان دەرکراون و کێڵگەکانیان دراوە بە عەرەبە نیشتەجێکراوەکان. ئەو کوردانەی کە بۆ مافی مرۆڤ و شارستانی کاردەکەن دەخرێنە زیندان و ئەشکەنجە دەدرێن و

دەکوژرێن. زۆرجار منداڵ و گەنجەکان دەبنە دووچاری چەوسانەوە و دەخرێنە زیندانەوە و ئەشکەنجە دەدرێن یان لەسەر شەقامەکان لەکاتی خۆپێشاندانداندا گوللەباران دەکرێن. تەنانەت ئەو کوردانەی کە بۆ سەربازی دەبرێن لەکاتی خزمەتگوزاری سەربازیدا دەکوژرێن. بەو شێوەیە کورد لە سوریادا لە ناسنامەی خۆیان بێبەشن و هیچ هەلێکیان نیە بۆ بەرگری لە مافەکانیان و بۆیان نیە زمانی خۆیان بەکار بهێنن.

پاش جەنگی کوێت لە 1991، ناوچەییەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە عێراقدا پێکهات و بەشێك لەو 7 ملیۆن کوردەی لە عێراقدا دەژین کەوتنە بەر ئاسودەیی پارێزگاریی نێونەتەوەیی. کاتێکیش ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی عێراقیان لە چنگ دیکتاتۆریەتی سەددام حوسێن رزگارکرد، هەردوو پارتە فەرمانڕەواکەی کورد بڕیاریان دا کە لەگەڵ عەرەبەکاندا عێراقی "نوێ" بنیاتکەنەوە بەبێ ئەوەی هیچ رێزێك لە رای گشتی گەلی کورد بگرن. هەرچەندە دەزانن کە وانیە ئەوان دەڵێن کە گوایە گەلی کورد خۆی بە ئارەزووی ئازادی خۆی بڕیاریداوە کە وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە. ماوەییێکی دوورودرێژە ئەم دوو پارتە نوێنەری بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد نین. بەپێچەوانەوە تەنیا بەرژەوەندی ئەوان لە مانەوەی دەسەلأتی خۆیاندایە کە لە رێگای چەکدارەکانیانەوە دابینی دەکەن. لە ساڵی 2005 دا ریفراندۆمێکی نافەرمی کرا و تیایدا 97٪ لەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو بڕیاریاندا بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان، چۆنکە لەو کاتەوەی کە بریتانیەکان دەوڵەتی عێراقیان خوڵقاند، پاش جەنگی جیهانی یەکەم، کورد تەنها بەشی داپڵۆسین و چەوساندنەوە و گەلکوژی و تەنانەت جینۆسایدیش بووە.

بەتایبەتی سەددام حوسێن کە بەشێوەییێکی سیستێماتیك هەموو گوند و کشتوکاڵی کوردی لە شاڵاوەکانی ناوبراو بە "ئەنفال"دا وێرانکرد. ئەو فەرمانی دەرکرد کە سەدان هەزار پیاو و ژن و منداڵ بگوێزرێنەوە بۆ کامپی ئەشکەنجەدان کە لەوێ بەشێوەییێکی تاڵ مردن، یان لە تەنیشت چاڵی بە بلدۆزەر هەڵکەندراودا گوللەباران کران، ژنەکان منداڵی ساوای خۆیان لە ئامێزدا بوو، هەروەك ئەوەی نازیەکان لە ئەڵمانیا بە جووەکانیان کرد. ئێستاش سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە کە بەڵگەن لەسەر ئەم تاوانە گەورانە.

سەرەڕای ئەوەش لە 1988 سەددام فەرمانی دا کە هێرش بکرێتە سەر چەندین ناوچەی کورد بە گازی ژەهراوی کە هەزاران خێزانی یەکسەر کوشت و تەنیا لە شاری هەڵەبجە پتر لە 5000 کەسی مولکی مردن و زۆر لەوە زیاتریش بەخەستی برینداربوون و بووە هۆی شێوانی جێنێتیکی ترسێنەریش. تا ئەمڕۆش کەسانێکی بێژمار لە کوردستان بەدەستی ئەم تاوانانەوە دووچارن.

بۆیە زۆربەی کوردەکانی باشوری کوردستان بە بێهودەی دەزانن کە بەردەوام بن لە بەشداریی لە دەوڵەتی ئەو عەرەبانەدا کە زۆریان لە تاوانەکانی سەددام حوسێندا رۆڵیان هەبووە. ئێستاش وا کۆمەڵێ گرۆی عەرەبی کاربەدەست لە عێراقدا دەخوازن ئەو تۆزە دەسەلأتەی کە کورد هەیانە سنووردار بکەن و رژێمێك بەهەمان شێوازی سەددام دروستبکەنەوە. بۆ نموونە، هەرچەند کەرکوك هەمیشە شارێکی کوردی بوە، حکومەتی عێراقی کە عەرەب تێیدا زاڵە ناخوازێت کە دان بەم راستیەدا بنێت و ریفراندۆمێك کە بە پێی دەستووری نوێ پێویستە، سازبکات چۆنکە دەزانن کە کورد لە کەرکوکدا زۆرینەن.

تورکیا و ئێران و سوریا و ئێستاش وا حکومەتی بەغدا کە عەرەب تێیدا زاڵە، لە نزیکەوە لەگەڵ یەکدی کاردەکەن بۆ قەلأچۆکردنی ئەو تۆزە سەرکەوتنەی کە کورد لە عێراقدا بەدەستیانهێناوە. جگە لەوەش ئەم حکومەتانە پەیتا پەیتا کۆدەبنەوە تاکو رامیاری دژبەکوردی خۆیان رێکبخەن و کورد لە هەموو مافێك و هەر دانپێنانێکی نێونەتەوەیی بێبەش بکەن.

ئەگەر کورد مۆڵەتیان نەدرێتێ کە چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن و مافی مرۆڤ و شارستانی خۆیان لە وڵاتێکی خۆیاندا نەپارێزن هەروەك گەلانی دیکە، هەرگیز ئاشتییێکی بەردەوام لە رۆژهەلأتی ناوەڕاستدا نابێت.

لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتێکی دەستکردی وەك عێراق بەبێ بەکارهێنانی هێز، ناتوانێت بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و لەبەرئەوەی کە دیکتاتۆریەتێکی نوێ لەسەر بناغەی داپڵۆسینی زۆربەی دانیشتوانی عێراق و تەنانەت کەوتنە ناو شەڕی ناوخۆش خراپترین سەرەنجامە بۆ دانیشتوانی عێراق پاش، ئەو هەموو دەریدیسەرییەی کە لە رابردوودا دووچاری بوون، باشتر وایە کە عێراق دابەشبکرێ بۆ سێ دەوڵەتی نەتەوەیی جیاواز، یەکێکیان کورد و ئەو دووانەکە بۆ عەرەبەکانی شیعە و سوننە، چۆنکە ئەم سێ گرۆیە ناتوانن ئاشتیانە بەیەکەوە بژین ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان نەبێت. جێگری سەرکۆمار جۆ بایدن زۆر دەمێکە پشتگیری ئەم چارەسەرەیە و تەنانەت ئەنجومەنی سێناتی ولاّتەیەکگرتوەکانیش دەنگیان بۆ ئەم پێشنیارە دا. جگە لەوەش رامیاریی بەردەوامی هێشتنەوەی ئەم بنیاتە دەستکردەی عێراق بە زیندوویی، تەنیا تیرۆریستە ئیسلامیەکان و رژێمە تیرۆریستەکانی وەك ئێران و سوریا بەهێزتر دەکات. دەشبێتە خوڵقێنەری گیروگرفتی بێسنوور بۆ ولاّتە یەکگرتوەکان و ئەوروپا. ئەمەش بەتایبەتی بەوە دێتە دی کە ئەگەر پێشنیاری کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق سەربگرێت. چۆنکە هەر دوابەدوای ئەوە مەترسیێکی راستەقینە و راستەوخۆ هەیە کە عێراق بچێتەوە باوەشی جەنگ و تیرۆر.

بەلاّم ئەگەر ئەمریکا پشتگیری دابەشکردنی عێراق بکات لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی باشوری کوردستان و هێزەکانی بۆ هەمیشە لەوێ بهێڵێتەوە ئەوا کوردەکان ئاخریەکەی دەنگێکیان لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەبێت تاکو بەرگری لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بکەن. بەم شێوەیەش هەلێکی باشتر دەڕەخسێت بۆ دامەزراندنی بنیاتێکی دێمۆکراتی لە ولاّتەکانی دراوسێدا تاکو کورد چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. لێرەدا هەموو لایەنەکانی بەشدار، سەرکەوتوو دەبن چۆنکە داپڵۆسینی ژمارەیێکی زۆری دانیشتوان بەشێکی زۆری دەرامەتەکان فووت دەدات و رێگە لە پەرەسەندنی ئابووری دەگرێت. ئەگەر بتوانرایە هێزەکانی دەسەلاّتداری ئەمڕۆ تێبگەیشتنایە کە تەنیا لە رێگەی یەکدی ناسینی هاوبەش و هاوکاری ئاشتیانەوە دەتوانرێت گەشانەوەیێکی درێژخایەن بهێنرێتە دی و پاشانیش ئاشتییێکی درێژ خایەن لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا بچەسپێنرێت.

لە لایێکی دیشەوە هێشتنەوەی زیاتری ئەم بەزمی رێزگرتنە لە سنوورەکانی نێوان دەوڵەتەکانی ئەمڕۆ، تەنیا جەنگی نوێی لێدەبێتەوە و کارەساتی نوێ بەسەر دانیشتوانەکانیاندا دەهێنێت. لە یوگۆسلاڤیا ئەم راستییە درەنگ تێگەیشتن، بەلاّم بە دابەشبوون بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی بچووکتر، پەرەسەندنی ئاشتیانە دەستی پێکرد. هەر بەو جۆرەش پەرتبوونی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی دەبێتە هۆی سەرەنجامی نایابی درێژخایەن بۆ ئەو نەتەوانەی بەشدارن. تەنیا کاتێك کە هەموو نەتەوەیێك بگاتە مافی خۆی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، هەروەك لە بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتوە، ئەو دەمە دەتوانێت بۆ خۆی بڕیاربدات کە چ جۆرە هاوپەیمانییێك دەبەستێت و پێوەندیی ئاشتیخوازانە لەگەڵ دراوسێکانی خۆی پێڕەوبکات.

ئەگەر کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست و ئازادبن، ئەوا تەنیا خۆیان قازانج ناکەن بەڵکو هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە ئامادەن کۆمەك و هاوکاری بکەن. بۆیە ئێمە داواتان لێدەکەین: تکایە ئەو بەڵێنەی کە بە نەتەوەکانی جیهانتان دا لەکاتی وتاری سوێندخواردنەکەتاندا، بهێننە جێ کە" ئەمریکا دۆستی هەر نەتەوەیێك و هەر پیاوێك و هەر منداڵێکە کە بەدوای دوارۆژی ئاشتی و رێزداریی خۆیدا دەگەڕێت". ئەمەش دەقاودەق ئەوەیە کە کورد چەندین دەیەکە بەدوایدا دەگەڕێت و قوربانی بۆ داوە و ژیانی خۆی خستوەتە مەترسیەوە.

ئێمە داوا لە ئێوە و گەلی ئەمریکا دەکەین کە پشتگیریمان بکەن و کۆمەکی هاتنەدی ئەو دوارۆژەی ئاشتی و رێزدارییە بکەن.

لەگەڵ باشترین ئاواتمان بۆ سەرکەوتنی حکومەتەکەتان.

دڵسۆزتان،

بروسکە ئیبراهیم

سەرۆکی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

# ڕاگەیاندنی کۆتایی

# کۆنگرەی (6)ی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان








بۆ نەتەوەی قارەمان و خۆڕاگری کورد لە کوردستان ولەدەرەوە!
بۆ هەموو پارتی و ڕێکخراوەی کوردی و کوردستانیی!

سڵاوی ئازادی و سەربەخۆییتان لێبێت

ڕۆژی 2009/4/18 لەشاری لەندەن بەبەشداری سەرۆکایەتیی کۆنگرە و، نوێنەری کۆمیتەکانی کۆنگرە لەنێوخۆ و لەدەرەوە و، بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمان و، دۆستانی کورد لە دەرەوەی وڵات و، کەسایەتیی کورد و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان، لە هۆڵی **Irish Cultural Center** دەمژمێر 10ی بەیانی لەشاری لەندەن، کۆنگرەی (6) لەژێر دروشمی: **"سەربەخۆیی بۆ کوردستان"، "یەک نەتەوە، یەک نیشتمان، یەک ئاڵا و، یەک دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان"،** دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. کۆمیتەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە لە هاوبیران سیروان کاوسی و گۆران دەرگەزێنیی وپاوە خوسرەو غەریب پێکهێنرا.

سەرەتای بەرنامە، بەڕێزلێنان لەیادی خەبات و تێکۆشینی هاوبیرانی کۆچکردوومان ژنەراڵ عەزیز عەقراوی، مامۆستا ئەحمەد هەردی، ڕەهبەر جەلال مامش، دوکتۆر موزەفەرپەرتۆما، عەبدولڕەزا سووختا، پرۆفیسۆر سەلاح جموور، هاوبیر فەرهاد زێنەلووش، هاوبیر عەبدولقادر دەباغی، هاوبیر ئێحسان فواد و، هەروەها بەیادی هەموو شەهیدانی بێئەژماری نەتەوەکەمان، بە خوێندنی سرووودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" کرایەوە!

پاشان دوکتۆر جەواد مەلا، شرۆڤەیەکی کورتی ڕامیاریی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانی لەنێوان کۆنگرەی (5) و (6)، دا بۆ ئامادەبووان باسکرد. لەکۆتایی وتەکانیدا، خاتوون پاوا خوسرەو غەریب بە زمانی ئینگلیزیی بەخێرهاتنی میوانەکانی بیانی و کورد کرد.









دەمژمێر 10/30 بەیانی، پەیامی پیرۆزبایی بەزمانی ئینگلیزیی لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە خوێندرانەوە:

1- پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا رێزدار گۆردۆن پراون. 2- شارەداری لەندەن بەڕێز بوریس جونسون. 3- بەڕێز کونسولار ئانتونی لیلیز لە شارەوانیی هامرسمیث. 4- خاتوون ئارمگارد ئیبراهیم-ئەڵمانیا. 5- خاتوون د. هانا کۆیشلەر– ئەندامی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا. 6- بەڕێز ئەندرۆ سلۆتەر ئەندام پەرلەمانی بریتانیا لە پارتی لێبەر. 7- خاتوون مێرلین ئێمەرسن کاندیدات بۆ پەرلەمانی بریتانیا لە پارتی لیبرالدێمۆکرات. 8- بەڕێز جۆناتان فرایر، کاندیدات بۆ پەرلەمانی ئۆروپا لە پارتی لیبرالدێمۆکرات. 9- بەڕێز هارون دارفوری – بزووتنەوەی دادپەروەری و یەکسانیی دارفور. 10- بەڕێز عەبدوڵڵا سیاهویی ئەندامی بەڕیبەرێتیی بزووتنەوەی نەتەوەی بەلووچستان. 11- بەڕێز کاوە یوسف – گەنجانی کۆنگرە. 12- بەڕێز سەردار پشتدەریی سیاسەتکار.

لەبەشی دووەمی بەرنامەکەدا، نوێنەری دەزگە و کۆمیتەکانی کۆنگرە و، کەسایەتی و نوێنەری حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان پەیامی خۆیان پێشکێش کرد، کە بریتیبوون لە:




1- رێزدار شێخ لەتیف مەریوانی لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. 2- رێزدار برووسکە ئیبراهیم بەرپرسیاری پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان. 3- رێزدار ئازاد مافکۆ ئەندامی سەرکردەیەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – رۆژهەڵات. 4- رێزدار رێبوار نەڵاسی بەرپرسیاری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی بەلجیکا.



5- پەیامی ناوەندی هەڵەبجە "چاک" لەلایەن بەڕێز هادی بابەشێخ. 6- خوێندنەوەی پەیامی پارتی سەربەخۆیی کوردستان. 7- بەڕێز فەریدوون مەعرووفی ئةندامي کوميتةي حیزبی دێموکراتی کوردستان لة بريتانيا. 8- پەیامی فیدراسیۆنی "یارسان" لە وڵاتی سوید. 9- نووسەر وسیاسەتکار دوکتۆر جەزا چنگیانی. 10- پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان. 11- بەڕێز ئیبراهیم خەلیل نوێنەری پارتی یەکێتیی دێموکراتی کورد لە سووریا. 12- بەڕێز کاوە خوراسانی نوێنەری کوردەکانی خۆراسان. 13- پەیامی پارتی راستیی کوردستان. 14- بەڕیز نەبەز تۆری بەرپرسیاری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی سویسرا. 14- خوێندنەوەی پەیام و دوو پارچە هۆنراوە بۆ یادی پەنجاساڵەی دامەزرانی "کاژیک"، لەلایەن هةلبةسفان هاوبیر تەنیا ئاکۆ وە.



پاش خوێندنەوەی پەیامی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان، ئەوجا بەبۆنەی یادی پەنجاساڵەی دامەزرانی "کاژیک" (کۆمەڵەی ژیانەوە و ئازادی و یەکێتیی کورد)، مامۆستا و داڕێژەری بیری زانستانەی ئازادی و سەربەخۆیی کورستان – مامۆستا جەمال نەبەز، کورتەیەک لە هۆکاری سەرهەڵدانی بیری دامەزرانی رێکخراوەیەکی نەتەوەیی بەنێوی "کاژیک"ی

رۆنکردەوە و، بارودۆخی تایبەتی سەردەمی دامەزرانی 'کاژیک"ی بۆ ئامادەبووان خستەڕوو. بەڕێز مامۆستا نەنەز، لەکۆتایی وتەکانیدا هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، ئامانجەکانی دەربڕیی.

پاشان نێوی ئەم حیزب و کەسایەتی و رێکخراوانە خوێندرانەوە کە پەیامی پیرۆزبایی خۆیان ناردبوو بۆ کۆنگرەی (6):

1- شارەداری لەندەن بەڕیز بوریس جۆنسن. 2- لۆرد جیفری ئارشر – بریتانیا. 3- شێخ مۆرشد خەزنەوی کوری شەهید شێخ محەممەد مەعشووق خەزنەویی لەوڵاتی نۆروێژ. 4- پەیامی جێگری شارەداریی لەندەن بەڕێز ریشارد بارینز. 5- پەیامی رێزدار مامۆستا محەممەد ئەحمەدیان لەولاتی نۆروێژ. 6- پەیامی بەڕێز شێخ عومەر غەریب لە ئەمریکا. 7- پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – رۆژهەڵات (رێکخستنی نێوخۆی وڵات). 8- پەیامی رێزدار سەرهەنگ چیا لە وڵاتی سوید. 9- پەیامی هاوبیر سمکۆ عەلی نوێنەری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە سکاندیناڤیا. 10- پارتی سەربەستیی کوردستان. 11- رێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان (رۆژهەڵات). 12- دوکتۆر وریا رەواندزی – ڤییەننا. 13- پەیامی هاوبیر شوان بەرزنجی بەرپرسیاری کۆنگرە لەولاتی نۆروێژ. 14- حیزبی رزگاریی کوردستان. 15- کاک حاجی سلێمان/ماڵپەری بنکە لە ئەڵمانیا. 16- بەڕێز پرنس چارلس- میری ویڵز لە بریتانیا. 17- پەیامی مامۆستا ئۆمێد باوکی شەهید بەختیار. 18- نووسەر بەڕێز موحسین جوامێر. 19- بەڕێز تارق نامێق – هەولێر باشووری کوردستان. 20- بەڕێز کەریم سورێنی – هامبۆرگ (ئەڵمانیا). 21- بەڕیز خالد رەئووف بەرپرسیاری کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لە وڵاتی ئەڵمانیا. 22- مامۆستا کارزان شارەبانیی لە بەریتانیا. 23- دوکتۆر محەممەد ساڵح گابۆری – باشووری کوردستان. 24- بەریز عەبدولحەلیم گابوری – ئەمریکا. 25- دیرۆکناس مامۆستا عەبدولڕەقیب یۆسف – باشووری کوردستان. 26- کاک عوسمان باکووری کوردستان. 27- ڕیزدار کاک عەلی مەحموود ناوەندی هەڵەبجە (چاک). 28- بەڕێز نۆرمان لینستەر – سەرۆکی بیرۆی رۆژهەڵاتی ناقین لە وزارەتي خارجی بریتانیا. 29- بەڕێز لورد هیلتون. 30- بەڕێز مدني ئایهان-باكوري کوردستان. 31- بەڕێز حەمید برایمی لە وڵاتی هۆڵەند. 32- هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەهەر بەشی کوردستان و لەدەرەوەی وڵات، بەتەلەفۆن و ناردنی فاکس و ئیمەیل، پیرۆزبایی خۆیانیان پێشکێش کردووە.

## ئەم کەسایەتی و رێکخراوانەش لە کۆنگرەی (6) بەشدار بوون:

هاوبیر مامۆستا محەممەد شەیدا، بەڕێز عەدنان شاسوار، بەڕێز ئەحمەد دادو، بەڕێز دوکتۆر ئەحمەد شەمۆ، بەڕێز ئەحمەد شێخمووس، خاتوون ئامینە عبد القادر دەباغی، بەڕێز ئارا کامیل ژیر، ئەردەڵان هەورامی، بەڕێز ئاسو محەممەد، بەڕێز عەونی موراد، بەڕێز دوکتور ئازا عبداللە، بەڕێز ئازاد خەلیل، بەڕێز ئازاد میرانی، بەڕێز بانکین عارف، نووسەری بریتانی بەڕێز




دیفید ئادمسون، بەڕێز فواز ئابی، خاتوون فریشتە راپەر، بەڕێز هادی سراج، بەڕێز ماموستا حاجی ئۆمید، بەڕێز حکم خرسا، بەڕێز هەمزە بایزیدی، بەڕێز هاشم کریمی، بەڕێز خاتوون هوما رزاییان، بەڕێز ئیبراهیم بایزیدی، بەڕێز ئیبراهیم خلیل، بەڕێز جان عوسمان، بەڕێز دوکتۆر جەمال عبداللە، بەڕێز خاتوون ناجیە خان، بەڕێز ماموستا نەورۆز وهوسەڕي، بەڕێز کەمال سەبری بەگ، بەڕێز خاتوون شیرین سەبری، بەڕێز کاوە بەهەشتی بەرپرسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان- ئێران لە بریتانیا، بەڕێز کاوە نەبەز، بەڕێز خوسرەو غریب، بانە خوسرەو غریب، بەڕێز خاتوون لەیلا



بارزانی، بەڕێز کاوە کونە بوش، بەڕێز دوکتۆر محەممەد مستەفا، بەڕێز محەممەد سەعید، بەڕێز محەممەد ساڵح کەرکووکی، بەڕێز مەولوود سوارە بەرپرسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان- ئێران لە بریتانیا، بەڕێز خاتوون نەریمان ئیبراهیم، بەڕێز نوری بالکایتی، بەڕێز رزکار حاجی، بەڕێز رودین مستەفا، بەڕێز دوکتۆر سامی خەفاف، بەڕێز سەرهەنك کەریمی و هاوسەری. بەڕێز سایمون رولی، بەڕێز سیبان عوسمان، بەڕێز یوسف کلکل، بەڕێز وجدان دیرکی، بەڕێز زوبەیدە حسێن، بەڕێز دوکتور سامان، بەڕێز مەلا حسێن، بەڕێز خاتوون ئیونیلا سەرۆکی کۆمەڵگەی رۆمانیا لە بەریتانیا، بەڕێز سۆران کاوسی لەوڵاتی نۆروێژ.

فؤاد مصطفی ، دوکتور آلان محمد علي ، مجید سالایی ، اومید دیواندره ، سروت علي، نامةي حیزبي سوشیال دیمکراتي کوردستان ناردبوو ، دکتور فرحان احمد نوینةري کومةلةي کوردي دوستايةتي بريتاني ، شوانا محمدي ، مارتا ساندرا ، رزكار جاوشين، هاوسر علی ، محمد میراوي، ئاوات مراد، وفا رستم زاده، حبیبی صادقی، عمر نبز، ريبين عمر صالح، وزور خلكاني تر.

**لە درێژەی بەرنامەکاندا کۆنگرە هاتەسەر هەڵبژاردن بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکی نوێی کۆنگرە لەنێوان کۆنگرەی (6) و (7) دا. هاوبیر سیروان کاوسی، داوای لە تێکرای بەشدارانی کۆنگرە کرد، هەر کەسێک ئامادەیە و لەخۆی**

**رادەبینێت ئەرکەکانی سیاسی و نەتەوەیی کۆنگرە لەنێوان کۆنگرەی (6) و کۆنگرەی (7) دا بەرێوە بەرێوە، خۆی هەڵبژێرێت. رێزدار دوکتۆر جەواد مەلا، وتەیەکی پێشکێش کرد و، گوتی:** "با ئێمەش نەبینە لاساییکەرەوەی ئەو کولتوری سیاسییە چەوتەی کە لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا هەیە، کە سەرۆک بۆ هەتاهەتایی لە دەسەلاتدا دەمێنێتەوە و، پێویستە یەکێکی دیکە جێی بگرێتەوە". **پاش راگۆرینەوە و باس و لێدوانی پێویست لەم بارەیەوە، بەشدارانی کۆنگرە داوایان کردلێی خۆی هەڵبژێرێتەوە و، بەزۆرینەی دەنگ، "دوکتۆر جەواد مەلا" بۆ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان هەڵبژێردرایەوە.**

هونەرمەندی هێژا و دەنگخۆش عادل هەورامی، گەیشتە نێو هۆڵی کۆنگرەوە و، لێدوانێکی کورتی پێشکێشی ئامادەبوانی کۆنگرەکە کرد.

شایانی باسە، سەرەڕای ئەوەی کە پارتی دێمۆکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەفەرمیی بانگێشتی کۆنگرە کرابوون و، بەشدارییان نەکرد، بەڵکو تەنانەت میدیای هیچ لایەنێکیشیان لەشوێنی کۆنگرە ئامادە نەبوون. لەبری میدیای کوردیی، ئەوە تەلەفزیۆنی "ئەلجەزیرە" بوو، کە هاتە نێو هۆڵی کۆنگرەوە و، سەبارەت بە ئامانجی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، بڕیارەکانی کۆتایی کۆنگرە پرسیار و راپۆرتی خۆی ئامادە کرد و، ئێوارەی هەر ئەو رۆژە، هەواڵی بەستنی (کۆنگرەی6)ی بە گویی دەیان ملیۆن بینەری خۆی لەنێو دنیای عەرەبدا گەیاند..

لەدوابەشی بەرنامەکەدا، هاوبیر سیروان کاوسی ئەم خاڵانەی خوارەوەی خوێندەوە و، پاش پرسیار و وەرام سەبارەت بە هێندێک لە بەندەکانی پێشنیازکراوی بڕیارنامەی کۆنگرەی (6) ەوە، ئەم خاڵانەی خوارەوە بەتێکڕای دەنگ پەسندکران:

***-** کۆنگرەی (6) سەرکەوتنی گەلی کورد لە باکووری کوردستان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا بەرز دەنرخێنێ و، پەیامی پیرۆزبایی و پشتیوانیی خۆی دەنێرێت بۆ پارتی کۆمەڵگەی دێمۆکراتی **(DTP)** و، بۆ گەلی کورد لە باکووری کوردستان!

***-** کۆنگرەی (6) پشتیوانیی لە هەموو شیوازەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەکات، کە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات دەبنە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی نگریسی داگیرکەران بەسەر نەتەوەی کورد و نیشتمانەکەیدا!

*- کۆنگرەی(6) پیلانگێری و هێرشی بەردەوامی رژێمەکانی داگیرکەری تورکیا و ئیران و، پاڵپشتەکانیان بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان، مەحکووم و شەرمەزار دەکات!

*** -** کۆنگرەی (6)، داوا لە سەرکردەکانی پارتی و رێکخراوەکانی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکات، واز لەو پەیام و، لێدوانانە بهێنن، کە دەبنە هۆی برینداركردنی هەستی نەتەوەیی گەلی کورد و، زیان بە یەکێتیی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد دەگەیەنن!

* - کۆنگرەی (6)، جارێکی دیکە، پشتیوانیی خۆی لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەردەبڕی و، دەنگ و پشتیوانیی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگ و خەباتی هەموو حکوومەتەکانی دنیای ئازاد، کە دژ بە تیرۆر و دیکتاتۆری دەجەنگن!

* - کۆنگرەی (6) داوا لە حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، ناکۆکی و دووبەرەکی نێوانیان بە دانیشتن و دیالۆگ لەگەڵ یەکدی چارەسەر بکەن و، پێکەوە بەرەیەک لەدژی رژێمی داگیرکەری ئێران پێکبهێنن!

* - کۆنگرەی (6) پەسندی کرد، شاندێک لەلایەن کۆنگرەوە دەسنیشانبکرێت بۆ ئەنجامدانی دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و، کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکا. کار بکرێت بۆ تێکەڵاوبوون و، سازکردنی کۆنگرەیەکی گشتیی، بە بەشداریی حیزب و رێکخراوە و، کەسایەتیی رامیاری و ناڕامیاریی کوردی و کوردستانیی، لەسەر بناخەی باوەڕ و پرنسیپی نەتەوەیی!

*- کۆنگرەی (6) داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، رێبدات بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد، بۆ ئەوەی حکوومەتێکی نوێ لەسەر بناخەی رێزگرتن لە مافەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کورد دابمەزرێ و، گەندەڵی و پاشاگەردانیی، بنبڕ بکرێت. ئەم حکوومەتەی ئێستا، بەرهەمی خوێنی شەهیدان و، ماڵوێرانی و قوربانیدانی بێئەرماژی نەتەوەی کوردە. لەبەر ئەوە پێویستیی سەرشانی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمە، رێز لە خەبات وقوربانیدان و ئامانج وداخوازییەکانی نەتەووەکەیان بگرن و، رێبدەن بە هەڵبژاردنی ئازاد لە کوردستان بەزوورترین کات!

* - کۆنگرەی (6) کۆمیتەیەک هەڵبژێرێت کە نوێنەری حیزب و لایەنەکانی بەشدار لە کۆنگرەی ئەمڕۆ (2009/4/18)ی تێدا بەشداربێت، بۆ ئەوەی بەبیروڕای یەکدیی پلاتفۆرمێکی هاوبەش داپرێژن کە بیروباوەڕی نەتەوەیی و ئامانجی گشتیی نەتەوەی کورد رەچاوبکات و، لەگەڵ حیزب ولایەنەکانی دیکەش کە بەشداری ئەم کۆنگرەیە نەبوون، دیدار بکات و، رازییان بکات بۆ بوون بە ئەندام لەدەوری ئەم پلاتفۆرمە هاوبەشە!

*- هەروەک لە بەڵگەنامە و کۆنگرەکانی پێشووي کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا جەختی لەسەر کراوە، داوا لە کۆنگرەی (6) دەکەین، پشتگیریی ئەنجامدانی رێفراندۆمێکی سەرتاسەریی بکات لە کوردستان، بەچاودێریی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و، وڵاتانی دنیای ئازاد، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بتوانێت، لەئازادیی تەواودا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدات!

*- کۆنگرەی (6) داوا لە بەرپرسان و سەرۆکی یاسایی عێراق و کاربەدەستانی هەرێم دەکات، پێبەند بن بە بڕیارەکانی دادگە لەدژی تاوانبارەکانی گەلەکەمان و، نەبنە هۆی راکردن، یان داڵدەدانی ئەو تاوانبارانەی لە قەڵاچۆ و کوشتنوبڕینی گەلی کورددا دەستیان هەبووە.

کۆنگرەی (6) هەروەها داواکارە، ئەو تاوانبارانەی لە وڵاتانی ئۆروپاییدا دەژین، لەلایەن دادگەی ئەو وڵاتانەوە پریاری گرتنیان بدرێ و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و، بەپێی یاسای تاوانی قڕکردن و جێنۆسایدی رەگەزیی، سزایان بۆ ببڕدرێتەوە!

***-** کۆنگرەی (6) داوا لە هەموو حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان دەکات، لەبەرامبەر داگیرکەرانی کوردستاندا یەکبگرن. داگیرکەرانی کوردستان سەبارەت بە لەنێوبردنی نەتەوەی کورد ستراتیژ و ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە. پێویستە ئێمەش یەکبگرین و، پێکەوە پیلانی داگیرکەرانی کوردستان پووچەڵ بکەینەوە و، نەتەوەی کۆیلە و نیشتمانەکەمان کوردستان لەژێرچنگی داگیرکەرانی خوێنرێژ رزگار بکەین!

*- کۆنگرە، پێشوازیی لە پێشنیازەکەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – سەرکردەیەتیی باشوور کرد و، پەسندی کرد، ئەگەر بارودۆخ بەلەبار و گونجاو زانرا، کۆنگرەی (7) لە باشووری کوردستان ببەسترێت!

پاش هەڵبژاردنەوەی دوکتۆر جەواد مەلا بۆ سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، رۆژی 2009/4/19 سەرۆکایەتی و ژمارەیەک لە ئەندامان و کادرەکانی کۆنگرە پاش پێداچوونەوە سەبارەت بە چالاکی و تێکۆشینی دەزگەکانی کۆنگرە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات، ئەم هاوبیرانەی کە لەخوارەوە نێویان دێت، تا بەستنی کۆنگرەی داهاتوو (کۆنگرەی7)، هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتیی دەزگەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان:

1- هاوبیر مامۆستا کامیل ژیر جێگری سەرۆکی کۆنگرە و، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان - باشوور. 2- برووسکە ئیبراهیم بەرپرسیاری پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرە. 3- هاوبیر سیروان کاوسی بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە. 4- هاوبیر ئازاد مافکۆ بەرپرسیاری پێوەندیی جەماوەری و حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان. 5- هاوبیر گۆران دەرگەزێنیی بەرپرسیاری رادیۆی کۆنگرە.

ئەم راگەیەندراوەیە، بۆ ئاگاداریی جەماوەری گەلەکەمان و، هەروەها بۆ ئاگاداریی هەموو کەسایەتیی کورد و، حیزب و رێکخراوەکانی کوردی و کوردستانیی دەنێردرێت.

ئەم راگەیاندراوە، پاش ئامادەکردن، هەروەها بە زمانەکانی دیکەش بلاودەکرێتەوە و، دەنێردرێ بۆ رۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکان.

**کۆنگرەی (6)، سوپاسی گەرمی هاوبیرانی هێژا کاک شوان برادۆستی و ئیمی ولارد، دوکتۆر محەممەد، کاک مەحەممەد سالح، بەڕێزان حاکم و کاوە و خاتوون هۆما دەکات کە ئەرکی بەڕێوەبردنی مێواندارێتی و پاراستنی کۆنگرەیان بەرێکوپێکی تەواوەوە بەڕێوەبرد.**

**کۆنگرەی (6) بەسەرکەوتووییەوە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب"، کۆتایی پێهات.**

هەرشەکاوەبێت، ئالای بەرز و پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

22/4/2009

# دکتۆر محمد معشوق خەزنەوی

**لە خوارەوە ئەو وتارە مێژووییە نایابەتان پێشکەش دەکەین کە لە 8 – 4 – 2005 واتە نزیکەی تەنیا 5 هەفتە پێش رفاندنی لەلایەن رژێمی سوریاوە لە 10 – 5 – 2005 شێخی شەهیدان و زانای گەورە دکتۆر محمد معشوق خەزنەوی خوێندیەوە. شەهیدی گەورە لەژێر ئەشکە نجەیێکی درندانەدا مرد تەنیا لەبەر وتنی وشەی ماف و دادڕەوی و لاشەکەی بە تێکشکراوی لە 1 – 6 – 2005 درایەوە دەستی کەسەکانی. خوا عەفووی کات و جێگای بەهەشتی بەرین بێت.**

**ئایا ئەمە وتاری خواحافیزی بوو؟**
**ئایا لێرەدا باسی خۆشی دەکات**
**بەڵێ دیارە پێشەکی تفی کردوەتە ناوچاوی بکوژەکانیەوە**

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا محمد رسول الله وعلى ألە وأصحابە ومن والاه**
**أعوذ بالله من الشيطان الرجيم**
**ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أمواتاً بل هم أحياءاً عند ربهم يرزقون " فرحين بما أتاهم الله من فضله.**

**برایان**
**خۆشەویستان**
**هەموو دەزانن کە من هەرگیز لە تازیەی مردواندا بەشداری ناکەم و ئەوانەش کە لێمەوە نزیکن دەزانن کە تەنانەت بەشداری ساڵانەی مردنی باوکیشم ناکەم، چونکە من پێویستم بەوە نیە و ئەگەر هەندێك کەس پێویستیان بەوەیە کە ئاهەنگی مردن بگێڕن من یەکێکم لەو کەسانەی کە پێویستیان بە ئاهەنگی مردن نیە مەگەر بتوانین مردن بگۆڕین بە ژیان.**
**بۆیە ئەمڕۆ من لەناو ئێوەدام نەك بۆ ساڵانەی فەرهاد – ساڵانەی مردن و تازیەی بەڵکو بۆ ساڵانەی ژیانی و ساڵانەی ژیانی گەل و نەتەوەکەی و من زۆر خۆشحاڵم کە لەگەڵتانا ئاهەنگ بۆ ژیانی ئەم پیاوە بگێڕین بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر دڵتەنگم کە زیاتر لە بیست شەهیدمان ساڵێك بەسەر ژیانیاندا تێپەڕیوە و نەتەوەکەیان ئاهەنگی بۆ نەگێڕاون.**
**فەرهاد لای هەموومان ئازیزە، و ئەم وشەیە بە هەموو ڕێزێکەوە بۆ هەستی باوکی و دایکی و ژنەکەی و کچەکەی دەڵێم. فەرهاد لە دڵی ئێمەدا ئازیزە بەڵام کێ دەڵێت کە ئەو زیاتر لە بیست شەهیدەی دیکەمان لە ئاستی خۆشەویستی و پلەی فەرهاددا نین.**
**بۆچی یادی ئەوان تێپەڕیوو بەلام ئێوە سست و نوستوون، کێ خەواندنی؟ کێ تێیگەیاندوون کە ژیان بۆ من و ئێوەی مردوو نیە، ماف ، برایان ، بەخێر نادرێت بەڵکو بەزۆر وەردەگیرێت.**
**خوێنی شەهیدان دەبێ هەر دڵۆپێکی شەتڵی مافەکانتان ئاو بدات، لەمەولا نایەڵین کە شەهیدەکانتان لەبیر بچێتەوە، شیعەکان هەڵە ناکەن کە هەموو ساڵێك باسی حسێن دەکەن کە پیاوێکە پێش هەزار و چوارسەد ساڵ شەهید بوە کەچی تا ئێستاش نەتەوەکەی – شیعەکەی ئاهەنگ بۆ خوێنەکەی دەگێڕن، نەك لەبەر ئەوەی کە پیاوێك مردوە بەڵکو بۆ ئەوەی کۆمەڵێك و نەتەوەیێك و شیعە بە خوێنەکەی زیندوو بکەنەوە.**
**لەوانەیە من درێژەی ئەوە نەزانم کە بەسەر فەرهاددا هاتوە.**
**من یەکێکم لەو خەڵکانەی کە لە قامچی زۆر دەترسم و نامەوێ بیرم بکەوێتەوە، بەڵام کاتێ باوکی بانگیکردم بۆ ئەم دانیشتنە ، نازانم بۆ یاسر و سومەییە م بیرکەوتەوە، یاسر ئەو سەحابە مەزنە بوو کە لە رووی جەلادەکاندا وەستا وکاتێ پێیان دەگوت ئێمە**

هەموو شتێکت دەدەینێ ، هەر چییێك بخوازیت، وازت لێدێنین، تەنیا جنێو بە موحەممەد بدە، بەلاّم یاسر وتی نا و سومەییەش وتی نا، بەڵکو سومەییە تفی کردە ناوچاوی ئەبو جەهلەوە ، من بەم شێوەیە داستانەکەم پێگەیشتوە، هەر بەوجۆرە داوایان لە فەرهاد کردوە کە جنێو بە خەڵکی خۆی بدات، جنێو بە گەلەکەی بدات، جنێو بە نەتەوەکەی بدات ، نازانم ئەگەر ئەو تفی لە ناوچەوانیان کردبێت، بەلاّم لەراستیدا هەر کەسێك داوا لە یەکێکی دی بکات کە جنێو بە خەڵکی خۆی بدات پێویستە تف بکرێتە ناوچەوانی...

ڕێگام بدەن با تۆزێك درێژدادڕی بکەم بەسەرتانا، چونکە لەوانەیە من تاکە پیاوی ئاییینیم لەم دانیشتنەدا، من چەند وشەیێکم بۆ تۆ نووسیوە فەرهاد، من هۆنەر نیم بەلاّم هەست بە ئازاری خۆم و ئازاری گەل و نەتەوەکەم لەرێگەی تۆوە دەکەم ئەی فەرهاد

هەموو لاوەکانم وەك تۆن هەموو ژنانمان پاش تۆ جگەرسووتاون

هەموو دەمارەکانی پیاوەکانم بەلێشاو دەرژێن بەڵکو هەر دەمارێك لە دەماری پیاوەکانمان بە خوێن و ئازار دەدەقێتەوە،

بەلاّم دەبێ پیاوەکانمان یا وەك تۆ بمرن یا هیچ، نەتەوەی مردوو بە پیاوی وا زیندوو دەبێتەوە، نەتەوەیێك کە هەست بە مردوویی بکات پێویستی بە کەسێك بوو پێی بڵێت: هەستە تۆ نەمردوویت، ئەوەش تۆ بووی، فەرهاد,

هەوڵم دا بە ئەندێشەم بزانم تۆ کێیت؟ ئایا دەشێ بچم بۆ یادی پیاوێك کە نایناسم، تۆ کێی، هەوڵم دا شێوەی روخسارت بێنمە پێشچاو، نەمتوانی، هەر کە دەمویست روخسارت ببینم گوێم لە هاوارەکانت دەبوو، کاتێ تۆ لەژێر قامچیدایت، کاتێ هەوڵم دەدا وێنەکەت بهێنمە پێشچاو، گوێم لە قرچەی کارەبا بوو کە بەناو لەشی ناسکتا دەچوو، کە هەوڵم دەدا گوێت لێبگرم بیرم لە هاوارەکانت دەکردەوە، لەوانەشە ئەمە خرابگوتن بێت بەرامبەرت کە دەڵێم تۆ هاوارت کردوە، چونکە ئەوانەی وەك تۆن نووزە و هاوار ناکەن، بەڵکو وەك شاخ لەرووی جەلادەکانیاندا دەوەستن، بەلاّم فەرهاد، مۆڵەتم بدەرێ کە بە تۆو شەهیدانی وەك تۆی ئەم نەتەوەیە بڵێم کە ئێمە هەموومان، من و ئێوە و هەموو رۆڵەی گەلەکەی تۆ فەرهاد، ئێمە هاوبەشین لە خوێنی تۆدا، هاوبەشین لە رشتنی خوێنەکەتا، چونکە سەردەمێکی دوورودرێژە خەوتووین، هەموومان هاوبەشی خوێنتین، هەمووومان تۆمان دابەدەستەوە، گشتمان تۆمان شکاندەوە، تۆ و هاورێکانت، کاتێك کە هەواڵمان نەپرسین و کاتێك کە پرسیارمان لە جەلادەکانتان نەکرد و داوای بەدادگادانیانمان نەکرد. ئاسانە کە بڕیارێك دەرچێت و زیندانی لە زیندان دەربکات، بەلاّم هەموو بڕیاری دونیا ناتوانێت ژیانی فەرهاد و ئەو بیست و چەند شەهیدانەمان بگێرێتەوە، مەگەر بڕیاری ئێوە نەبێت، ئەگەر بڕیاری ژیان بدەن و هەوڵ بدەن وەك زەوی سەخت بوەستن و داوای مافی خۆتان وەك مرۆڤێك بکەن.

کاتێ کە ئەفسەرێك دەڵێ بە سەرباز: تۆ کێیت؟

ئەو دەبوایە بیگوتایە : ئێمە سەگین.

تۆ کێیت؟ ئەو وتی : ئێمە مرۆڤین، هەر بۆیەش بە پۆستاڵە سەربازیەکەی لێیدا.

بڕیاری ئێوە دەتوانێت ژیانی ئەوانە بگێرێتەوە، ئەگەر ئێوە بڕیار بدەن کە ببن بە مرۆڤ ، فەرهاد، ئەی گەلی فەرهاد

من ئەزانم کە سەرکەوتنی خودا نزیکە، بەلاّم هیوادارم کە گشتمان نەمرین تاکو بیهێزترین پیاومان ببینین کە لەسەر گۆڕەکەی تۆ بوەستێت و بڵێت ئەوەتا ئێمە شەهیدەکانمان زیندوو کردنەوە و خۆشمان پێیان زیندوو بووینەوە، با دایکت بوارم بدات فەرهات کە بڵێم: ئەگەر مەلایکەی مردن پێم بڵێ: ئایا دەتەوێت کەسی دی بکەیت بەقوربانی فەرهاد، لەوانەیە نیوەی گەلەکەت ببێتە قوربانت چونکە جووڵەیێك ناکەن و دیارە ئەگەر مردووش بانگ بکەیت وەلاّمت ناداتەوە؟

من ئەمڕۆ دەڵێم کە مەبەستمانە ئەوانە زیندووبکەینەوە کە کوشتوتانن و ئەوە دروستبکەینەوە کە رووخاندووتانە و ئەوە راستبکەینەوە کە خستووتانە و فەرهاد و کەسانی وەك ئەو وەك تۆوێك حەوت بەریان دەبێت و لە هەر بەرێکدا سەد تۆوی دییان لێدەبێتەوە و خودا بۆ هەرکەسێك خۆی بخوازێت فرەدەکات، ژنانمان بە هەزارانی وەك فەرهادیان لێدەبێتەوە وسیعلم الذين ظلموا أي منقلب ينقلبون؟






Kurdistan National Congress

Tel: 0208 748 7874
Fax: 0208 741 6436
Mobile: 07768 266 005

e-mail:
wka@knc.org.uk
KNC@ribrahim.de
www.knc.org.uk
www.westernkurdistan.org.uk
www.rojavatv.org.uk
www.jemalnebez.com
www.jawadmella.com
www.jawadmella.org